german cooperation
DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

# ڕێبەری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی (MHPSS) لە هاریکاری گەشەپێداندا

## وەك چۆن لە بارودۆخی قەیراناوی سوریا و عێراقدا ئەزموون کراوە




BAfF Bundesweite Arbeitsgemeinschaft der psychosozialen Zentren für Flüchtlinge und Folteropfer
CHARITÉ UNIVERSITÄTSMEDIZIN BERLIN
giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH
HAUKARI e.V. Arbeitsgemeinschaft für Internationale Zusammenarbeit Association for International Cooperation
هاوکاری
Jiyan Foundation for Human Rights
medica mondiale
medico international
MISEREOR IHR HILFSWERK
SFU Sigmund Freud Privatuniversität Berlin
ZENTRUM ÜBERLEBEN Wege in eine menschenwürdige Zukunft

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی سەرپەرشتی ڕێکخراوای ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی خانزاد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی: د. پشتیوان فەرەج

پێداچوونەوەی د.لوقمان سیوەیلی

# ڕێبەری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی (MHPSS) لە هاریکاری گەشەپێداندا

## وەك چۆن لە بارودۆخی قەیراناوی سوریا و عێراقدا ئەزموون کراوە

BAfF Bundesweite Arbeitsgemeinschaft der psychosozialen Zentren für Flüchtlinge und Folteropfer
CHARITÉ UNIVERSITÄTSMEDIZIN BERLIN
giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH
HAUKARI e.V. هاوکاری
Jiyan Foundation for Human Rights
medica mondiale
medico international
MISEREOR IHR HILFSWERK
SFU Sigmund Freud Privatuniversität Berlin
ZENTRUM ÜBERLEBEN Wege in eine menschenwürdige Zukunft




## مێژوو و پێشینەی ئەم چوارچێوە ڕێبەرییە

ئەم ڕێبەرە لە ساڵی 2015 پێشنیارکراوە لەلایەن وەزارەتی فیدراڵی هاریکاری ئابووری و گەشەپێدانی ئەڵمانی (BMZ) و بەرهەم هێنراوە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی (GIZ) بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەڵمانی و دەروونناسە سەربەخۆکان کەلەبواری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی - کۆمەلآیەتیدا کاردەکەن لەگەڵ پەنابەر و ئاوارە ناوخۆکان لە ئەڵمانیا و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست. ئەم پێشنیارە بەهۆی ویستی وەزارەتی فیدراڵی هاریکاری ئابووری و گەشەپێدانی ئەڵمانیەوە بوو بۆڕێبەرایەتی کردن دیالۆگ بۆ بەرەوپێشبردنی پاڵپشتی دەروونی - کۆمەلآیەتی لەچوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا

.

ئەم ڕێبەرە داڕێژراوە لەسەر بنەمای ڕێبەرە نێودەوڵەتیەکان و وانە فێرکارییەکان، لەگەلأ دەوڵەمەندکردنی لەلایەن دامەزراوەی ئەڵمانی بۆ ناوەندەکانی دەروونی - کۆمەلآیەتی بۆ پەنابەران و قوربانیانی ئەشکەنجە،نەخۆشخانەی فێرکاری خێرخوازی لە بەرلین, هاوکاری, دامەزراوەی ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، مێدیکا مۆندیاڵ، مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ, میسەرور, زانکۆی سیگمۆند فرۆید لە بەرلین و زێنتروم ئوبەرلەبین. شەست و شەش ڕێکخراو و پەیمانگەی حکومی و ناحکومی کەلە سوریا و لوبنان و تورکیا و عێراق و ئوردن کاردەکەن راوبۆچونی خۆیان خستۆتە ڕوو دەربارەی ڕەشنوسی یەکەمی ئەم ڕێبەرە لە ماوەی نێوان تەموزی 2017 بۆ ئازاری 2018. هەروەها دەرئەنجامی هەموو ئەو وۆرکشۆپ و چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجام دراون لەم ماوەیەدا لەگەڵ 120 هاولآتیدا تایبەت بە پرینسیپ و بنەماکانی پاڵپشتی دەروونی - کۆمەلآیەتی لەچوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا تێکهەڵکێشی ئەم ڕێبەرە کراون.

بۆیە ئەم چوارچێوە ڕێبەرییە لەڕووی ناوەڕۆك و پێگەوە گوزارشت دەکات لە هەڵوێستی هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی وە ڕەنگدانەوەی ئەو گفتوگۆیانەیە کە ئێستا لە ئارادان لەنێوان دامەزراوەکان و پسپۆرەکان سەبارەت بە باشترین جۆری کاری دەروونی - کۆمەلآیەتی بۆ پەنابەران وئاوارە ناوخۆکان, هەروەها چ جۆرە مەترسیەك پێویستە بەهەند وەربگیرێت کەلە میانەی پێشکەشکردنی ئەم هاریکاریانەدا ڕوودەدەن. ئەم ڕێبەرە داڕێژراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەکەرتی پاڵپشتی دەروونی - کۆمەلآیەتی لەگەڵ پەنابەرء ئاوارە ناوخۆکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا کاردەکەن، ئەویش لە چوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا، هەروەها بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان

بۆیە ئەم چوارچێوە رێبەرییە لەرووی ناوەرۆك و پێگەوە گوزارشت دەكات لە هەڵوێستی هاریكاری گەشەپێدانی ئەڵمانی وە رەنگدانەوەی ئەو گفتوگۆیانەیە كە ئێستا لە ئارادان لەنێوان دامەزراوەكان و پسپۆرەكان سەبارەت بە باشترین جۆری كاری دەروونی ـ كۆمەلآیەتی بۆ پەنابەران وئاوارە ناوخۆكان, هەروەها چ جۆرە مەترسیەك پێویستە بەهەند وەربگیرێت كەلە میانەی پێشكەشكردنی ئەم هاریكاریانەدا روودەدەن. ئەم رێبەرە دارێژراوە بۆ ئەو كەسانەی كە لەكەرتی پاڵپشتی دەروونی ـ كۆمەلآیەتی لەگەڵ پەنابەرء ئاوارە ناوخۆكانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا كاردەكەن، ئەویش لە چوارچێوەی قەیرانەكانی سوریا و عێراقدا، هەروەها بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان و پەیمانگەكانی توێژینەوە. پێویستە ئەم رێبەرە وەك نوسراوێكی سەرەكی رێبەرایەتیكردن تەماشا بكرێت بۆ دارشتن و پلاندانان و جێبەجێكردنی و هەڵسەنگاندنی چالاكیەكان، هەروەها ئەم رێبەرە رێنومایی پێشكەش دەكات بۆ رێخراوە كۆمەكبەخشەكان، وەك بنەمایەكی بەهێز بۆ هەڵسەندگاندی دەستوەردانەكان و پرۆپۆزەڵی پرۆژەكان

بۆ پێشكەشكردنی پاڵپشتی دەروونی ـ كۆمەلآیەتی بۆ پەنابەران و ئاوارە ناوخۆكان و كۆمەڵگەی خانەخوێ. هەربۆیە ئەم رێبەرە پێكهاتوە لە ژمارەیەك پرنسیپی تایبەت كە دارێژراون بۆ پشتگیری كردنی گەشەپێدانی ئەو پێوەرانەی كە پێویستن بۆ سەقامگیركردن و هێوركردنەوەی كۆمەلآیەتی وە چارەسەركردنی ئەو كەسانەی كە ئەزموونی دەربەدەریی و توندوتیژییان كردووە، هەروەها پێشكەشكردنی هاریكاری گەشەپێدانی پێویست بۆ چارەسەركردنی زەبرە دەروونیە هەستیارەكان.
بەپێچەوانەی پێوەرە ستانداردەكان، كە مەترسی ئەوەیان هەیە ببنە هۆی سنورداركردنی داهێنان و گونجاندن وە فەرامۆشكردنی هۆكارە كەلتوری و جوگرافی و سیاسی و كۆمەلآیەتیەكان، ئەم رێبەرە وا دارێژراوە كە ببێتە دۆكۆمێنتێكی زیندوو كە هەمیشە پێویستی بەوە هەبێت بگونجێندرێت

لە گەڵ ناوەرۆكی دۆخی هەنووكەیی.چونكە بارودۆخە سیاسی و كۆمەلآیەتیەكان بەردەوام لە گۆراندان ، بۆیە ئەم رێبەرە پێویستی بەوە هەیە كە نوێبكرێتەوە و دەكرێت لە بنەماكانی لابدەین ئەگەر هاتوو بارودۆخ گۆراو پێویستی بەرەچاوكردنی بارودۆخەكەهەیە.

جگە لە پێشكەشكردنی رێبەرایەتی سەبارەت بە پێوەرەكان، ئەم رێبەرە وەها دارێژراوە كە هاریكار بێت لە پەیوەندیكردن بە هاوبەشە ناوخۆییەكان. هەرچەندە ئەم رێبەرە لە چوارچێوەی گوتار و پێویستیەكانی ئەڵمانیاوە سەرچاوەی گرتوە بەلآم دەكرێت كارەكتەرە نێودەوڵەتیەكانی تریش سوودی لێوەربگرن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان.

كاركردن لەسەر تەوەرە هەستیارەكانی پەیوەست بە زەبری دەروونی وە رێكخستنی چالاكیەكان كە تایبەتن بە هەستیاریەكانی زەبری دەرونی، بەو مانایە دێت كە دەبێت خۆمان بەدوور بگرین لە هەرشتێك كەلە میانەی جێبەجێكردندا خۆی لەخۆیدا ببێتە هۆی دروست بوونی زەبری دەروونی یاخود دووبارەبوونەوەی زەبری دەروونی. بەمانایەكی تر, واتە دەبێت خۆمان بەدوور بگرین لە هەرشتێك كە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵكە ئاوارە و دەربەدەرەكە هەست بەهەرەشە بكەن یان بكەونە بەر بەزەیی و رەحمەتی خەڵكانی تر، یان ببێتە هۆی ئەوەی هەست بە نائارامی و خەمۆكی قوڵ و بێدەسەلاتی بكەن، یاخود ببێتە هۆی لەدەست دانی متمانە و كۆنترۆڵی خود. هەر لەبەر ئەوەیە سروشتی ئەم كارە وەهایە كە دەبێت چوارچێوەیەكی وەها دروست بكرێت كە زۆرترین هەستی سەلامەتی دروست بكات، ببێتە هۆی دروست بونی پردی متمانە و چاوەروانی كاری باش، واتە بەهێزكردنی ئەو كەسانەی كە ئاوارە و دەربەدەر بوون بۆ ئەوەی خۆیان كۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بكەن و چارەنوسی خۆیان دەستنیشان بكەن لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەكانی كاركردندا. هەركەسێك كە یارمەتی پێشكەش بە پەنابەر و ئاوارەكان دەكات دەبێت تەواو شارەزای داینامیكی زەبرە دەرونیەكان بێت ( بۆ نمونە، دەبێت بزانن كە هەندێك هۆكار دەبنە هۆی دوبارە هەستكردن بە یادەوەریە ناخۆش و تاڵەكانی زەبری دەروونی). بۆیە دەبێت ئەو كەسانە لەو پێویستیە تێبگەن كە دەبێت ئەم چوارچێوەیە وەهابەشێوەیەكی پرۆفێشنالانە بەكاربێنن كە بگونجێت لەگەڵ ئەو كەسانەی كە دووچاری زەبری دەروونی هاتوون.

# لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| BMZ | وەزارەتی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابوری فیدراڵی ئەڵمانی |
| CFW | پارە بۆ مەبەستی کارکردن |
| DC | هاریکاری گەشەپێدان |
| GIZ | ڕێکخراوی ئەڵمانی بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی |
| IASC | کۆمیتەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان |
| ICD | پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی نەخۆشیەکان |
| IDP | ئاوارەی ناوخۆی وڵاتان |
| IFRC | فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی خاچی سوور و کۆمەڵگاکانی مانگی سوور |
| IS | بەناو دەوڵەتی ئیسلامی |
| LGBTI | هاورەگەزخوازی مێ، هاورەگەزخوازی نێر،جووت –رەگەزخواز، ناجۆری رەگەزی |
| MEAL | چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن، بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوە، فێربوون |
| MHPSS | پاڵپشتی دروستی دەروونی و پاڵپشتی و دەروونی ـ کۆمەڵآیەتی |
| PFA | فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی |
| PSS | پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵآیەتی |
| PTSD | شڵەژان و فشاری دوای زەبری دەروونی |
| UNHCR | کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران |
| WHO | ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی |

# ناوەڕۆك

1. كاریگەریە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكانی توندوتیژی و ئاوارەبوون چین؟.......... 7

2. چی جۆرە دوودڵییەك هەیە دەربارەی پێداویستیە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكانی قوربانیانی توندوتیژیە دروستكراوەكانی دەستی مرۆڤ؟.......... 9

3. ئایا پێداویستیە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆكان چین لە میانەی قەیرانەكانی سوریا و عێراقدا؟.......... 10

4. ئایا مەبەستمان چیە لە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی و كۆمەڵایەتی لەمیانەی جەنگ و ئاوارەبوون دا؟.......... 13

5. ئایا هاریكاری گەشەپێدانی ئەڵمانی دەبێت لەسەر بنەمای چ جۆرە تێگەیشتێك بۆ زەبری دەروونی دابمەزرێت؟.......... 16

6. ئایا چی فێربووین لە شێوازەكانی دروستی دەروونی و هاریكاركردنی دەروونی و كۆمەڵایەتی لە میانەی جەنگ و دەربەدەربوون و ئاوەرەبوونی زۆرەملێیدا، ئایا دەبێت لە چوارچێوەی قەیرانەكانی سوریا و عێراقدا هاریكاری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی و كۆمەڵایەتی بۆ پەنابەران و ئاوارەكان چۆن بێت؟.......... 21

7. ئایا شێوازی هاریكاری گەشەپێدانی ئەڵمانیا لە پراكتیكدا چۆنە؟.......... 25

8. ئەو هەنگاوانە چین كە دەبێت بگیرێنە بەر بۆ دڵنیابونەوە لە خۆشبەختی و سەلامەتی كارمەندانی بواری دروستی دەروونی و هاریكاری دەروونی و كۆمەڵایە تی؟.......... 30

9. ئایا ئەو پێوەرانەی كەلە ئارادان بۆ هاندانی دروستی دەروونی و هاریكاری دەروونی و كۆمەڵایەتی لە بواری هاریكاری گەشەپێداندا بەندە لەسەر چ جۆرە پرەنسیپێك و كام جۆرە خزمەتگوزاری ئاست بەرز دەگرێتە وە؟.......... 33

10. ئایا گرتنەبەری شێوازی پاڵپشتی دەروونی و كۆمەڵایەتی چ بەها و سودێكی هەیە بۆ هاریكاری گەشەپێدانی ئەڵمانی؟.......... 41

كۆتا وتە.......... 43
سەرچاوەكان.......... 44
سەرچاوەی زیاتری پێشنیاركراو بۆ خوێندنە وە.......... 49
پاشكۆ – پاشكۆی بەشی دەیەم.......... 50



## 1 .کاریگەرییە دەروونی ـ کۆمەألیەتییەکانی توندوتیژی و ئاوارەبوون چین.؟

ململانا سەربازییەکان کاریگەریەکی وێرانکاریان هەیە نەك تەنها لەسەر ژێرخان و ئاسایش و گەشەپێدانی ئابووریی، بەڵکو لەسەر لایەنی خۆشگوزەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی دەبن کاریگەری دروستدەکات. شکستهێنان لە ناساندن و مامەڵەکردن لەگەڵا ئازارە دەروونییەکان لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵدا کاریگەری وێرانکارانەی دەبێت لەسەر هەریەك هاوبەندی، ئابوری، بەرهەمهێنان، سەقامگیریی کۆمەڵگە (بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (1). هەڵبەتە پەیوەندی نێوان ململانێی توندوتیژی و نائارامی دەرونی ئاڵۆزە و زۆرجار پێشبینی نەکراوە(2).

ئاوارەبوونی زۆرەملێ لە میانەی ململانێی سەربازیی و توندوتیژی دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەزمونی لەدەستدانی بەئازار و بەسوێ. وەك لەدەستدانی خزمان و هاورێیان، لەدەستدانی هەستی ئینتمابوون، لە دەستدانی کۆنترۆڵ و سەربەخۆیی و دەست گەشتن بە سەرچاوەکان. پەنابەر و ئاوارەکان لەمیانەی جەنگ و دەربەدەربووندا زیاتر ناپارێزراو دەبن و زیاتر دەکەونە بەر توندوتیژیەکان چ لە ژینگەی ماڵەوە و خێزانی و چ لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها دوچاری هەژاری ونەمانی هیوا و ئاینده و نادڵنیایی دەربارەی ئایندەی خۆیان دەبنەوە.

ئەو خەڵکانەی لەناوچە قەیراناوییەکان هەڵدێن رووبەرووی ئەزموونی بەئازار و نەهامەتی دەبنەوە، نەك تەنها لە ناوچە قەیراناویەکان بەڵکو لە میانەی کاتی هەڵهاتنیشدا وە دواتریش لە کامپی ئاوارە و پەنابەرەکاندا وە لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێدا دەبنە قوربانی دەستی جیاکاریکردن یان ئەو کاتانەی کە سنورداشیان دەکەنەوە بۆ زێدی خۆیان. گەشتن بە وڵاتی خانەخوێ ئاڵنگاری تایبەت بەخۆی هەیە بۆ نمونە: لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا و نادڵنیایی دەربارەی پێگەی مانەوەیان وەك هاوڵاتیەك، نەزانینی زمانی ئەو وڵاتەی کە رووی تێدەکەن و ململانێ لەگەڵ دانیشتوانی ناوخۆیی و خانەخوێی ئەو وڵاتەدا، بونی فشاری چاوەروانیەکان لە وڵاتی رەسەنی نیشتەجێ بوون دەبێتە هۆی فشاری زیاتر. ئەزموونی ناخۆشی وەك ئەشکەنجە و پێشێلکاریەکانی تری مافەکانی مرۆڤ وادەکات ئیتر مرۆڤ تێروانینی دەربارەی جیهان و خۆیان بگۆرێت. ئەزموونکردنی رەتکردنەوە و ترس لە بێگانە (زینۆفۆبیا) وادەکات مرۆڤ بەردەوام هەست بەهەرەشە و ناسەقامگیری بکات، جگە لەمەش کێبرکێ کردن بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار وادەکات کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ بکەونە بەر مەترسی (3). هەبونی هەستی ئاوارەبوون و بێ دەرەتانی و لەشوێنی نیشتەجێبوون و زێدی خۆت وادەکات مرۆڤ نەتوانێت بە ئاسانی هەڵبکات و خۆی بگونجێنێت هەروەها وادەکات کە مرۆڤ ئەو هەستەی هەبێت کە هەمیشە ژیانیان لە قۆناغی راگوزەریدایە. راستە زۆرکەس هەیە حەزدەکەن بگەرێنەوە زێدی خۆیان دوابەدوای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان، بەڵام زۆرجار گەرانەوە مەحاڵە. تەنانەت ئەگەر ئەوان بتوانن بگەرێنەوە زێدی خۆیان هێشتا هەست بەوە دەکەن کە سەرلەنوأ دەستپێکردنەوە زۆر قورس و ئاڵۆز و بەئازارە ، ئەویش بەهۆی ئەو گۆرانە گەورەیەی کە بەسەر بارودۆخەکاندا هاتووە لە نموونەی وێرانبوونی ژێرخان و لەدەستدانی ئازیزان و ئەندامانی خێزان و دامەزراندنی هەرەمێکی نوێ ی دەسەڵات (4).

بەکورتی، ئەو ئەزموونەی کە بەسەر کەسێکی ئاوارەدا دێت دەتوانرێت وەك ئەزمونێکی سەختی بێدەسەڵاتیی پێناسە بکرێت ، کە زۆرجار هەستی تاوان و شەرمەزاربوونی بەدوادا دێت، جگە لەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی رقلێبونەوە و بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە.ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کەسی ئاوارەبوو بارودۆخ و هەلومەرجی ژیانی لێ قورستر دەبێت، زۆرجار تووشی خەم و خەفەت، دوودڵی، نائارامی، شڵەژانی دەروونی، بێهیوابوون، تەنیایی، نامۆبوون، کەنارکەوتن، با توانایی، بێدەسەڵاتی و توندوتیژتر دەبن، کە دواتر ئەم هەستانە رەفتاریان ئاراستە دەکات کاریگەری دروستدەکات(5)(6). کاریگەریەکانی دەربەدەربوون و ئاوارەبوون تەنها لەسەر خۆیان نییە: بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەشە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان هەیە بەیەکترەوە و کاریگەری لەسەر تۆرێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر کارلێککردنی خەڵك لەگەڵ یەکدی، وەك رەفتاری خۆبەدوورگرتن لەیەکتری و کشانەوە و پاشەکشێ کردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی داهێزران و ماندوو بوون(شەکەتی). لەوانەیە هاوسەران ئیتر متمانەیان بەیەکتر نەمێنێت و گەرم و گورنەبن پێکەوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دایکان و باوکان چیتر ناتوانن ئامێزی خۆشەویستی و گرنگی و بایەخپێدان و هەست وسۆزی گەرموگور و سەلامەتی بە منداڵەکانیان ببەخشن، ئازار چێشتنێك کە بەبا دەنگی دەمێنێتەوە لەنێوان ئەندامانی خێزان کە رەنگە پەل بهاوێت بۆ کەشێك لە بێدەنگی و ترسناکیی.

دەبن، کە دواتر ئەم هەستانە ڕەفتاریان ئاراستە دەکات کاریگەری دروستدەکات[5][6]. کاریگەریەکانی دەربەدەربوون و ئاوارەبوون تەنها لەسەر خۆیان نییە: بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەشە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان هەیە بەیەکترەوە و کاریگەری لەسەر لەهەمان کاتدا ئەزمونی توندوتیژ و دەربەدەربوون و ئاوارەبوون خۆی نمایش دەکات لە پێکهاتەی فراوانتری کۆمەڵگەکاندا. فشاری دەروونی تاکەکان و نەبوونی متمانە و پاشەکشێی کۆمەڵایەتی شیرازەی هاوبەندی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگە تێك دەدات، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی توندوتیژیی و سڕبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کۆمەڵگە و کۆمەڵەکان چیتر توانای ئەوەیان نیە کە ڕۆڵی سەرەکی سەقامگیری خۆیان بگێڕن، بەدڵنیاییەوە کاریگەریەکان لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی دەستەجەمعیدا پێکەوە گرێ دراون، زۆرجار دەبنە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی بێ کۆتای خراپەکاری کە بەشێوەی بەردەوام دەبێـتە هۆی ناسەقامگیرکردنی تاك و کۆمەڵ. لەبەر ئەمەیە کە پێویستە پێوەرەکانی بەهێزکردنی دروستی دەروونی و خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا و لەسەر کۆی ئاستەکان ساڕێژی برینەکان بکات. تۆڕێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر کارلێککردنی خەڵك لەگەڵ یەکدی، وەك ڕەفتاری خۆبەدوورگرتن لەیەکتری

و کشانەوە و پاشەکشێ کردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی داهێزران و ماندوو بوون(شەکەتی). لەوانەیە هاوسەران ئیتر متمانەیان بەیەکتر نەمێنێت و گەرم و گورنەبن پێکەوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دایکان و باوکان چیتر ناتوانن ئامێزی خۆشەویستی و گرنگی و بایەخپێدان و هەست وسۆزی گەرموگور و سەلامەتی بە منداڵەکانیان ببەخشن، ئازار چێشتنێك کە بەبا دەنگی دەمێنێتەوە لەنێوان ئەندامانی خێزان کە ڕەنگە پەل بهاوێت بۆ کەشێك لە بێدەنگی و ترسناکیی.

لەهەمان کاتدا ئەزمونی توندوتیژ و دەربەدەربوون و ئاوارەبوون خۆی نمایش دەکات لە پێکهاتەی فراوانتری کۆمەڵگەکاندا. فشاری دەروونی تاکەکان و نەبوونی متمانە و پاشەکشێی کۆمەڵایەتی شیرازەی هاوبەندی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگە تێك دەدات، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی توندوتیژیی و سڕبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کۆمەڵگە و کۆمەڵەکان چیتر توانای ئەوەیان نیە کە ڕۆڵی سەرەکی سەقامگیری خۆیان بگێڕن، بەدڵنیاییەوە کاریگەریەکان لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی دەستەجەمعیدا پێکەوە گرێ دراون، زۆرجار دەبنە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی بێ کۆتای خراپەکاری کە بەشێوەی بەردەوام دەبێـتە هۆی ناسەقامگیرکردنی تاك و کۆمەڵ. لەبەر ئەمەیە کە پێویستە پێوەرەکانی بەهێزکردنی دروستی دەروونی و خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا و لەسەر کۆی ئاستەکان ساڕێژی برینەکان بکات.
تواناکانی مانەوە، بەهێزی کەسایەتی و توانای بەرگەگرتن زۆرجار پێکەوە گەشەدەکەن و پێکەوە بەستراون بە نیشانەکانی دەرونی و هزری و نەخۆشیەکان ( بۆ نمونە وەك خەمۆکی و نائارامی دەروونی و شڵەژان و فشاری دوای زەبری دەرونی (PTSD). ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەی خەملاندووە کە ژمارەی حاڵەتە قورسەکانی نەخۆشی دەرونی دوو هێندە زیاد دەکات لە میانەی شەڕ و جەنگدا، هەروەها فۆرمە ئاساییەکانی نائارامی دەروونی لەناو دانیشتواندا لەڕێژەی ٪10 بۆ ٪20 –15 زیاد دەکات، زیادبوون و هەڵکشانی نائارامی دەروونی و کاریگەری لەسەر تواناکانی کۆمەڵگە دەبێت کە نەتوانێت وەك پێویست ڕۆڵ و کاریگەری خۆی ببینێت.

جگە لەو کاریگەریە نێگەتیڤانەی کەلەسەرەوە باسکران، پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە کاردانەوەکانی ئەو ئەزموونانەی کە توشی زەبری دەروونیمان دەکەن وە شێواز و چۆنیەتی بەرگەگرتنی خەڵکی لەگەڵ ئەو زەبرە دەرونیانە لەبارودۆخی ئێستای ژیانیاندا لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت. بەشێکی زۆری پەنابەران توانای ئەوەیان هەیە کە سەرچاوەی کەسێتی و تواناکانی خۆیان بەرەوپێش بەرن کە یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی توانای مانەوەیان هەبێت لەدوای ئەم بارودۆخە دژوارانەی کەبەسەریاندا دێت. لەم چەند ساڵەی دواییەدا، گوتاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پسپۆڕ زیاتر بەرەو ئەو ئاراستە دەڕوات کە واز لە چەمکی شڵەژان و فشاری دوای زبری دەرونی (PTSD) بهێنن، ئەویش لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بە ئاراستە و شێوازی پشت بەستن بەسەرچاوەکان کە زیاتر دەڕوانێتە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ فشاری دەروونی ئەویش بەبەردەوامی (خۆگونجاندن) و (خۆنەگونجاندن)ی کەسانی توش بوو بۆ وەڵامدانەوە بۆ ئاڵنگاریە جۆربەجۆرەکان و ئەو هۆکارانەی فشاری دەرونی دروست دەکەن، بۆ ئەوەی باشتر ڕەنگدانەوەی سەرچاوە و بەهێزی تایبەتمەندی ئەو کەسانە بێت کە کاریگەری لەسەریان دەبێت. بۆ نمونە، مۆدێلی خۆگونجێنەر (خۆگونجاندن = خۆگونجاندن و گەشەپێدان دوای چەوسانەوە و زەبری دەروونی) گرنگی دەدات بە توانای تاکەکان کاتێك دووچاری زەبری دەروونی دەبن تا چەند دەتوانن سەرکەوتوانە خۆیان بگونجێنن لەبوارەکانی سەلامەتی \ و ئاسایش \ و دروستکردنی پەیوەندی \ و تۆڕی پەیوەندیەکان \ و ڕۆڵ و ناسنامە \ و دۆزینەوەی ماناکانی بونگەرایی [7].

١-کە نێودەوڵەتی پۆلێن کردنی نەخۆشی (ئای سی دی) دەوڵەت: ‹ ئاسایی تایبەندمەندی ئەلقەی دەگرنەوە دووبارەیان کردەوەیەکە زەبر دووبارە دەژینەوە لە خۆ تێهەڵقورتان یاد (پاشڕوان)، خەون یان خەوی ناخۆش، ڕوو دەدەن دژیەکە زەمینەیێك هەستی » سڕی » پێرسیستینگ و بەسۆز کول دەکات، جیابوونەوە لێوە دیکە خەڵك، ی بۆ سوررۆوندینگس، ئانهێدۆنیا، و تەکینەوەی چالاکی و بارودۆخ یادەوەریەکە زەبر ‹ (٢٠). ئەو دەبێت بێت

## 2. چ جۆرە دووفاقیەك هەیە دەربارەی پێداویستیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی قوربانیانی  توندوتیژیی مرۆڤ کرد؟

رزگاربووانی توندوتیژییی وماڵوێرانی مرۆڤ کرد, زۆربەی جار وا لە ئەزموونی خۆیان دەڕوانن کە ستەم و نادادیەکی گەورەیان بەرامبەر کراوە، ئەوان پێویستیەکی زۆریان بەوە هەیە کە ئەو تاوانەی بەسەریاندا هاتووە لەبەرچاو بگیرێت و جگە لەمەش ئەوان خواست و پێداویستیەکی زۆریان هەیە بۆ هاوسۆزی و هاوغەمی دەربرین، لەوانەیە دەستنیشانکردنی نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی و خەمۆکی و شڵەژانی دوای زەبری دەروونی زۆرجار ببێتە هۆکارێك بۆ لەکەداربوونی کەسەکان و ئەمەش بەربەستی زیاتر دروست دەکات، چونکە ئەم کەسانە پێویستیان بەوەیە کە خەڵك دان بە ئازارەکانیاندا بنێت، لەبەر ئەوە زۆر لە دەستێوەردانەکان کە تەنها ئامانجیان دەستنیشانکردنی نیشانەکانی ئازار و نەخۆشیە لەوانەیە ببێتە هۆی کولانەوەی ئازار و برینەکان و دووبارە دروستکردنەوەی هەستی بێدەسەڵاتی لایان. بەڵام ئەگەر هاتوو وەك نمونەی نەخۆشی لێیان بڕوانین ئەوا دەکرێت ببێتە هۆکاری سووککردنی ئازارەکانی تاکەکان، ئەویش بەخستنە رووی ئەو راستیەی کە ئەوە دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە ئەگەر هاتوو تاکێك هەستی بەو نیشانانە کرد دوای ئەوەی بە ئەزموونێکی تاڵ و توندوتیژدا تێپەڕیبێت.

بۆ پێشکەشکردنی وەڵامدانەوەی پێویستی هەستیاری زەبری دەروونی و لەبەرامبەر ئەم جۆرە دووفاقەییانەدا زۆر گرنگە کە جەخت بکەینەوە کە کەسانی توش بوو توانای ئەوەیان هەبێت دیسانەوە کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بکەنەوە و توانای ئەوەیان هەبێت خۆیان بڕیار بدەن لەمیانەی پرۆسەی دەستوەردان و چاوپێکەوتن و لێکدانەوەکان، هەروەها زۆر گرنگە کە رێز لە سەربەخۆیی ئەوان بگرین وە رێز لەوە بگرین کە دەکرێت ئەوان توانای تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ چۆنیەتی هەڵکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەزمونەکانیاندا، هەروەها پشتگیری ئەوان بکەین بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی نوێیان هەبێت لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئەو کەسانەی توشی شڵەژان و فشاری دوای زەبری دەروونی بوون پێویستیەکی بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی هەستی سەلامەتی و ئاسایشیان هەبێت جگە لە پێداویستی ئەوەی کە سەربەخۆ بن. ئەمەش وادەکات کە توانای ئەوان چالاکانە بێت و خۆیان دەستپێشخەری بکەن، بەتایبەتی کاتێك ئەوان دەورەدراون بە بەهاو و نۆرمی کەلتووری و کۆمەڵایەتی نامۆ بەخۆیان، ئەمەش وادەکات ئەوان وایان پێ باش بێت کە بەرچاویان روونتر بێت و ڕێبەرێکی باشیان هەبێت [8].
یەکێکی تر لەو دووفاقەییانە کە هەن لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی مرۆڤ کرددا بابەتی بوون و نەبوونی متمانەیە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی جەنگ و شەڕی توندوتیژ کە مێژووی دەیان ساڵیان هەیە و زۆر ئاڵۆزن و بەخێرایی دەگۆڕێن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی دروستکردنی بەرەی جیاواز و پەیوەندی نێوان قوربانی و چەوسێنەر(جەلاد)ئەمەش وادەکات زۆر دژوار بێت کە بتوانین پەیوەندیەکی بەهێز و متمانە دروست بکەین تەنانەت ئەگەر هاتوو هەڕەشە دەرەکیەکانیش نەمابن، ئەو توندوتیژیەی کە خەڵکی ئەزموونی دەکات ڕەنگدانەوەی ململانێ ی سیاسی و مێژوویی و داینامیکی هەرێمایەتی بەهەند وەردەگیرێت لە میانەی پێشکەشکردنی کاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەسەر ئاستی زۆر بچووکدا(مایکرۆ). تێگەیشتنی وردی ئەو گروپانەی کە دەکرێنە ئامانج هەروەها تێگەشتن لە لایەنی نیشتمانی و هەرێمایەتی و سیاسی و تایفی و نەتەوەیی و تەنانەت لایەنی جێندەری جەنگ و ململانێکان زۆر پێویستە بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین لە پەیوەندی پرلەململانێ و نابەرامبەر کە دەبنە هۆی لەدەست دانی متمانە. ئەو تاکانەی کە دەناڵێن بەدەست ئاوارەیی و دەربەدەربیوون زۆریان پێخۆشە کە خەڵکی تر بتوانێت ژینگەیەکی وەها لەباریان بۆ برەخسێنن کە لەئاست چاوەڕوانیەکانی ئەواندا بێت و متمانە و پێزانینی بۆت هەبێت. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن زاڵبن بەسەر هەستی دوورکەوتنەوە لە زێدی باووباپیرانی خۆیان و دەربەدەربوون ، ئیتر ئەوان لەژێر بەزەیی خەڵکانی تردا نین هەروەها بۆ دروستکردنی تێڕوانینێکی نوێ و تازە. ئەگەر جەخت بکەینە سەر لایەنە بەهێزەکان و سەرچاوەکانی تاکەکان، ئەوا دەتوانین کارئاسانی بکەین بۆ ئەوەی ئەوان توانای هەڵکردن و خۆگونجاندیان زیاتر بێت، وە دووبارە بتوانن هەستی ئەوەیان بۆ دروستبێت کە خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخی ئێستای ژیانی خۆیان بکەن.

## 3. ئایا پێداویستیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی پەنابەران و ئاوارە کان چین لە میانەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا؟

شەری ناوخۆی درێژخایەن وماڵوێرانکەری سوریا و ململانێکان لە عێراق بووە هۆی گەورەترین شەپۆلی کۆچبەریی و ئاوارەبوون. لە ساڵی 2011 ەوە نزیکەی 12 ملیۆن هاوڵاتی سوریایی[9] و 4.3 ملیۆن هاوڵاتی عێراقی لە زێد و ماڵی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر بوون[10]، هەروەها نزیکەی 5.6 ملیۆن هاوڵاتی سوریایان بەجێ هێشتوە و بوون بە پەنابەر و رویان لەوڵاتانی دراوسێ کردووە کەلەناویاندا 1.9 ملیۆنیان منداڵن و زیاتر لە 6.1 ملیۆن هاوڵاتی سوریایی و نزیکەی 3 ملیۆن هاوڵاتی عێراقی ئێستا ئاوارەی ناوخۆن[11][12]. هەموو ئەم ژمارەیە لە هاوڵاتیان پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە،شایەنی باسە عێراق دووجار دووچاری ئەم قەیرانە بۆتەوە لەلایەکەوە پێویستە دالدەی پەنابەرە سوریەکان بدات و لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئەو 46,000 هەزار هاوڵاتیە بگرێتە خۆ کەلە سوریا بۆ عێراق دەگەرێنەوە. لەلایەکەی ترەوە ژێرخانی ناوخۆ لاواز بووە پێش قەیرانەکانی سوریا و عێراق و ئەمەش فشارێکی زۆر دەخاتە سەر کۆمەڵگەی خانەخوێ بەومانایەی کە بەتەواوی توانای ئەوەی نیە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران بکەن.هەروەها لە وڵاتانی دراوسێی وەك توركیا و لوبنان و ئوردن بەهۆی جێکردنەوەی ئەو پەنابەرانەی کەلە جەنگی عێراق و سوریاوە هەڵهاتوون بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر سیاسەتی ناوخۆ و ئابووری و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە بەگشتی.

بەرێوەبردنی ئاوارە و پەنابەران لە چوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا تەنها لەلایەن سیاسەت و بارودۆخی ئێستای کۆمەڵایەتیەوە رەنگرێژ ناکرێت لەو دوو کۆمەڵگە و وڵاتە خانەخوێیەدا بەڵکو رەنگدانەوەی دەیان ساڵی ئاڵۆزیی و مێژوویی هاوبەشە لە ئەزموونی توندوتیژیی و چەندین شەر و جەنگ و ململانێ لە نێوان ئەو گروپانەی کە ئینتیمای سیاسی و تایفی و ئاینی جیاوازیان هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. مێژووی ململانێکانی سوریا و عێراق زۆر ئاڵۆز و فرە رەهەندە بەهۆی سروشتی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیاندا. لە کاتێکدا شەری سوریا لەسەرەتای ساڵی 2011 دا دەستی پێکرد – دوابەدوای بەهاری عەرەبی – و دواتر ئەم شەرە قوڵتر بوویەوە زۆر بەخێرایی. عێراقیش رووبەرووی چەندین جەنگی یەك لەدوای یەك بویەوە بەهۆی چەوسانەوە و زوڵم لێکردن لە گروپە جیاوازەکانی خەڵکی عێراق هەروەها بەهۆی جیاوازی ئینتیمایان بۆ سیاسەت و بیروباوەرو ناوچەگەریی و نەژادی جیاوازەوە لە سی ساڵی رابردوودا دانشتووان چەوساونەتەوە.

کۆمەڵگەی سوریا لەپێش دەستپێکردنی شەرو قەیرانەکان کۆمەڵگەیەکی هەمەرەنگ بووە لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تایفی و نەتەوەیی و ئاینیەوە، لەگەڵ هۆکارگەلێکی تری دیموگرافی وەك تەمەن و جێندەر، ئەم جۆروجۆریی و هەمەرەنگییە لە ئێستادا رەنگدانەوەی خۆی هەیە لەنێو پەنابەرە سوریەکاندا. ئەم تایبەتمەندیە جۆراوجۆرانە کاریگەریان دەبێت لەسەر هەست و سۆز و ئینتیما و لایەنگیریکردن لەناو کۆمەڵگەی پەنابەراندا هەروەها کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر پێداویستیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی ئەوان,ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی خۆگونجاندن و رەفتار و جۆری داواکاریەکانی ئەوان. دیارە لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەت لایەنگیریکردن بۆ خێڵ و ئایین بەهێزتر دەبێت[13]. کۆمەڵگە خانەخوێکانیش توانای لەخۆگرتن و ئاوێزانکردنی ئەو هەموو ژمارە منداڵە ئاوارەیان نیە لەقوتابخانەکانی خۆیاندا ناتوانن جێگەیان بکەنەوە وە ئەم منداڵانە پێشوتر لە سوریا لە قوتابخانە بوون لەپێش هەڵگیرساندنی شەری سوریادا. یان لەخۆگرتن و گونجاندنی ئەو منداڵانەی کەلەمیانەی جەنگی سوریادا لەدایك بوون و خێزانەکانیان بەشێك بوون لە شەری سووریا وە ئێستا ئەم منداڵانە لە تەمەنی چوونە قوتابخانەدان. ئەمەش کاریگەریەکی خراپ و نەخوازراوی دەبێت لەسەر

ئەو منداڵانە و چیتر هەستێکی ئاساییان نابێت و دڵنیا نابنەوە لە ئایندەی خۆیان. بەگشتی، ئەو بارودۆخەی کە پەنابەرانی تیادا دەژی بەرادەیەکی زۆر بەندە لەسەر خواست و ئیرادە و توانای کۆمەڵگە و وڵاتانی خانەخوێ بۆ ئەوەی ئەوان لەخۆیان بگرن و ئاوێزانیان بکەن. ئەم خواست و ئیرادە و توانایەش زیاتر بەهێزترە لەو وڵاتانەی کە پاشخانی کەلتوری و کۆمەڵایەتیان لەیەکترەوە نزیکە پێش دەست پێکردنی قەیرانەکان [13].

زۆربەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە داوای مافی پەنابەری دەکەن لەناوچە شارنشینەکاندا دەژین نزیکەی ٪88 یان لە تورکیا و ٪80 یان لە ئوردن و ٪100 یان لە لوبنانن، لەم شوێنانەدا کامپی فەرمی پەنابەرانی تیا نیە بۆ پەنابەرە سوریەکان [14]. پشتیوانیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان کە ئەوان پێویستیانە جیاوازە لەوەی کە پەنابەران لەناو کامپەکاندا پێویستیان پێیەتی. ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کەلە شوێنی مانەوەی زۆر قەرەباڵغدا دەمێننەوە بەبەردەوامی لە زیادبوون و هەڵکشاندایە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دانیشتوانی پەنابەران کەمتر پارێزراو بن [15].

زۆربەی پەنابەرانی عێراق و ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ناوخۆکان ماوەیەکی درێژە بە ئەزموونی چەوسانەوەی سیستەماتیکیدا تێپەڕیون. هەندێك لە گروپەکانی دانیشتوانی عێراق چەوساونەتەوە و تیرۆر و ئەشکەنجە دراون و کوژراون بەهۆی هاوسۆزی و لایەنگیریان بۆ سیاسەت یان بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان، شەڕی ئێران و عێراق لەساڵانی هەشتاکاندا و شەڕی کەنداو لەساڵانی نەوەدەکاندا بوو بەهۆی کوشتنی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵك. ڕووخانی دەسەڵاتی صەدام حسێن عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی 2003 دا و هەڵوەشانەوەی سوپای عێراقی و دارمانی دامەزراوە کانی عێراق بوو بەهۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری میلیشیای حکومی و ناحکومی لەدوای ساڵی2005 ەوە ئەمانە هەموویان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بەرپابوونی توندوتیژی لەزۆربەی

ناوچەکانی عێراق زیاتر بونەتە هۆکاری تیرۆرکردن و کوشتوبڕێکی زۆر و لاقەکردن و بەکۆیلەکردن و لەبرسامردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عێراق. هەموو ئەم بارودۆخانە بوون بەهۆی شەپۆلێکی تری بەرفراوانی دەربەدەربوون و ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری دانیشتوان و کۆمەڵگەی عێراقی – بەتایبەتی لە هەرێمی باکوری عێراق و وڵاتانی تریش. مێژووی دورودرێژ و ئاڵۆزی توندوتیژیەکانی عێراق کۆمەڵگەی عێراق پەرتەوازە کرد. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ تێگەشتن لەو بێمتمانەییەی کە هەیە لە نێوان گروپە جیاوازەکانی ئاوارە ناوخۆکانی عێراق لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە نێوان ئاوارەناوخۆکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ. تەنها ژمارەیەکی کەمی پەنابەرانی عێراقی لەناو کامپەکاندا دەژین، زۆربەیان لە شارە جیاوازەکانی هەرێمەکەدا لە شوێنی مانەوەی کاتی دەمێننەوە.
زۆر لە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆکان شاهێدی چەندین ڕووداوی نەخوازراوی وەك کوشتنی بەکۆمەڵ و تیرۆرکردن و لەناوبردن و بۆمبارانکردن بوون بەتایبەتی کاتێك دەوڵەتی بەناو ئیسلامی پێگەی خۆی بەهێزکرد لە سوریا و عێراقدا. ئەم خەڵکانە بەبەردەوامی بەرگەی ئاوارەبوونیان گرتووە و دووچاری ڕفاندن و دەستگیریکردن و ڕەشبگیری و ئەشکەنجە و لاقەکردن بوونەتەوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵك خزم و هاورێ و ئازیزانیان لەدەست داوە زۆربەی ئەم کەسانە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر و نادڵنیا لە ئایندە و چارەنوسی خۆیان دەژین. دارمانی دامەزراوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و بارودۆخی مەترسیداری ژیان و نەبوونی ئومێد و هیوا لە ناو کامپەکان و شێڵتەرەکانی فریاکەوتنی خێرادا دەبێتە هۆکاری دوبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی بەتایبەتی لەدژی ژنان و منالان. دیاردەکانی وەك بەزۆربەشودان و بەشودانی منالان و دەستدرێژی سێکسی و بەزۆرلەشفرۆشی بەربلاون. لەم بارودۆخەی ئێستای ئاوارەبووندا ئەگەرەکانی توندوتیژی و پێکدادان زیاد دەکات لە نێوان پێکهاتە جێندەریە جیاوازیەکان و کۆدە یاساییەکان لەنێوان پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێ. لەئێستادا ئاوارەناوخۆکان وەك ئەوە وایە گەمارۆیان خرابێتە سەر و دووچاری پەلاماردان دەبنەوە لە نەخۆشخانەکاندا و ئەمەش وادەکات کە هاوکاری خۆراك و دەرمانیان بەشێوەیەکی زەحمەت بەدەست بگات. هەروەها هەژاری و نەبوونی دەرفەتی کار هۆکارگەلێکی سەرەکین کە فشاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

گروپە شکستبارەکانی کۆمەڵگە بەردەوام خۆیان پێناسە دەکەنەوە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ بەردەوامی گۆرانی بارودۆخەکان و چوارچێوە ئابوریەکان، لەبەر ئەوە بۆ پۆلێنکردنی گروپە شکستبارەکان پێویستمان بەشیکردنەوەیەکە جەخت بکاتەوە لە بارودۆخەکان. هەروەها سەبارەت بە نمونەی گروپە شکستبارەکانی وەك ژنان و منالان ، یان ئەوانەی بەتەمەن و بەسالاچوون، ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەوانەی توانای فێربوونیان نزمە و ئەوانەش کە باری دەرونیان ناجێگیرە و شلەژانی دەروونیان هەیە ئەو کەسانەی مەترسی خۆکوشتنیان لەسەرە و بێسەرپەرشتان و رزگاربوانی نێر و مێ ی توندوتیژی سێکسی و گروپە پەراوێزخراوەکانی تری کۆمەڵگە، وەك هاورەگەزخوازی مێ و هاورەگەزخوازی نێر و جووت ڕەگەزخوازەکان و جێندەرگۆر و جووت ڕەگەزەکان (LGBTI) [13].

هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست دەربارەی کاریگەریە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان تایبەت بە تێپەربوون بە ئەزموونێکی توندوتیژ – کە هەندێك لەو ئەزموونانە دەیان ساڵ دەخایەنێت – زۆر قورسە چ لەرووی میتۆد و چ لەرووی ئیتیکیەوە توێژینەوەی کلینیکی و دەستنیشانکردنی جۆرێکی تایبەتی ناسەقامگیری باری دەروونی لە ناو پەنابەراندا لەرووی کەلتوری و سیاقەوە زۆر جار نەگونجاوە. تا ئێستا هەوڵێکی وەها نەدراوە بۆ پێوەرکردنی چالاکیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان کە بەئاسانی دەستنیشان بکرێن ئەویش بەهۆی نەبوونی کەرەستەی گونجاوی هەڵسەنگاندنەوە. هەڵبەتەلە میانەی ئاوارەبوون و دەربەدەربووندا ئەمەش قورستر و ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی بەردەوامی جێگۆرکێ ی خەڵکەکە و ئەمەش وادەکات شیکردنەوەی دوورمەودا قورستر بێت.

تەنانەت لەناو ئەدەبیاتی کلینیکی و پزیشکی و دەرونناسیدا بەزەحمەت ژمارە و داتای متمانە پێکراومان دەست دەکەوێت دەربارەی رێژەی باوی دیاردەکان. زۆرێك لە ئەنجامی توێژینەوەکان تەنها دەتوانن زانیاری رێژەیی نیشان بدەن. نمونەی رووپێوێکی هەرەمەکی لەناو پەنابەران لە تورکیا و لوبناندا ئاستێکی بەرزی فشاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دەستیشانکراوە کە بەدوایدا شڵەژاویی و خەمۆکی دیاریکراوە بەرێژی ٪42 ی ئەوانەی کە بەشداری ئەم رووپێوەیان کردوە (16). نوسەرانی ئەو توێژینەوە توانیان نیشانەکانی شڵەژانی دوای زەبری دەروونی لەناو یەك لەسەر سێ ی پەنابەرانی سوریا لە تورکیا دەستنیشان بکەن، ئەم رێژەیە بەرزتر بوو لە نێوان ژنان و ئەوکەسانەی چەندین جار دووچاری رووداوەکانی زەبری دەروونی بوون (17) . بەپێ ی ئاماری رێکخراوی کۆمیسۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) رێژەی ٪8.5 پەنابەرانی ناو (کامپی زاتەری) بۆ پەنابەران لە ئوردن کە چارەسەری شڵەژانی باری دەروونی ـ کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە نیشانەکانی شڵەژانی زەبری دەروونیان پێوە دیار بووە (18). لە توێژینەوەیەکی رێکخراوی ئینتەرناشناڵ مێدیکاڵ کۆرپ لە ساڵی 2015 دا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە یەك لەسەر سێ ی ئەوانەی بەشداری توێژینەوەکەیان کردووە بەبەردەوامی نیشانەکانی شڵەژان و ناجێگیری باری دەروونیان پێوە دیار بووە (6) . بەتایبەتی ئاستێکی بەرزی زەبری دەروونی تۆمارکراوە لەناو منداڵانی پەنابەرە سوریەکان لە تورکیا بەرێژەی ٪45 (19).

لە ئایندەدا بۆ هەڵسەنگاندنی شڵەژانی دەروونی و گرفتە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستییەکانی پەنابەران و ئاوارەناوخۆکان، پێویست بەوە دەکات کە میتۆدی توێژینەوە و هەڵسەنگاندن بگونجێن لەگەڵ ناوەرۆکی کارکردن لەسەر ئاوارە و پەنابەران، هەروەها پێویستە بەبەردەوامی گفتوگۆ بکرێت لەسەر بەدیلی تر بۆ پێوەرکردنی کاریگەریەکان وە چەمکە سەرەکیەکانی وەك تەندروستی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێنەوە لەگەڵ دیاریکردنی گرنگی و بەهای چەمکە جیاوازەکانی تەندروستی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی.

## 4. مەبەست چییە لە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەمیانەی ململانا و ئاوارەبووندا؟

چەمکی "MHPSS" گوزارشت دەکات لە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی, ئەم چەمکە لە گوتاری نێودەوڵەتیدا جیگەی خۆی گرتووە. ئەمە گوزارشت کردنە لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی فراوان لە کاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتیدا. ئەم چەمکە ئەو ناوەرۆکە پێکدەهێنێت کە ڕێبەری کۆمیتەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان (IASC)ی لەسەر بونیاتنراوە [32]. دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی پێناسەی هەموو ئەو پێوەرانە دەکات کە داڕێژراون بۆ مانەوە و بەهێزکردنی دروستی و خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتدا، چەندین جۆری پشتگیری دابینکراوە کە پێکەوە پەیوەستن بۆ وەڵامدانەوەی گونجاوی چەندین کێشەی بەرفراوان و پێداویستی تر.

خۆشگوزەرانی دەروونی خەڵکان و توانای ئەرکی سۆزداریی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی، هزری، ڕەفتاریەوە بەبێ ئەوەی تەنها پشت بە شێوازی چارەسەری پزیشکی ببەستێت. پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاربوانی دەستی توندوتیژیی و ئاوارەیی زۆرەملێی ئامانجی ئەوەیە کە ژینگەیەکی سەلامەت دروست بکات کە تیایدا خەڵك توانای باشتری هەیە بۆ تێگەشتن لەو ڕوداوانەی کە دەبنە مایەی هەڕەشە لەسەر خودرێزیی بەجۆرێك توانایەکی باشیان دەبێت بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنییەکانی فشاری دەروونی یان ئەو ڕوداوانەی ڕۆژانەی ژیانیان کە ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە هۆی دروست بوونی زەبری دەروونی. ئەمەش پێداویستیەکانی ئەو خەڵکە دابین دەکات کە ژیانیان پڕە لە مێژوویەکی تاڵ و فشاری دەروونی، وە چارەسەرکردنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ ئەو کێشانەی کە بەدەستیەوە دەناڵن.

ڕێگەچارەی پشتبەستوو بە (MHPSS) خواستی ئەوەی هەیە کە برەو بە خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی خەڵك بدات و بەرەوپێشی ببات. ئەمەش ڕێگری دەکات وە ڕووبەڕووی ناجێگیری باری دەروونی خەڵکەکان دەبێتەوە. پێشکەشکردنی پاڵپشتی گونجاو و دروست بەندە لەسەر پێداویستیەکان و ئاستی دەستێوەردانی تەواوکاریانە دەگرێتە خۆ [20]. ئەو ڕێگەچارەیەی دەگیرێتە بەر لە بواری دەستێوەردانە چارەسەریەکانی دەروونیدا بەندە لەسەر چەمکەکانی مرۆڤ و ئەمەش جیاوازە بەپێی قوتابخانە فیکری و چارەسەریە جیاوازەکان. ئەم چەمکانە جۆری میتۆد و هەنگاوە چارەسەریەکان دیاری دەکات کە پێویستە بۆ هەر کەیسێك سوودی لێوەر بگیرێت. چارەسەری دەروونیانە بۆ خەڵك کە بە چەندین ئەزموونی زەبری دەروونیدا ڕۆشتووە جەخت دەکاتە سەر لایەنە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان وە چارەسەری گرێ ی نەخۆشەکان دەکات بە ڕێکخستنی هەست و بیرکردنەوەی نەگونجاو و نائاسایی. یان لەڕێگەی بونیاتنان و بەهێزکردنی پەیوەندیە بونیاتنەریەکانی نێوان تاکەکان. چارەسەرکردن هەمیشە تەرکیز دەخاتە سەر ناجێگیری (کەموکوری) لەخودی خۆیدا وە چۆنیەتی مامەڵەکردن و دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵیدا. هەروەها جەختیش دەکاتە سەر کەمکردنەوە و سووککردنی ئازارەکان. پێویستە چارەسەری دەروونی تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام بدرێت کە پسپۆری ڕاهێنراو و بەئەزموونن. پێویستە کارەکانی ئەوان بەسازان بێت لەگەڵ ڕێبەرایەتی و بیرکردنەوەی قوڵ. دەستوەردانی دەروونی وەك چارەسەری پزیشکیانەی ناجێگیری دەروونی و هزری بەشێکی بریتیە لە چارەسەر بە دەرمان بۆیە دەبێت تەنها لەلایەن پزیشکەوە یان پسپۆری تەندروستی پرۆفێشناڵەوە بێت. بۆ کارکردن لەگەڵ پەنابەر و ئاوارەکان تا دێت دەروونناس و پسپۆری دەروونی زیاتر گرنگی بە لایەنە دەروونیەکان دەدەن لە میانەی دەستوەردانە دەروونیەکانی ئەوان ئەویش بۆ بەهەندوەرگرتنی سروشتی فرە ڕەهەندیانەی کێشەی نەخۆشەکانیان و زیاتر بایەخدان پێیان.

پێوەر و تایبەتمەندیە دیارەکانی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە ئەم ڕێگەچارانەی خوارەوە دەبینن وەك کلیلی هاندانی خۆشگوزەرانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆکان:

. هاندانی سەقامگیری و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی ئەویش سەرەتا لەڕێگەی تێرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان وەك دابینکردنی شوێن و سەلامەتی و ئاسایش و بەشی پێویست لە ئاو و خۆراك.
• بەهێزکردنی چالاکانە و دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندیە تاکەکەسیە بونیاتنەرەکان کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاریکاری هەمەلایەنانە و ناسینی یەکتر لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە.
• چوارچێوەیەکی وەها دروست بکەیت کە تاك یان گروپ خۆیان بەتەنگ خۆیانەوە بێن و ڕۆڵی ئەرێنی و پۆزەتیف ببینن لە ژینگەی کۆمەڵایەتیاندا وە بەجۆرێك لەخۆیان و ئەوانی تر بڕوانن کە لە پێداویستی و بەهێزی و لاوازیەکانی یەکتر تێبگەن.
. کۆکردنەوەی سەرچاوە کۆمەڵایەتی و کەسایەتیەکانی تاکەکان بۆ ئەوەی یارمەتی خۆیان بدەن لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەیان وە ئەوەی بەسەریاندا دێت وەك ئەزموونێکی خۆیان لە جیهاندا تەماشای بکەن.
• گەڕانەوەی شکۆ و دادپەروەری و کۆنترۆڵ و سەربەخۆیی.
. پشتگیرکردنی دروستکردنی ئامانج و پلانی نوێ بۆ ژیان بۆ ئەوەی مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت ژیانی خۆی بژی بەشێوەیەکی مانادارتر و خۆشتر وە هارمۆنیەت و گونجان هەبێت لەگەڵ بەهاکانی خۆیاندا (وە ئەو بەها هاوبەشانەی کەلەگەڵ گروپە کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا هەیانە).

ئەم چالاکیانە بۆ پشتگیریکردن بەگشتی ئاسانن کە دەستمان پێیان بگات وە زۆرجار بەندە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئامانجیان ئەوەیە بگەن بە زۆرترین کەس. ئەم چالاکیانەش پێشکەش دەکرێن لەبواری تەندروستی، پەروەردە، و کاری کۆمەڵایەتیدا یان لەناو کەرتەکانی تری ژیاندا تێهەڵکێش دەکرێن وەك یەك پێکهاتەی یەکگرتوو – بۆ نموونە بۆ دروستکردنی داهات بۆ تاکەکان و هاندانی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بونیاتنانی تواناکان. ئەگەر کەسێك نەیتوانی بەرگەی کێشەکانی بگرێت لە سەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەیدا سەرەڕای ئەوەی کە دەستی دەگەشت بە ئەم خزمەتگوزاریانە و پێکهاتە هاریکاریەکانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی ئەوا ئیتر پسپۆرەکان دەتوانن گفتوگۆ بکەن لەگەڵ پسپۆری نەخۆشی و شڵەژانی دەروونی. وەك هەموو نەخۆشیە دەروونی و جەستەییە بەسوێکان, ئەم ناجێگیریانەی باری دەروون باسکراون لە سیستەمی پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی وەهەروەها تیشکی خراوەتە سەر لە پێوەرەکانی دەرونناسی و چارەسەری دەروونی [20][21].

خزمەتگوزاریەکانی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی زۆر بەی جار لەلایەن کارمەندی کۆمەڵایەتیەوە ئەنجام دەدرێت[1], یان مامۆستایان و ڕێبەرە ڕۆحیەکان یان کارمەندی ڕێکخراوە ناحکومیەکان. پێویستە ئەم کارمەندانە کەسایەتی بەتوانابن و بەهرە و توانای تەکنیکیان هەبێت, هەرچەندە ئەمانە جیاوازن لە ڕاهێنانی چارەسەری دەروونی بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبنە بنەمایەکی باش بۆ دانانی کاریگەری باش لەسەر کارلێکە وێرانکەرە کۆمەڵایەتیەکان وە پشتگیریکردنی خەڵك بۆ ئەوەی تێڕوانینی نوێ ی بونیاتنەرانەیان هەبێت چ دەربارەی خۆیان چ دەربارەی جیهان. دەکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت لەڕێگەی دەستێوەردان کە پەیوەندی هەیە بە هێورکردنەوە و سەقامگیرکردن و بەهێزکردن و دروستکردنی ژینگەی سەلامەت کە تیایدا مرۆڤ بتوانێت پەرە بەپەیوەندیەکانی بدات بەشێوەیەکی بونیاتنەرانە و کاربکەن بۆ ئەزموونی تایبەتی خۆیان.

هەروەها شارەزایی و لێهاتوویی تەکنیکی و بەهێزی کەسایەتی (وەك بونی زانیاری قوڵ دەربارەی تیۆرە دەرونناسیەکان و نمونەکانی، کاریگەریە دەروونی ـ کۆمەڵآیەتیەکانی ململانا و دەربەدەرکردنی زۆرەملێیی، کێشەی یاسایی، دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی کێشەکان، شێوازەکانی دەستێوەردان، بە ئەرشیفکردن و هەڵسەندگاندن)، سەرەڕای ئەمەش تێگەشتنێکی باشی دۆخە سیاسی و کەلتوریەکان، ئەو کەسانەی هاریکاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن پێویستە کەسایەتی زۆر بەهێز و بەتوانایان هەبێت و ئەمەش دروست دەبێت لەڕێگەی ڕێبەرایەتی کردنی خود و بیرکردنەوە لە خۆمان و شێوازەکانی مومارەسەکردن و پێدانی ڕاوێژکاری، بەها و کەسایەتی ( بۆ نمونە وەك ڕابەرایەتیکردن). کەرەستە سەرەکیەکانی ڕاهێنان لەتواناکانی تەندروستی دەروونی و

پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بەندە لەسەر بنەمای ئەزموونکردن و تێرامان لە خود بۆ تێگەشتن لە سروشت و مەبەست و ماهیەتی خۆمان. توانا و شارەزاییە سەرەکیەکانیش بریتین لە:

- توانای تێرامان لە خۆمان وە ئامادەیی ئەوەی کە پرسیار لە ڕەفتارەکانی خۆمان بکەین، پەیوەندیەکانمان بەدەسەڵاتەوە، وە شێوازەکانی بیرکردنەوە.
- بەزەیی و میهرەبانی و توانای دروستکردنی پەیوەندی
- تێڕوانینێکی هەستیارانە و کراوە وە توانای گۆڕینی گۆشەنیگا و بیرکردنەوەکان
- تێڕوانینێکی یەکسانیانە و پشتیوانانە و زوو حوکم نەدان و پشت بەستوو بەسەرچاوەکان بەجۆرێك نەخۆش و سوودمەندبووان بەتوانا و بەهێز بکەین.
- بێلایەنی، لایەنگیری نەکردن و توانای پاراستنی نهێنیەکان
- توانای ئەوەت هەبێت کە بەشێوەیەکی بەڕێزانە و هەستیارانە پەیوەندی بکەیت و کاربکەیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان
- ویست و توانات هەبێت بۆ ئەوەی باش ئاگاداری کەسێك بیت
- توانای ئەوەت هەبێت سەرچاوەکان کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا بەردەستن زیاتر و بەهێزتر و بەپێزتر بکەیت
- شێوازی کارکردن و مامەڵەیەکی شەفافانە بەرامبەر نەخۆش و سوودمەندبووانی خزمەتگوزاریەکان

لە مومارەسە و مەشقی کاردا، کەمی ڕوونی و تێگەشتن لە چەمکەکانی تایبەت بە (MHPSS) دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کە لەهەندێك حاڵەتدا تێبینی کراوە دەبێتە هۆی ئاڵنگاری و بەربەست بۆ ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن. جگە لەو ڕاستیەی کە زیادبوونی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان کەلەبەردەستدان وادەکات کە بواری چالاکیەکان و ئەوکەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن زۆرتر ئاڵۆز بن. هەروەها، هەندێك لە ڕێکخراوەکان لە مەیدانەکەدا کاردەکەن سەرەڕای نەبوونی ژمارەی پێویستی کارمەندی ڕاهێنراو. هەرچەندە پرۆژەکانی ئەوان کاریگەریەکی ئەوتۆی دەرونی ـ کۆمەڵایەتیان نیە,دابەشبوون و کەمی تێگەشتن و ناڕوونی لە چەمك و زاراوەکان لەم کەرتەدا وای کردوە کە هێشتا کارەکانی ئەوان هەر وەك دروستی دەرونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی

(MHPSS) لەقەڵەم بدرێن. لەهەمان کاتدا، هەندێك لە بکەرەکانی بواری تەندروستی دەرونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی بڕیاری بەئاگایانەیان داوە کە چەمکی MHPSS بەفەرمی بەکار نەهێنن بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن کە سودمەنبوانی ئەم کەرتە لەکەدار نەبن, هەروەها وابکەن خەڵك ئاسانتر بتوانێت سوود لە خزمەتگوزاریەکانی کەرتی دەرونی وەربگرن. ئەم دوو ڕەوتە وادەکەن کە کەرتی MHPSS زۆرتر ئاڵۆز بێت، ئەمەش وادەکات ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردن قورستر بێت سەبارەت بە چەمکی MHPSS .

2 – چونکە ڕاهێنانی پرۆفیێشنالانەی یەکگرتوو نیە بۆ کارمەندانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لەهەر وڵاتێکدا توانا و لێهاتووی جیا دەگوازرێتەوە) دەبێت پێمان وانەبێت کە شێوازێکی تایبەت و ستانداردی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەهەرێمەکەدا بوونی هەیە.

## 5. دەبێت چ جۆرە تێگەیشتنێك بۆ زەبری دەروونی بکرێتە بنەما بۆ هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی؟

بونی هەڕەشەی بەردەوام و نەبونی توانای خۆگونجاندن لەناو گروپێکی پارێزەری کۆمەڵایەتیدا، وادەکات کە پەنابەران بە ڕێژەیەکی قورس بتوانن ژیانی خۆیان لەگەڵا هەلومەرجە نوێکەدا دابڕێژنەوە و بگونجێنن. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، ستراتیژەکانی هەڵکردن کە تاقیکراونەتەوە بەتەنها بەس نین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەربەست و ئاڵنگاریە قورسەکاندا. زۆربەی ئاوارە ناوخۆکان و پەنابەران هیوا دەخوازن کە ژیانی دژواری ئەوان ئاسانتر بێت. ئەوان بیروهۆشیان لەلای رزگاربوونی هەنووکەییە، وە ئەزموونی رابردووی ئەوان لە چەوسانەوە و وێرانکاری جاری واهەیە ڕۆڵێکی کەمتر دەبینێت, ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو ژیانە کوللەمەرگیەیان لەوانەیە دووبارە دەستپێبکاتەوە لە هەرکاتێکدا. چەمکی شڵەژان و فشاری دوای زەبری دەروونی (PTSD) شکست دێنێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو ئازارانەی کە بەسەریاندا هاتووە. چونکە تەنها جەخت کردنە سەر لیستێکی دیاریکراوو سنورداری نیشانەکانی زەبری دەروونی (بڕوانە پەراوێزی 1, لاپەڕە9 ) نابێتە هۆی دابینکردنی عەدالەت بۆ ئەوانەی کە بەبەردەوامی ئەزموونی تاڵی فشاری دەروونیان کردووە. ئەوەی پێویستە جەختی بکەینە سەر ئەو ئەزموونە تایبەتانەی زەبری دەروونییە کە بەسەر هەر تاکێکدا هاتووە, پرۆسەی خۆگونجاندنی ئەزموونەکان (کە لەوانەیە چەندین ساڵی بوێت), هەوڵی مانەوە لە ژیان، لەدەستدانەکان و زیانەکان، وە هەوڵی چەندین بارەی بەرگەگرتنی ئەم هەموو مەینەتیە.

سودی تێگەشتن لە تراوما یان زەبری دەروونی لەوەدا نیە وەك تەنها ڕوداوێك ببینین کە دەرئەنجامی دیاری خۆی هەیە، بەڵکو لەوەدایە وەك پرۆسەیەکی درێژخایەن لەچوارچێوە و سیاقێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی دا تەماشای بکەینکە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆکانە. تراوما و زەبری دەروونی هەر ئەوە نیە وەك ڕووداوێکی نەگۆڕ کە چەند نیشانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت چونکە ئەمە هۆکارە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری و یاساییەکان فەرامۆش دەکات. ئەم تێگەیشتنە بەرفراوانە بۆ زەبری دەروونی ئەو چانسە دەخاتە بەردەست کە چارەسەری پزیشکی و چارەسەری دەروونی باشتر بێت بۆ ئەوکەسانەی توشی زەبری دەروونی بوون. ئەگەر هاتوو دەستێوەردانی پزیشکی و کلینیکی تەواوکەری هاریکاری و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان بێت ئەوا باشتر دەتوانین لە پێداویستی گروپی دەستنیشانکراو تێبگەین و چارەسەریان بکەین. وە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە چارەسەرکردن جەخت دەکاتە سەر ڕەهەندە تایبەتە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان وە تایبەتمەندیەکانی دەربەدەربوونی زۆرەملێیی. هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی پێویستە پێش هەموو شتێك جەخت بکاتە سەر دەست گەشتن بە زۆرترین ژمارەی خەڵك لەڕێگەی خزمەتگوزاریەکانی هاریکاری دەوورنی ـ کۆمەڵایەتی، بەلاّم بەبێ فەرامۆشکردن و لەبیرکردنی گرنگی پێداویستیە تایبەتیە کلینیکیەکان. گەشەپێدانی تواناکان بەشێوەی پێویست و ئاراستەکراو پێویستە بگیرێتە بەر وەك وەلاّمدانەوەی داواکاریە زۆرەکانی بۆ خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تەندروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی (MHPSS).

مۆدێلی زەبری دەروونی زنجیرەیی هانس کیلسۆن [22] کارئاسانی کردووە بۆ هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی، بەشێکی بەهۆی ئەو پەیرەوە کۆمەلآیەتی و سیاقیەوەیە کە مۆدێلەکە هەیەتی. تێگەشتنی کیلسۆن لە زەبری دەروونی وەك چەند قۆناغێکی کاتی یەك لە دوای یەك، بەپێچەوانەی جەخت کردنە سەر ئەزموونێکی سەرەکی لە توندوتیژی، وێنەیەکی تەواوترمان پێشکەش دەکات سەبارەت بە پرۆسە فرەڕەهەندە درێژخایەنەکانی پرۆسەی دروستبوونی زەبری دەروونی وە کاریگەریەکانی لەسەر خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی [23]. کیلسۆن لە توێژینەوەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر ئەو مناڵە جولەکانەی کە هەتیو و بێسەرپەرشت بوون لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ولاّتی هۆڵەندا. کیلسۆن ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەزموونی زەبری دەروونی تایبەت و سنوردار نەبوە بە قۆناغە سەرەتاییەکان (بۆ نمونە، داگیرکردنی هۆڵەندا لەلایەن دوژمنەوە بەدوایدا ئەنجامدانی تیرۆر لەدژی کەمینە جولەکەکان، دوای ئەمەش ڕاستەوخۆ لەناوبردن و چەوسانەوەیان لەڕێگەی سنورداشکردن و دابڕاندنی مناڵەکان لە خێزانەکانیان) ، بەڵکو قۆناغی دواتر دوای ئەوەی کە چەوسانەوەکە کۆتایی هاتووە کاریگەریەکی گەورەتری هەبووە. ئەم قۆناغەی دواتر لەلایەن زۆر پسپۆڕەوە وەك «قۆناغێکی زۆر ئازاراوی و بەسوێ تری زەبری دەروونی باس دەکرێت لەژیانی ئەو خەڵکانەدا» [23]. کیلسۆن توانای ئەوەی هەبوو ئەوە بخاتە ڕوو کە قۆناغی دوای جەنگ زۆر کاریگەتر بووە بۆ تەندروستی ڕزگاربووان وەك لە ڕادەی سەختێتی پرۆسەی دروست بوونی زەبری دەروونی لە قۆناغەکانی پێشوتردا [24]. ڕێچکەکەی کیلسۆن [25] گۆڕانکاریەکی گەورەی لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ زەبری دەروونی دروست کردوە: «لەجیاتی ئەوەی کە تەنها ڕووداوێك بێت و دەرئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە، ئێمە پرۆسەیەکمان هەیە کە تیایدا بارودۆخی زەبری دەروونی بەردەوام دەگۆڕێت. باسکردنی ئەم گۆڕانکاریانە ئەو چوارچێوەیەیە کە پێناسەی چۆنیەتی تێگەیشتمان لە زەبری دەروونی بۆ دەکات» (نوسەرەکان خۆیان ئەم وەرگێڕانەیان کردوە) [25].

ئەم جەخت کردنە نوێیە لەسەر پرۆسەکە ئاڵۆزترە لە چەمکی ڕوداوێکی دابڕاوی تراوماتیکی، بەڵام عەدالەتترە بۆ بارودۆخی کەسی ڕزگاربوو چونکە هەمیشە جەخت دەکاتە سەر لایەنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە، کەلە گۆشەنیگای ڕابردووی ئەڵمانیادا ئەرکێکی ئەخلاقیە. ئەم جۆرە هۆشیاریە جیاوازە دەربارەی زەبری دەروونی وەها دەکات کە هاریکاری و پشتیوانی زیاتر بێت بۆ کەسی ڕزگاربوو بەجۆرێك بەرپرسیارێتی تەحەمولکردن و بەرگەگرتنی زەبری دەروونی لەسەر شانی تاك سووکتر دەکات چونکە بەرپرسیارێتیش دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگە و بڕیاربەدەستان. سەبارەت بە هاریکاری گەشەپێدان – ئەمە ئەوپەڕی پێویست و پەیوەندیدارە. لەهەمان کاتدا، بەشداریپێکردنی بڕیاربەدەستان و لایەنی سیاسی و کۆمەڵگە وادەکات باری سەرشان و بەرپرسیارێتی تاك سوکتر بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیانە و پرۆسەی بونیاتنانی ئاشتی.



ئێمە سودمان وەرگرتوە لە مۆدێلەكەی كیلسۆن پەیوەست بە ئاوارەبوونی زۆرە ملێی وەك چۆن لە هێلكاریەكەی سەرەوە دا پیشانمان داوە، وە قۆناغە پەیوەندیدارەكانیمان دەستنیشان كردوە وەك رەنگدانەوەی بارودۆخە زەبرە دەروونیە بێدەنگەكان [25] [3].

ئەو هەنگاوانەی كە دەستنیشان كراون لەمیانەی هەر شەش قۆناغەكەدا باسكراوە لە مۆدێلەكەی كیلسۆن لەوانەیە وردەكاریەكانیان جیاواز بێت وەك چۆن هێڵە خاڵخاڵاویەكە پیشانی داوە، كەلەوانەیە بگەرێتەوە ئەو ئاراستەیەی كە لێیەوە هاتوە. بۆ نمونە، قۆناغی دووەمی زەبری دەروونی لە ئاوارەبوون و دەر بەدەریدا لەوانەیە زیاد لە جارێك روو بدات و كەسێك دووجار ئاوارە ببێت. گەشتن بە ولاتێكی تر و شوێنێكی تر هەر لە هەمان ولاتدا لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی قۆناغی سێیەمی زەبری دەروونی – كە ئەویش بریتیە لە ماوەی سەرەتایی گەشتن بە شوێنێكی نوێ. یان ئەگەر ئەو تاكەكەسە هەر لەو شوێنە مایەوە بۆ ماوەیەكی درێژخایەنتر ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی قۆناغی چوارەمی زەبری دەروونی – كەبریتیە لە دۆخێكی هەمیشەیی ژیان بەشێوەیەكی كاتیی. ئەوە گرنگە تێبینی بكرێت ئەوەیە كە پێویستە تێگەشتن لە ژیانی پەنابەران وەها بێت كە ئەوان وەك زنجیرەیەك لەم چەند قۆناغەدا دەژین. ئەوان بەردەوام لەژێر كاریگەری هۆكارە سیاسی و كۆمەڵایەتی و یاساییەكاندان. بەپێ ی ئەم لۆجیكە بێت ئەو تێروانینە راست نیە كە پێ ی وایە پەنابەران و ئاوارەكان تەنها یەك جار لە شوێنی خۆیان توشی زەبری دەروونی دەبن. بەڵكو پێچەوانەی ئەمە راستە. ئەم لۆجیكە وایە كە وەرگرتنی پەنابەران لەناو كۆمەڵگەیەكی خانەخوێ ی سەلامەتدا لەوانەیە لە قۆناغی سێیەمی زەبری دەروونیدا روو بدات. ئەمەش تەنها بەشێكی قۆناغی ژیانی ئەوانە، بۆ نمونە ماوەیەكی زۆری نادڵنیایی و چاوەروانی زۆر بۆ پێدانی مافی پەنابەریی لەگەڵ نادڵنیایی دەربارەی ژیانی ئایندە لەوانەیە ببێتە هۆی رووخانی وورە و دروستكردنی دۆخی ژیانێكی كاتیی، ئەمەش هەستێكی قوڵی نادڵنیایی دروست دەكات لە میانەی قۆناغی چوارەمی زەبری دەروونیدا.

لەقۆناغەكانی پێنجەم و شەشەمدا، پرسە سەرەكیەكە ئەوەیە كە تا چەند بەشێوەیەكی سەركەوتوو ئیدارەی خۆگونجاندنی پەنابەران لە ناو كۆمەڵگەی خانەخوێدا دەكرێت بۆ ئەوەی رێگری بكەین تا لەم قۆناغانە زەبری دەروونی زیاتریان بۆ دروست ن

ەبێت. لێرەدا، بەرپرسیاریەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی واتە دروستكردنی هیوایەك بۆ ئایندە وە بەتواناكردنی ئەوانەی كە تازە دێن تا بەشداری لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا بكەن وە دووبارە هەست بەسەلامەتی بكەنەوە و ئەزموونی ئەوەیان هەبێت كە ئینتیمایان بۆ ئەو شوێنە هەیە كە تیایدان. بۆ دڵنیابونەوە لە خۆشگوزەرانی دەروونی ـ كۆمەڵایەتی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆكان گرنگە كە ئەوان توانای

هەڵبژاردنیان هەبێت لەیەکێك لە وێستگەکانی ژیانیاندا بگەڕێنەوە. وە پێویستە ئامادەکاری پێویست بۆ ئەمە بکرێت. ئەرکێکی گەورە و گران لەسەرشانی ئەو پەنابەر و ئاوارانەی کە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان لادەبرێت کاتێك کە هەرێمی خانەخوێ و هەرێمی شوێنی زێدی خۆیان بەشێوەیەکی چالاکانە پشتگیری پرۆسەی گەڕانەوەیان بکەن. دارشتنی پێوەرەکانی چۆنیەتی گەڕانەوە کە وا بکات ئەوانەی داوای مافی پەنابەری و مانەوە دەکەن هەست بە زۆرلێکردن و ناچارکردن و هەڕەشە بکەن یان ببێتە هۆکاری لەدەستدانی بریارە سەربەخۆکانی کەسی ئاوارە و ناپارێزراو یان ئەگەر دژ بەویستی خۆیان بیان گەڕێننەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی تری بونگەرایی و هەستی لەدەستدانی ئەمن و ئاسایش و ئەمەش قۆناغێکی تری زەبری دەروونی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات. ممارەسەکردنی ویستی ئازادانە بۆ نمونە هەبوونی بژاردەی دروست وەك بژاردەی گەڕانەوە یان مانەوە لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێدا مەرجی سەرەکی بونیاتنانی متمانەیە وە بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵ و بریاردانی سەربەخۆیانە. هاندانی گەڕانەوەی بەکۆمەڵ بەبێ بوونی ئەلتەرناتیف و بەدیلێك وە لێسەندنەوەی مافی بریاردان لەو کەسانە نەك تەنها تاکەکان دەخاتە بەردەم مەترسی بەڵکو کۆمەڵگە و تواناکانی کۆمەڵ بۆ پاراستنی ئاشتی دەخاتە مەترسیەوە چونکە تواناکانی کۆمەڵگە لاواز دەکات و ناتەبا

دەبێت لەگەڵ پرنسیپەکانی مرۆڤایەتی و عەدالەت و هاوسۆزی. نەبوونی بەدیلێك وا دەکات دەرئەنجامی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە ئەمەش وەها دەبینرێت کە مرۆڤ لە مرۆڤبوون بخات و ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە وەك دروستکردنی دۆخێکی سیاسی وەها کە تیایدا خەڵك هەست بە پەراوێزخستن و ڕەتکردنەوە بکەن.

توانای بریاردان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە و ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەیان هەیە بەبێ ئەم دوو هۆکارە کەسێك ئەزمونی توندوتیژی و لەدەستدان دەکات لەهەندێك لەبارودۆخەکاندا کە دەبێتە هۆی فشاری عاتیفی و سۆزداری و تەنانەت ناجێگیری باری دەروونی و هزری. ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە پشتیوانی خەڵك دەکات لەرێگەی تێگەشتن و دانپیادانان وا دەکات کە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆکان بەهێزتر و بەدەسەڵاتتر بن وە خۆیان توانای چارەسەرکردنی ئازارەکانی خۆیان هەبێت بەشێوەیەکی گونجاوو وتەندروست. ئەم جۆرە ژینگە کۆمەڵایەتیە تاك وا لێدەکات دووبارە باوەری بەخۆی هەبێت و متمانە بە خەڵکی تریش بکات و توانای تێگەشتنی لەئازارەکانی خەڵکانی تریش هەیە بەبێ ئەوەی هانی ئەوەبدان بەزەییان بەیەکتردا بێتەوە. ئەو فاکتەرانەی کە ڕێگرن لە دروستبوونی ژینگەیەکی لەم جۆرە بریتین لە کێشەی نەبونی ئاسایش و لەکەدارکردنی یەکتر و هەستکردن بە ڕەتکردنەوە و قبوڵنەکردن و جەنگ لەپێناو مانەوە و ئەزمونی زۆرتری وەك ئیهانەپێکردن و لەدەستدانی کۆنترۆڵ و خیانەت لێکردن.

لەکاتێکدا دەستیۆەردانی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی پێویستە دانبنێت بە سەختی و قوڵی برینەکانی کەسی رزگاربوو، پێویستە لەهەمان کاتدا ئەو تواناییانە بەهێزبکات کە کەسی رزگاربوو بتوانێت سەربەخۆیانە ڕەفتار بکات. بۆیە پێویستە خزمەتگوزاریە دەرونی ـ کۆمەڵایەتیەکان وەها بێت کە سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت کەلەبەردەستدان وە پێویستە سوود وەربگرێت لە پێکهاتە هاریکاریەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگە. بەمجۆرە، پێویستە هەمیشە جەخت بکەنە سەر بەهێزکردن و دانان بە تاکەکەسەکان وە پێویستە ئەم کارە ئەنجام بدەن نەك تەنها وەك دەستیۆەردانێکی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی, بەڵکو هەمیشە وەك میتۆد و تەکنیك کەلەم خزمەتگوزاریەدا سودی لێوەر بگیرێت.



## 6. ئایا چی فێربووین لە شێوازەکانی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لە میانەی جەنگ و دەربەدەربوون و ئاوارەبوونی زۆرەملێیدا، ئایا دەبێت لە چوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بۆ پەنابەران و ئاوارەکان چۆن بێت؟....

کۆمیتەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان (IASC) مۆدێلێکی دارشت کە بەکارهێنرا وەك سەرچاوە لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیدا بۆ خزمەتگوزاریی و چالاکیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان لەمیانەی قەیران و ململانێکان لەساڵی 2007 ەوە. ئەم مۆدێلە تەماشای چوار ڕەهەندی پێکەوەگرێدراو لەدەستێوەردان دەکات کەلەشێوەی هەرەمێکدا دێتە بەرچاو کەلەلاپەرەی دواتردا خراوەتە ڕوو (26). ئەم هەرەمە بریتی نیە لە زنجیرە هەرەمێکی جۆریی، بەڵکو دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کەلەباشترین حاڵەتدا ڕەچاوی هەر چوار ڕەهەندەکە بکات لەهەمان کاتدا.

کاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لە ڕەهەندی 1دا بریتیە لە ئامۆژگاریکردنی ئەو لایەنانەی کە خزمەتگوزاری دابین دەکەن بۆچۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ڕێچکەکانی (MHPSS) لەمیانەی دەستوەردانەکانیاندا. دەستوەردانەکانیش بریتین لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان وە بونیاتنانەوەی ژێرخانی سەرەکی بۆ دڵنیابونەوە و گارەنتی کردنی پێداویستیە جەستەییەکان (خۆراك، شوێنی مانەوە، ئاو، چاودێریی تەندروستی سەرەتایی). خزمەتگوزاریەکانیش بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن فریاگوزاری مرۆیی و هاریکاری گەشەپێدانی دوورمەودا پێشکەش دەکرێن. تێکهەڵکێشکردنی ڕێچکەی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کە گەرەنتی پێداویستیە سەرەتاییەکان دەکات دڵنیامان دەکاتەوە کە دوور دەبین لە هەر دەرەنجامێکی نەخوازراو (بۆ نمونە ئەمە وەها دریژراوە کە ڕێگری بکات لە دروستکردنی دۆخێك کە تیایدا ئاوارە و پەنابەران بەردەوام پشت بەخەڵکی تر ببەستن). پێوەرەکانیش بەندن لەسەر پێداویستیەکان وە ئەو بکەرانەی کە ئەم کارە دەکەن ڕەچاوی ڕێچکەی ململانێ و هەستیاریەکانی زەبری دەروونی دەکەن ( بۆ نمونە لەڕێگەی دڵنیابونەوە کە ژنان و کچان لەناو کامپەکاندا دەتوانن تەوالێت و گەرماوەکان بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی توشی هیچ مەترسیەك ببن، وە هاریکاریەکان بەجۆرێك دابەشدەکرێن کە ڕێز لە شکۆ و کەرامەتی سودمەندبوان بگرێت بەبێ ئەوەی ئەو هەستەیان لەلا دروست بکات کە ئەوان سواڵ دەکەن یان پێویستیان بە یارمەتی و کۆمەکە).

خزمەتگوزاریەکان بەجۆرێك پێشکەش دەکرێن بەوپەڕی هۆشیاری لەسەر بابەتە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان. دابینکردنی بەشی پێویستی پێداویستیە سەرەتاییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ زۆر گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کەسەکان. بەبێ دڵنیابونەوە و دەستگەشتن بە سەرچاوە گرنگەکان خەڵك خۆیان لە دۆخێکی وەهادا دەبیننەوە کە بەردەوام هەست بە گرژی و نادڵنیایی بکەن بۆ مانەوەیان لە ژیاندا. یەك نمونەی هەرێمایەتی بۆ ئەم ڕەهەندە بریتیە لە هۆشیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کامپەکان. لەچەندین وڵاتدا پێوەری تایبەت دەستنیشان کراوە. بۆ نمونە، دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ ئەو کەسانەی تازە دێنە ناو کامپەکان وە ڕەچاوکردنی پێوەر و ستانداردەکان بۆ شوێنی مانەوە لەناو کامپەکاندا وەك جۆرێك لەبەراوردکاریکردن لە نێوان بەڕێوەبردنی کامپە نیشتمانیەکاندا وە ڕێگری کردن لە گرژی و ململانێ.

شانبەشانی پشتگیریکردنی دامەزراندنی پەیوەندی سەقامگیر و تۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ڕەهەندی 2 بریتیە لە دروستکردن و بەهێزکردنی ژینگە و فەزای سەلامەت بۆ دیالۆگ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا، هاندانی بەیەکگەشتنەوە و بەیەك شادبونەوەی ئەندامانی خێزان و پێوەرەکانی دروستکردنی داهات و هاندانی زیاتر بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار. پرۆژەکانی هەرێمەکە پێوەریان جێبەجێکردوە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیانە وەك دروستکردنی ژینگە و فەزای گشتی وەك "باخچەی خێزان" و ئاسنکاریکردن بۆ بەکارهێنانی مۆبایل و پێشکەشکردنی پەروەردەی دەرونی بۆ گەنجان لەڕێگەی پرۆژەکانی وەرزش و مۆسیقا.




ڕەهەندی 3 زیاتر پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دابینەدەکرێت بۆ تاکەکان، خێزان یا گروپەکان ئەویش لەلایەن کارمەندی کۆمەڵایەتی ڕاهێنراو، کارمەندانی کۆمەڵگە و لایەنەکانی تر. بۆ نمونە، پرۆتۆکۆڵەکانی بەرێوەبردنی قەیرانەکان وە ڕێنماییەکانی یارمەتیدانی خود پەرەی پێدراوە و کاری پێکراوە لە هەندێک لەوڵاتان.

ڕەهەندی4 پسپۆرە پزیشکی ودەروونیەکان هەڵدەستن بە دابینکردنی خزمەتگوزاری کلینیکی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لەژیانی رۆژانەیاندا دووچاری بەربەستی گەورە دەبنەوە و پێویستیان بەچارەسەری دوورمەودای دەروونی هەیە. بۆ نمونە ئەوپێوەرانەی کە لەئێستادا لە هەرێمەکەدا جێبەجێ ی دەکەن ئەو پێوەرانەن کە دەیانەوێت دەسوەردانە چارەسەریە دەروونیەکان زیاد بکەن وە گەشەسەندنی زیاتری مەنهەجی ئەکادیمی بۆ دابینکردنی چارەسەری گونجاوی کلینیکی تایبەت.

پێویستە ئەو هەرەمە وەك مۆدێلێك ی گشتگیر تەماشا بکرێت کە پێویستی بە دەسوەردانێکی هەنووکەیی هەیە لەسەر ئاستی هەرچوار ڕەهەندەکە بۆ دابینکردنی پێداویستیە جیاوازەکان وە بۆ بەهەندوەرگرتنی هەموو گروپەکان بە جیاوازیەکانیانەوە. ڕێچکەی هەستیاری تایبەت بە زەبری دەروونی پێویستە لەسەر ئاستی هەر چوار ڕەهەندەکەدا. وە زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی کارلێکی بونیاتنەرانە لەنێوان تاکەکاندا لەهەموو بارودۆخەکانی ژیانی رۆژانەدا. ئەم مۆدێلە ناڵێت کە پێوەرەکانی ڕەهەندێك لە پێوەرەکانی ڕەهەندێکی تر زیاتر گرنگە.
بەڵکو، پێویستە کەسی پێشکەشکەری خزمەتگوزاری خۆی بریار بدات کە کام ڕەهەند زیاتر گونجاوە ئەویش بەهەندوەرگرتنی بارودۆخ و زروفی کەسەکان وە بەجۆرێك کاربکەن کە هەموو تاکەکان بەشدار بن لە پرۆسەکەدا وە دڵنیابونەوە کە هەمویان پێکەوە گرێدراون.

ئەم هەرەمە رەنگدانەوەی رێچکەیەکی گشتگیریانەیە بۆ خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەبێت رێز لە مافەکانی مرۆڤ وەك دروستی دەروونی و گەشەپێدانی کەسێتی هەروەها خۆراك و ئاو و شوێنی مانەوە و نوستن و هتد بگیرێت و بپارێزرێت لەهەمان کاتدا وەهەموو ئەو مافانە وەك یەك گرنگیان پێبدرێت. ئەم تێگەشتنەش, بکەرەکانی سیستەمی هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی کەلەبواری (MHPSS) دا کاردەکەن لەچوارچێوەی قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا پێویستە رێبەرایەتی بکرێت لەرێگەی هەرەمی دەستوەردانەکانی هەماهەنگی کۆمیتەی نێوان ئاژانسەکان. بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسی هەڵەتێگەشتن لەم هەرەمە دەتوانین ئەم مۆدێلە وەها بێنینە بەرچاو وەك سێتێك لە خزمەتگوزاریە پێکەوەگرێدراوەکان ( بروانە هێڵکاری لاپەرەی دواتر لاپەرە 25 ) کە هەریەکە لە پێکهاتەکانی تەورێکی جیاوازیان هەیە بەلاّم هەمویان پێکەوە گرێدراون چونکە پسپۆری جیاواز پێویستە بۆ هەموو مەیدانەکان بۆ ئەوەی بتوانین رێچکەیەکی گشتگیر بگرینە بەر بۆ خزمەتگوزاریە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان. لەم مۆدێلە بەدیلەدا بەپێچەوانەی هەرەمی هەماهەنگی کۆمیتەی نێوان ئاژانسەکان, مەیدان ( =رەهەند)4 ئەمەش دەستێوەردانی ئاست بەرزتری پێویستە شانبەشانی خزمەتگوزاریە کلینیکیەکان.

بەهۆی بەردەوامی توندوتیژی و ئاوارەبوون، کە تیایدا سەرچاوەکان دەگمەنن لەو ولاّتانەی سەرەتا کۆچی بۆ دەکەن و پشتگیری دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی پێویست بەشی دانیشتوانی خۆجێیی ناکات، پێویستە پێوەری وەها دابرێژرێت کە زۆرترین کەس بەشداری تیا بکەن. ئەمەش لەرێگەی چالاکیەکانی ناو کۆمەڵگەوە دێتە دی. لەبارودۆخی نادڵنیا و داینامیکی گۆراندا پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە چارەسەری دەرونی لە مەیدانی 4 دا نابێت دەست پێبکات تا تەواو نەکرێت. ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە لەناو خەڵکە ئاوارەکاندا بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی ژیانیان یان ئاوارەبوونی بەردەوام . هەربۆیە لە هاریکاری گەشەپێدانی پەیوەست بە قەیرانەکانی سوریا و عێراقدا باشتر وایە پێوەرەکان گونجاو و دوورمەودا بن بۆ پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی بۆ پەنابەران لە مەیدانی 1 بۆ 3 کە دەگات بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کە سوودمەند دەبن لەسەرچاوە دەگمەنەکان.

بەلاّم, ئەمە بەومانایە نایەت کە فۆرمێکی تایبەتی چارەسەری دەروونی و دەروونناسی بۆ پاڵپشتی لەسەر ئاستی تاکدا پێویستە. زۆر خەڵك ئەو نیشانانەیان تیادایە کە پێویستە جێی تێرامانی پسپۆران بێت – بەلاّم ئەمە زۆرجار نەگونجاوە بەهۆی کەمی سەرچاوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری تایبەت. هەرلەبەر ئەمەیە کە ئەوکەسانەی پسپۆری تایبەتیان نیە لەبواری دەروونی ودەروونناسیدا کەسی یەکەم و خاڵی یەکەمی پەیوەندیکردنن، تەنانەت بۆ کێشە هەستیارەکان ( بۆ نمونە لەناو کامپ و قوتابخانەکاندا). هەربۆیە زۆر گرنگە هۆشیاری بەرزبکرێتەوە دەربارەی شڵەژانی دەرونی وهزری و رێچکە دەرونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان لەنێوان ئەو ئەکتەرانەی کە کاری ئەوان بریتی نیە لە چارەسەری تایبەت بەلاّم لە مەیدانی 1 بۆ 3 دا کاردەکەن. لەراستیدا، زۆربەی کێشە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان هیچ پێویستیان بەدەسوەردان و چارەسەری کلینیکیانە نیە لە مەیدانی 4 دا. ئەمانە ئەنجامی تانەلێدان و لەکەدارکردنن، بێهیوایی، خەم و خەفەت، دەربەدەربوون لە زێد و شوێنی نیشتەجێ بوون, هەژاری درێژخایەن و دەستنەگەشتن بە خزمەتگوزاریەکان، و وێرانکردنی تۆرەکانی پاراستنی کۆمەلاّیەتی [27][13]. ئەم کێشانەش دەکرێت چارەسەر بکرێن لە سێ رەهەندی بەشی خوارەوەی هەرەمەکەدا. تیایدا بەهێزکردنی کۆمەلاّیەتی لە نێو کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی چالاککردنی تواناکانی خۆچارەسەرکردنی تاکەکان[28].

3-کە بێ پچڕانی سایکوفارما کولوجیکال چارەسەری نەخۆش) لەگەڵ پێشتر نارێکی (دەبێت بێگومان مسۆگەر بکرێن.


مەیدانی 1:
دابینکردنی خزمەتگوزاری هەستیاری
زەبری دەروونی بۆ زەمانکردنی
پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەک
خۆراک و ئاو و تەندروستی و شوێنی
مانەوە و سەلامەتی
مەیدانی 2:
پێوەرە داڕێژراوەکانی بەهێزکردنی
گروپەکۆمەڵایەتیەکان و تۆڕەکانی
(خێزان و کۆمەڵگا و دەستپێشخەریەکانی
دراوسێکان و گروپی
یارمەتیدانی خود
مەیدانی 3:
جێبەجێکردنی ئەم مەیدانە پێویستی بەڕاهێنانی
تایبەتە (گوێگرتنی چالاکانە، ڕاوێژکاری سەرەکی
، تواناکان، فریاگوزاری دەروونی، میتۆدی
پەروەردەیی زەبری دەروونی
مەیدانی 4:
خزمەتگوزاری تایبەتی چارەسەری
دەروونی و دەروونشیکاری لەگەڵ
ئامۆژگاری یاسایی و ئاوبژیوانی
لە بارودۆخی زیادبوونی
پێکدادان و ململانێ ی
نێوان گروپەکاندا.

## 7. هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانیا لە پراکتیکدا چ جۆرە شێوازێك (فۆرمێك) وەردەگرێت؟

چەندین ڕێچکەی جیاواز هەیە بۆ دروست دەروونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەلاّیەتی لە بواری کارکردن لەگەڵ پەنابەراندا. ئەمانەش بریتین لە ڕاهێنانی خۆرێکخستنەوە و بەهرەو توانا کۆمەلاّیەتیەکان، وە گوزارشتن کردن لە ئەزمونی ئاوارەبوون لەڕێگەی شانۆو و هۆنراوە و هونەر و یاری پەروەردەیی و وەرزش و سەماکردن و تەکنیکەکانی حەسانەوە تا چارەسەری ئاست بەرزی کلینیکی تایبەت بە زەبری دەرونی. هەروەها ڕێگەکانی MHPSS تەوەری تریش دەگرێتە خۆ وەك هاریکاری یاسایی و خستنەرووی تاوانەکان و دانپێدانان و ناسینی ئەو کارەساتانەی ڕوویداوە و لێپێچینەوە لە تاوانباران، هەموو ئەم ڕێچکانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ شیفا و چاکبونەوەی دەرونی ـ کۆمەلاّیەتی. یەکێك لەو میتۆدانەی کە سەلمێنراوە زۆر باش و کاریگەرە بۆ خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی بریتیە لە دامەزراندنی ناوەند و سەنتەرەکانی کۆمەلاّیەتی کە پەنابەران دەتوانن بەسەلامەتی کۆ ببنەوە و یەکتر ببینن تیایدا. لەم سەنتەرە کۆمەلاّیەتیانەدا پەنابەران لەگەڵ یەکدی لەرووی کۆمەلاّیەتیەوە کارلێك دەکەن و دەستیان دەگات بە زانیاری بەسوود و پەیوەندیدار. هەروەها دەکرێت ئەم ناوەندانە بەکاربێن بۆ دابینکردنی ڕاوێژکاریی سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەیان وەك چارەسەری پزیشکی و فێربوون بۆ منداڵان.

ئەم نمونانەی خوارەوە لە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی بەکاردێن بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی هەرەمی دەستێوەردان:

### ڕەهەندی 1– ڕێچکەی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان و ئاسایش

ئامانج لە هاریکاری گەشەپێدان و فریاگوزارییە مرۆییەکان بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، تێگەشتن و پەسەندکردنی دەسوەردانەکان بۆ دروست دەروونی و هاریکاری دەرونی ـ کۆمەلاّیەتی لەناو کۆمەڵگەی بەخشەر وەلەناو کۆمەڵگەی خۆجێیی (داکۆکیکردن). ئامانجەکانی تریش کە پەیوەندیان هەیە بە دووبارە بونیاتنانەوەی سیستەمەکان کە وێران کراون وەك ژێرخان و پەروەردە و تەندروستی و وە دڵنیابونەوە (داکۆکیکردنیش بە شێوەیەکی چالاکانە) بۆ ئەوەی MHPSS وەها لێی بروانرێت کە چارەسەری زۆر ڕەهەند دەکات وە پێوەرەکانی جێبەجێ دەکرێن بەجۆرێك کە ڕێز لە شکۆ و هەستیاریەکان بگیرێت ئەویش بەپێی پێداویستیە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکانی ئەو کەسانەی کە کاریگەر بوون. بەڵگەی ئەوەی کە ڕێچکەی دروست دەروونی و هاریکاری دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی ڕەچاوی ئەم هۆشیارانە دەکات بریتیە لە:

- ئەوانەی بە ڕووداوەکان کاریگەربوون بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکەن لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان وە هەمیشە خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخی خۆیان بکەن.
- بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکان نابێتە هۆی لەکەدارکردن و ناشیرین کردنی ئەو کەسانەی سوود لە خزمەتگوزاریەکان وەردەگرن، یان ئەوان وەك قوربانی وێنا بکات.
- لەدابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان ئەو پێوەرانە دەگیرێنە بەر کە ڕاستیەکان دەخاتە روو بۆ نمونە زۆرجار دابینکردنی هاوکاریەکان ناگات بەدەست ئەو کەسانەی کە بەقورسی کاریگەر و پەرێشان بوون ئەویش بەهۆی بێمتمانەیی ئەوان و کشانەوەیان، بۆیە پێویستە ڕێگەچارەی تر بدۆزرێتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاریەکان بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی.
- پێویستە پێوەری پەروەردەیی بۆ ئەو گەنجانەی کە ئەزمونی قورسی زەبری دەروونیان هەیە بگیرێتە بەر چونکە توانای ئەوان کەمتربووەتەوە بۆ تەرکیز کردن و وەرگرتنی زانیاریەکان.
- ئەو ژن و پیاوانەی کە ئەزمونی توندوتیژیان بینیوە زۆرجار خۆیان لادەدەن لە بەرکەوتنی سیستەمی تەندروستی لەترسی تانەلێدان و لەکەدارکردنیان بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دابینکردنی چارەسەرە تەندروستی و پزیشکیەکان ئەو ڕێچکە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەیان نەگرتوەتەبەر کە پێویستە بۆ ڕەزامەندی بەئاگاییانەی ئەوان (یان ئەم زانیاریە پێویستانەیا بەدەست نەگەشتوە).

نمونەیەکی هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی لەرۆژهەلاّتی ناوەراستدا پرۆژەی گۆرینی پاشەرۆ بۆ وزەی بەسوود لە ولاّتی ئوردن کەلە ساڵی2015 دا ئەنجام درا. ئەم پرۆژەیەی (پارە بۆ کارکردن) ئامانجی ئەوەبوو لەسەرەتادا داهاتێك بۆ پەنابەران و خەڵکە نەپارێزراوەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ دابین بکات ئەویش لەرێگەی کاروپیشەی کاتیەوە. وەلەهەمان کاتدا پشتگیری ژێرخانی ناوخۆ و پێکەوەژیانی کۆمەلاّیەتیانە بکات. بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ئوردن لەدوای قەیرانەکانی سوریا و عێراق و هاتنی پەنابەرێکی زۆر توانای پاککردنەوەی شەقام لەپاشەرۆکان زۆر

سنوردار بوو. لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەی خانەخوێ ی ئوردن هەستیان دەکرد کە کۆمەك و و فەندی نێودەوڵەتی تەنها بۆ پەنابەران بەشێوەیەکی سەرەکی خەرج دەکرێت و ئەمەش مەترسی ئەوەی لێدەکرا ببێتە هۆی پێکدادان لە نێوان پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێدا. پرۆژەی گۆڕینی پاشەڕۆ بۆ وزەی سوودبەخش رێچکەیەکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی گرتە بەر لەمیانەی پێوەرەکانی دامەزراندندا لەبواری ئیشکردنی چری مەیدانی بۆ کۆکردنەوە و

پرۆسێسکردنی ئەو کەرەستانەی کە بەکەڵکی دووبارە بەکارهێنانەوە (ریسایکلین) دەهاتن. ئامانجی سەرەکیش روونەدانی پێکدادان و گرژی بوو. ئەمەش بەشێوەیەکی یەکسانیانە سوودی هەبوو بۆ پەنابەران و ئەندامەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ. پێوەری تایبەت رەچاوکرا بۆ هاندان و بەشدارپێکردنی ژمارەیەکی یەکسانی ژنان ئەویش لەرێگەی بەشداریکردن لە سەکۆکانی دیالۆگ و گفتوگۆدا. لەرێگەی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت و بونیاتنانی پێداویستیەکانی ریسایکلینەوە بۆ نمونە، پرۆژەکە ئامانجی ئەوەبوو کە پێوەرەکان بەجۆرێك بن ئیتر کارەکە خۆی بەردەوام بێت و ئیدامەی هەبێت. هەروەها ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوەی کارە کورتخایەنەکان بگۆڕن بۆ پیشەی

درێژخایەن. ئەمەش هەستێکی کۆنترۆڵکردنی دروست کرد – سەرەرای ئەوەی ئەم کارە کورتخایەن بوو – لەرێگەی گەشەپێدانی شەفاف و گشتگیرەوە وە نوێکردنەوەی زانیاریەکان و بەجۆرێك کە رەنگدانەوەی نیگەرانی و پێداویستیەکانی کارمەندانەوە. ئەمەش بوو بەهۆی چاودێریکردن و بەشداریکردن لەرێگەی گروپی تایبەتی کار هەروەها وەرگرتنی راوبۆچونیان وە بونی میکانیزمێکی رەخنەیی بەجۆرێك ناو و ناسنامەی کەسەکان پارێزراو بوون. دوای ئەوەی کارە کورتخایەنەکە کۆتایی هات، پرۆژەکە هاریکاریی و راوێژکاریی پێشکەش دەکرد بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون بتوانن بەدوای کاری تردا بگەرێن. ئەمەش لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا روویدەدا و سەرپەرشتی دەکرا لەلایەن هاوبەشە جێبەجێکارەکانەوە، هەروەها گرنگی بەو توانا و بەهرەمەندیە دەدات کە تازە بەدەست هاتبوو. راهێنانی تەندروستی و سەلامەتیش دابینکرا بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی سودمەندبووان.

### رەهەندی 2 – پشتیوانی خێزان و کۆمەڵگە

پێوەرەکانی ئەم ئاستە ئامانجی ئەوەیە کە پشتیوانی هەمەلایەنە و هاوبەندی کۆمەڵایەتیانە لەناو کۆمەڵگە و خێزان بەهێز بکات. دووبارە دامەزراندنەوەی تۆرەکانی کۆمەڵایەتی یارمەتی تاکەکانی بە ئامانج وەرگیراو لە دانیشتوان دەدات کە ئەزمونی خۆیان هەڵبەسەنگێنن و مامەڵە لەگەڵ بەربەست و ئاڵنگاریەکان بکەن. لەم رووەوە تێگەشتنێکی گشتگیر لە کەلتور و تایبەتمەندیەکانی تر پێویستە.

پێوەرەکان لەم ئاستەدا بریتین لە:

- دۆزینەوەی ئەندامە ونبوەکان و بەیەك شادکردنەوەیان لەگەڵ خێزانەکانیاندا.
- هەڵمەتی بونیاتنەرانە بۆ تێگەشتن و راهاتن لەگەڵ رابردوودا.
- چالاکی تایبەت بەبژێوی.
- میتۆدەکانی پلاندانانی خێزان
- پرۆگرامی پاڵپشتی و پشتیوانی بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی ناتوندوتیژی خێزانیی
- گروپی ژنان
- یانەکانی گەنجان
- چالاکی فەرمی و نافەرمی پەروەردەیی
- پرۆسەی ماتەمینی دەستەجەمعی
- دووبارە راهاتنی جەنگاوەرانی پێشوتر و گەرانەوەیان بۆ ناو دێهاتەکانی خۆیان ئەویش لەرێگەی پاکبوونەوەی نەریتی و کەشی تەوبەکردن.
- دووبارە بونیاتنانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان گروپە دژیەکەکاندا.

نمونە: تۆپی پێ وەك پێوەرێکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. یاریەکی تۆپی پێ لەنێوان گەنجان و سەرپەرشتی کردنی لەلایەن دادوەرێکەوە کە ڕاهێنراوبێت لەدابینکردنی هاریکاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی (PSS) نمونەیەکی باشە بۆ ڕەهەندی 2 ی پێوەرە دەرونی ـ کۆمەڵایەتیەکان ئەگەر بەجۆرێك دابرێژرێت، پشتگیری بکرێت و بەرێوە ببرێت بەشێوازێك کە بوار بە یاریزانەکان بدات بۆ ئەزموونکردنی:

- هاوسۆزی لەگەڵ یەکتردا
- دادپەروەریی
- هاریکاری کردن
- کۆنترۆڵ
- بەهێزکردن و پێدانی دەسەڵات
- هەستی بوون بەبەشێك لە گروپ و ئەندامبوون
- ئەزمونی ڕەچاوکردنی یاساکان بەبێ ئەوەی هەست بکەیت ئەو یاسایانە سنوردارت دەکەن
- دەرفەتی تاقیکردنەوەی ناتوندوتیژی و چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی داهێنەرانە
- بەکارهێنانی پەیوەندیکردنی بونیاتنەرانە وە ستراتیژەکانی بەدەستهێنانی ئامانج
- بیرکردنەوە لە چۆنیەتی ئیدارەکردن و بەرگەگرتنی هەستەکان
- توانای چێژوەرگرتن لە سەرکەوتن و بەرگەگرتنی دۆڕان و شکست

ئەگەر هاتوو یاریەکی لەم شێوەیە سەرپەرشتی نەکرا لەلایەن ڕاهێنراوێکەوە ڕەنگە بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی بەهێزکردنی وێنە نەهامەتییەکانی دوژمنایەتی، ڕەفتاری هەڕەشەکاری، و بێ متمانەیی، و پەراوێزخستن، و خۆسەپاندن. هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی هەستی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و بێدەسەڵاتی, هاندان بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزی، وە ببێتە هۆی خاڵیکردنەوەی ویستە وێرانکاریەکان لەدژی لایەنی بەرامبەر یان تەنانەت لەدژی هاورێیانی هەمان تیپ. لە حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا یاریەکی وەرزشی وەك تۆپی پێ ناتوانێت ببێتە

هۆی پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی (PSS) بەڵکو لەڕاستیدا ئەگەرەکانی پێکدادان و گرژی و ململانێ زیاد دەکات و دەکرێت وەها لێی بڕوانرێت کە دەبێتە هۆی بێدەسەڵاتکردنی یاریزانەکان.

نمونەیەك لە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. ڕێکخراوی منداڵپارێزی لە ساڵی 2011 وەوە پشتگیری ئەو پرۆژانە دەکات کە دەبنە هۆی سیستەمی پشتیوانیکردنی منداڵان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە لە وڵاتی لوبنان. لوبنان لە ئێستادا 1,5 ملیۆن پەنابەری لەخۆ گرتووە و 50٪ زیاتری ئەو ژمارەیە منداڵن. زۆربەی ئەم منداڵانە پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتیان پێویستە بۆ پرۆسەکردنی ئەزمونی ئاوارەبونیان. منداڵپارێز هەستا بە بەکارهێنانی چەمکێکی بەکارهێنراو و تاقیکراوە بۆ دابینکردنی شوێنی مانەوە و ژینگەیەکی سەلامەت بۆ یاریکردن وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پێداویستیەکانی منداڵانی پەنابەر و خێزانەکانیان. ئەم ژینگە سەلامەت و دۆستانەییەی منداڵان ڕێك لەتەنیشت ناوەندەکانی تۆمارکردن دروستکران وەلەرێگەی چالاکیە ئامانجدارەکان و پێداویستیەکانەوە ڕۆتینیاتێکی سەقامگیری وایان بۆ منداڵان دروست کرد کە توانیان جارێکی تر ئەزمونی منداڵی خۆیان بکەنەوە. ئەمەش وەك دەرچەیەکە بۆ ڕێگەدان بە کارمەندانی ڕاهێنراو کە بتوانن ئەو منداڵانە بناسنەوە کە پێداویستیەکی تایبەتیان هەیە یان ئەزمونی توندوتیژیان کردوە یان لە بەردەم مەترسی و دەستدرێژیدان وە لەهەرکوێدا پێویستی کرد پلان دابنێن بۆ بەرێوەبردنی کەیسی تاکەکان. بەپێ ی تایبەتمەندی هەریەکە لەکەیسەکان وە بەگفتوگۆ و ڕاوێژکاری لەگەڵ خێزانەکانیان کەیسی هەریەکە لەو منداڵانە ئیحالەی لایەنی پەیوەندیدار بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و ڕێکخراوە هاریکارییەکان دەکرێت. کارمەندی ڕاهێنراو لە منداڵپارێز سوود لە شێڵتەر و ناوچە سەلامەتیەکانی یاریکردن وەردەگرن بۆ پێدانی زانیاری دەربارەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و

مەترسیەکان بۆ منداڵان. وەك پێکهاتەیەکی تری پشتیوانی و هاریکاری، ڕێکخراوی منداڵپارێز هەڵدەستێت بە فراوانترکردنی ناوەندەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و تواناکانی ئەوان فراوانتر دەکات بۆ دابینکردنی پارێزگاریکردن لەمنداڵ و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان. ئەم سەنتەر و ناوەندانە لەناوخۆدا هەڵقوڵاون –لەبری حکومەت– دەتوانن خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پزیشکی و دەروونی پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن بۆ خەڵکی ناوخۆ و پەنابەران. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوان کەموکوریان هەیە لەرووی کەرەستە و پسپۆری. ڕێکخراوی منداڵپارێزی ڕاهێنان بە کارمەندە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لەسەر چەمکی شوێنی مانەوە و شێڵتەر و ناوچەی یاریکردنی سەلامەت و فریاگوزاری خێرای دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. ئەم سەنتەرانە یارمەتیدەر و پشتیوانن بۆ تۆری پەیوەندی لەگەڵ دابینکەرانی خزمەتگوزاری دیکە. ڕێکخراوی منداڵپارێز یارمەتی ناوەند و سەنتەرەکان دەدات بۆ دارشتنی پلانی کارکردن لەسەر ئاستی ناوخۆدا بۆ دەوڵەمەندکردنی خزمەتگوزاریەکانیان. ئەمەش دڵنیامان دەکاتەوە لە بەشداریکردن و بەهێزکردنی پێکهاتە خۆجێییەکان. هەنگاوێکی تر بریتیە لە دروستکردنی تیمی خولاو لەم سەنتەرانەدا بۆ ئەوەی منداڵانی نیشتەجێی شوێنە دووردەستەکانیش سوودمەند بن لە خزمەتگوزاریەکانی پاراستن. ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە پلانی نیشتمانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی منداڵان و ژنان لە لوبنان, وە دڵنیابونەوە لە هەماهەنگی و بەردەوامێتی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا.

### ڕەهەندی 3 – پشتیوانی سۆزداریی و کۆمەڵایەتی بۆ تاك و خێزان و گروپەکان

ڕەهەندی سێیەمی هەرەمەکە بریتیە لەو پێوەرانەی پشتیوانی کە پێویستیان بە ئاستێکی بەرزتری ڕاوێژکاری و کاری بونیاتنانی پەیوەندیەکانیان هەیە بەبەراورد بە ڕەهەندی 2. ئامانجەکەش سوککردن و کەمکردنەوەی ئازاری ئەو کەسانەیە کە بە ئەزمونێکی سەخت و دژواری ناسەقامگیریدا تێپەریون بەهۆی توندوتیژی, شەر و کارەساتەوە. ئەم کەسانە پێوەری ڕەهەندی 2 زۆر کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر ناکات. خەڵك لە بارودۆخێکی وەهادا لەرووی کۆمەڵایەتیەوە پاشەکشێ دەکەن بۆیە بەشداری چالاکیەکانی ڕەهەندی 2 ناکەن. وەك چەمکێکی پشتیوانی بۆ ئەو خەڵکانەی باری دەروونیان ناجێگیرە و لەم دوایانەدا روبەرووی مەترسی مان و نەمان بوونەتەوە. فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی (PFA) بەشێوەیەکی سەرەکی لەم ئاستەدا کاردەکات.

فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی تەکنیکێکە لەلایەن پسپۆرە نێودەوڵەتیەکانەوە گەشەی پێدراوە ئامانجی هاوسەنگی و سەقامگیریە لەدوای تێکچونی هەست و سۆز وە لەهەمان کاتدا ڕێگری دەکات لە ئازاردانی زیاتر. ئەمەش لەرێگەی گوێگرتنی چالاکانە دێتە دی هەروەها لە ڕێگەی یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە کاریگەربوون

نمونەیەك لە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. لەساڵی 2016 وە مێدیکا مۆندیال و هاوکاری سەرقاڵی پرۆژەیەکن کە داڕێژراوە بۆ بەهێزکردنی حکومەتی خۆجێیی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ڕاوێژکاری دابین دەکەن بۆ ئەو ژنانەی ئەزمونیان هەیە لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا. ئەوان لەپارێزگای دهۆك و هەرێمی گەرمیانی سەر بەپارێزگای سلێمانی کاردەکەن کە دەیان هەزار ژن و پیاو فڕێنران و کوژران لە ساڵی 1988 وەك بەشێك لە هەڵمەتی ئەنفال کە ڕزگاربوان زیاندانی کران و دواتر گوازرانەوە بۆ کامپە زۆرەملێکانی تری مانەوە. ئەم هەرێمە هێشتا دەناڵێنێت بەدەست ئاسەوارەکانی ئەم توندوتیژیە بەکۆمەڵیە لە ئێستادا. لەدوای دەرکەوتنی داعش لە ساڵی 2014 دا ئەم هەرێمە دیسانەوە توشی ململانێ و توندوتیژی بویەوە: دەیان هەزار پەنابەر لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و دیالە ئاوارەی ئەم هەرێمە بوون و هێشتا هیوای گەرانەوەیان نیە. کۆمەڵگەی خانەخوێ گیری خواردوە لەنێوان هاوسۆزی و هاوخەمی بۆ ئاوارەکان و هەستێکی قوڵی ڕقلێبوونەوە بەهۆی مێژوی توندوتیژیەوە. بۆ هێورکردنەوەی ئەم گرژیانە و بۆ پشتیوانیکردنی گفتوگۆ و دیالۆگ، ئەم پرۆژەیە پشتگیری ئەو ژنانە دەکات کە ئەزمونی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی کەڵەکەبووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بونەتەوە –چ لەناو کامپی ئاوارەکان چ لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێدا. ئەم پرۆژەیە هەڵدەستێت بە ڕاوێژکاری ڕاستەو

بۆ ژنان لەڕێگەی تیمە گەڕۆکەکانی هاوبەشە ناوخۆکان هەروەها هەبونی پێوەر بۆ بەهێزکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەنتەری ڕاوێژکاری هەیە کە پاراستن لەلایەن پۆلیسەوە دابیندەکرێت وە ڕاوێژکاری دەرونی ـ کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژنانە دابین دەکات کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت. پرۆژەکە هاریکاری لۆجیستیکی بۆ ئەم سەنتەرانە دابین دەکات. کارمەندانی حکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سوود دەبینن بۆ بونیاتنانی تواناکانیان لەڕێگەی ڕاهێنان و بیرکردنەوە لە ئەزمونی خود ئەویش بەپێشکەشکردنی ڕابەرایەتی. لەهەمان کاتدا پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت بەجۆرێك بەهەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ زەبری دەرونیدا بکەن. لەناوچەی گەرمیاندا پرۆژەکە هەماهەنگی دەکات

لەگەڵ پرۆژەی ڕێکخراوی هاوکاری بۆ بەهێزکردنی ناوەندەکانی ڕاوێژکاری حکومی بۆ خێزانەکان و دروستکردنی هاوپەیمانی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ هەرچی زووناسینەوە و ڕێگریکردن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری جێندەری. ڕێچکەیەکی گشتگیری ئامۆژگاریکردن هەیە پشت بەسەرچاوەکان دەبەستێت بۆ بەهێزکردن و پێدانی دەسەلات و ڕاوێژکاری تەندروستی و یاسایی و دەرونی ـ کۆمەلایەتی دەگرێتە خۆ. کۆرسی ڕاهێنان و زانیاری یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی تانەلێدان ولەکەدارکردن و دروستکردنی وێنەی باو بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لە خزمەتگوزاریەکانی ڕاوێژکاری. ستراتیژەکانی نێوەندگیریکردن لەنێوخێزان و لەناوخۆدا بەشێوەیەکی چالاکانە ئەندامە نێرینەکانی خێزانەکان بەشداری پێدەکەن و ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە باشکردنی بارودۆخ و ژیانی ژنان. پێوەرەکانی بونیاتنانی تواناکان بۆ پسپۆرە ناوخۆییەکان جەخت دەکاتە سەر دەوڵەمەندکردن و سوود وەرگرتن لە زانیاری ناوخۆیی و ئەو ڕێچکانەی کە کاریگەرن. هەموو پرۆژەکان پشتیوانی پێکهاتەکانی حکومەت دەکەن و دڵنیان لە ئیدامە و بەردەوامی بونیان. لەڕێگەی بەهێزکردنی توانای هاوبەشەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ کارکردن لەگەڵ ئاژانسەکانی حکومەتدا, پرۆژەکانی ئەوان پشتگیری خزمەتگوزاریە ڕاوێژکاریەکان دەکات کە تەرکیزیان لەسەر ژنە و ئامانجیان ئەوەیە کە پەیوەندیە جێندەریەکان بگەیەننە ئاستێکی بەرزتر.

## ڕەهەندی 4 – خزمەتگوزاریە کلینیکیە تایبەتەکان

ئەم خزمەتگوزاریانە بریتین لە ستراتیژە تایبەتەکانی دەسوەردانی کلینیکی کەلەلایەن دەروونشیکار و چارەسەرکارە دەروونیەکانەوە جێبەجێ دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەرگە بگرن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەزمونی توندوتیژی ، لەدەستدان، خەفەت، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، و زەبری دەرونی. ئەو کەسانەی کە دەناڵێنن بەدەست پلەجیاوازەکانی شڵەژانی باری دەروونی یان کێشەی تەندروستی هزری و دەروونیان هەیە هەندێك جار پێویستیان بە پشتیوانی تایبەتی پسپۆرەکان هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن بەرگەی بارودۆخی ناهەمواری ژیانیان بگرن. ئەمەش دەکرێت لەشێوەی چارەسەری دەروونی ـ کۆمەلایەتی چ لەسەر ئاستی تاك یان خێزان و دەروونشیکاری و چارەسەر بەدەرمان و ڕاسپاردەی دەرمانسازیەوە بێت. پێویستە چارەسەر بەدەرمان و ڕاسپاردەی دەمانسازی و دەروونی تەنها لەلایەن پسپۆری تایبەتەوە بێت ئەویش بەهەماهەنگی چارەسەرکاری دەروونی. پێویستە تەکنیکەکانی پەیوەست بە زەبری دەروونی هەر لەخۆوە نەگیرێتە بەر – پێویستە بارودۆخی تایبەتی هەموو کەسێك بەهەند وەر بگیرێت. پێویستە کاریگەریە گشتیەکانی دەسوەردان تەنها پێوەر نەبێت بۆ بەکارهێنانی. پێویستە میتۆدەکە باش بگونجێت لەگەڵ واقیعی ژیانی ڕۆژانەی کەسەکە بۆ ئەوەی مە بەستەکە بپێکێت کە ئەویش هێورکردنەوە و ئاساییکردنەوەی حاڵەتەکەیە. ڕێچکەکانی چارەسەری دەروونی کە پێویستی بە ڕووبەڕووبونەوەی ئازارەکانی کەسەکان هەیە وەك کلیلی سەرەکی زاڵبوون بەسەر ئەم ئازارانەدا پێویستە پیاچونەوەی بۆ بکرێت و گونجاو بێت. ئەو خواستەی کە پێی وایە دەبێت دەسوەردان ڕێك بەوجۆرە بێت کەلەڕێبەر و نامیلەکە ستانداردەکاندا هاتوە شکست دێنێت لە بەهەند وەرگرتنی بارودۆخە کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریەکان هەروەها ئەو بارودۆخانەی پەیوەستن بەهۆکارەکانی توندوتیژییەکەوە. پێویستە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ڕێچکەی دەسوەردانە بینەوە ئەویش لەڕێگەی دارشتنی دەسوەردانێکی فرەرەهەندیانە [30].

نمونەیەك لە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. پرۆژەی بەلسەم کەلەلایەن هێڵپ و ئی ڤی و چاریتی زانکۆی بەرلین لە ئوردن لەساڵی 2014 دا ئەنجام دراوە. مەبەستی ئەم پرۆژەیە پەنابەرانی سوری و هاولاتیانی ئوردنە کە پێویستیان بەدەسوەدرانی دەروونی هەیە. پشتیوانییەکە پێشکەشکراوە بۆ ژێرخانی ناوخۆیی کە پێشکەشکردنی چاودێری سەرەتایی دەروونی و پزیشکی دەروونی لەخۆدەگرێت لە سێ ناوەندی تەندروستی دیاریکراودا بەهەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی وە پشتگیری نزیکەی 40 دامەزراوەی ناوخۆیی. جگە لەمەش، بەلایەنی کەمەوە ساڵانە چوار کۆرسی ڕاهێنان بۆ پسپۆرە ناوخۆییەکان ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئامادەیی ناو پۆل و بەشێوەی ئۆنلاین. وە زیاتر لە 30 چالاکی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پەروەردەی دەروونی لە قوتابخانە و کۆمەڵگەکاندا ئەنجام دەدرێت لە ساڵێکدا. دەروونشیکارەکان و دەروونناسەکان کە بەشداری ئەم پرۆژەیان کردوە خەڵکی سوریا و ئوردن بوون. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیەش بۆ بەتواناکردنی خەڵکییە لەوەی کە دروست دەروونی وەك مافێك ئەژمار بکەن. لەڕێگەی بەشداریکردنەوە خەڵك توانای بەهێزدەبێت لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی وەپشت بەست بە شیکردنەوەی پێداویستیەکان. ڕاهێنان

و چارەسەرەکان خەڵکە شکستبارەکانیان کردوە بە ئامانج. لایەنی جێندەری و فاکتەرە هەستیارەکانی زەبری دەروونیان بەهەند وەرگرتوە. جگە لەسوودمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵدا پرۆژەکە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ئامانجدار دابین دەکات لەگەڵ دابینکردنی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلایەتی تایبەتمەند و چارەسەری دەروونی و سیستەمێکی ئیحالەکردنی کاریگەر.

## چەمکی گشتگیر – پێکەوەگرێدانی هەرچوار ڕەهەندەکە

پێوەرەکانی بەهێزکردنی خزمەتگوزاریەکانی MHPSS لەهەر چوار ڕەهەندی هەرەمەکەدا وە لەکوێدا پێویستی کرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوریانەی کە پێویستە لەهەمان کاتدا دابین بکرێت ئەویش بۆ پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزاریەك بۆ پەنابەران بەجۆرێك کە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ئەوان دابین بکات تا ئەوپەری توانا، لەهەمانکاتدا کەمکردنەوە و سووککردنی ئەرکی سەرشانی کارمەندانی گەشەسەندن.

نمونە ڕێچکەیەکی گشتگیر لە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پێوەرەکانی هاریکاری فریاگوزاری بۆ پەنابەران بەپاڵپشتی میدیکۆ ئینتەرناشناڵ لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لەدوای پەلامارەکانی داعش لە ساڵی 2014 بەندە لەسەر چەندین ساڵ هەماهەنگی و هاریکاری ڕێکخراوی ڕێکخراوی جیهانی و هاوبەشی ناوخۆیی (ڕێکخراوی خانزاد بۆ ژنان و دامەزراوەی تەندروستی کوردستان). ئەم کارانە جێبەجێکراوە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن کۆمیتەکانی ناوخۆ و بەهەماهەنگی پێکهاتەکانی یارمەتیدانی خودی پەنابەران. لەرێی دیالۆگ و گفتوگۆی بەردەوامەوەو پرۆژەکە هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی پێداویستیەکان و پێوەرەکان گەشەپێدەدات و دەوڵەمەندیان دەکات لە پرۆسەیەکدا کە بەبەردەوامی چاودێری پێداویستیە تایبەتە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان دەکات بۆ متمانە و پشت پێبەستن و ئەزموونی هەڵویست وەرگرتن و بەهاناوەچوونی خود. لەهەمانکاتدا هاندانی پێکهاتەی سەقامگیر

## 8. ئەو هەنگاوانە چین کە دەبێت بگیرێنە بەر بۆ دڵنیابونەوە لە خۆشبەختی و سەلامەتی کارمەندانی بواری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی؟

دروستی دەروونی و (پرۆفیشناڵ) بوونی کارمەندانی بواری MHPSS – ستاف و کارمەندانی ناوخۆیی و نیشتمانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بن یان کارمەندانی ڕێکخراوە هاوبەشە ناوخۆییەکان بن – گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ دابینکردنی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. لەسەر ئاستی کاری ڕۆژانەیاندا کارمەندانی بواری MHPSS کاریگەر دەبن بە ئازار ئێش و ناعەدالەتی و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤەوە لە ژینگە ناسەقامگیرەکاندا. بۆ دڵنیابونەوە لە کارمەندانمان کە دەتوانن هەر بە هاریکار و هاوسۆزی بۆ ماوەدای درێژخایەن بمێننەوە، پێویستیەکی پرۆفیشناڵی و پیشەیی هەیە کە دەبێت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە MHPSS پارێزەری تەندروستی و سەلامەتی کارمەندانی خۆیان بن. ئەگەر کارمەندان نەتوانن هەستن بە کەمکردنەوە و ناسینی ئەو فشارانەی کەلەسەر باری دەروونیانە ئیتر ئەوان چۆن دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی فشار و ئازارەکانی ئەزموونی زەبری دەرونی کەسانی تر. ئەگەر کارمەندان نەتوانن باری دەروونی خۆیان و تەندروستی دەروونی خۆیان بەباشی بپارێزن و ڕێکبخەن ئەگەری ئەوە هەیە کە گرژی دروستبکەن و فشار و ماندوبونە دەروونیەکانی کارمەندان بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان پێویستیان بەوەیە یارمەتیان بدرێت. بەسەرکەوتووی جێبەجێکردنی پێوەرەکان بۆ پاراستنی کارمەندانی ڕێکخراوێك پێویستی بە گەشەپێدانی بەردەوامی ڕێکخراوەکە هەیە – ستراتیژی بەرفراوان بۆ گرنگی پێدانی کارمەندان, وە بەنێودەوڵەتیکردن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە لەهەموو ئاستە (هەرەمی)یەکاندا.

گی پێدانی کارمەندان, وە بەنێودەوڵەتیکردن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە لەهەموو ئاستە (هەرەمی)یەکاندا.

رێکخراوەکان دەتوانن رۆڵی باشیان هەبێت لە باشبوونی تەندروستی کارمەندەکانیاندا. بۆ نمونە، ئەو خزمەتگوزاریانەی کە تایبەتن بە پشتگیریکردنی کارمەندان لەناو کەلتوری رێکخراوەکەدا بونیان هەیە، بۆ دروستکردنی ژینگەیەکە کە کارمەندان هاریکاری یەکتر بن و گفتوگۆ و گۆرینەوەی بۆچونیان هەبێت دەربارەی نیگەرانی و کێشەکانی یەکتر. پێویستە ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە تێکهەڵکێشی کارەکانی ئەوان بێت و پەیوەست بکرێن بە ستراتیژەکانی بەتەنگەوەهاتنی خود بۆ هەموو کارمەندان. چالاکی جەستەیی و پێوەری داهێنەرانە و سەرپەرشتیاریکردنی ناوبەناو بوونی هەبێت، و رێچکەی کاریگەر بگیرێتە بەر لەم رووەوە. دروستکردنی ژینگەیەکی هەماهەنگکاری و ژینگەی پارێزراو بۆ دروستکردنی پێکهاتەی پشتگیریکردنی یەکتر و بەدەمەوەهاتن پێویستە بەشێك بێت لە بەرێوەبردنی پرۆژەکان. ئەم ژینگە سەلامەتە کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ دروستکردنی متمانە دەرەخسێنێت و وا لە کارمەندان دەکات هەست بە ئاسایش بکەن هەروەها هەست بکەن ئەوان دەتوانن بەبێ ترس گوزارشت لەهەستەکانی خۆیان بکەن وەك هەستکردن بەلاوازی و نەپارێزراویی و بێهیوایی بوون و نەبونی ئاسایش و تاوان.

بەڵام ، بەتەنگەوەهاتنی کارمەندان تەنها بریتی نیە لە چالاکیەکانی کەمکردنەوەی فشاری دەرونی کارمەندان. رێکخراوەکان پێویستە پێکهاتە و کردارەکانیان پیاچونەوەی بۆ بکەن بە جۆرێك بتوانن دەستنیشانی هەموو مەترسیەکانی سەر خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کارمەندان بکەن. پێویستە ستراتیژەکانی بەتەنگەوەهاتنی کارمەندان بەجۆرێك بێت لە دارشتنی داینامیکی کارکردن و دروستکردنی تیمەکاندا رەنگدانەوەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی ژینگەی کارکردن لەبەرچاوبگیرێت. ئەو رێکخراوانەی کە لەو ناوچانەدا کاردەکەن کە گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەقوڵی دابەش بوون ( بۆ نمونە بەهۆی ئەزموونی ئاڵۆزی توندوتیژیەوە) پێویستە ئەم دابەشبوونە رەنگدانەوەی هەبێت لە ناو رێکخراوەکان خۆیاندا. پێویستە ئەم داینامیکیەی کارکردنە زۆر بە وریاییەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت وە پێوەرەکانی کەمکردنەوەی فشاری دەروونی وەها رێك بخرێت لەگەڵ هەموو ئەندامانی رێکخراوەکەدا گونجاو بێت. رێکخراوی پیشەیی و هاریکار ئەو رێکخراوەیە کە پێویستی بە چوارچێوەیەکی سەقامگیر و نەگۆر هەیە بۆ کارمەندەکانی. ئەمەش دەکرێت خۆی ببینێتەوە لە هەبوونی تۆرێکی پەیوەندیکردنی جێ متمانە لەنێوان کارمەندانی بواری مەیدانی و پێکهاتەی ناوەندی رێکخراوەکە. ئەمە پێوەرێکە رێگر دەبێت لەوەی کە کارمەندانی شوێن و مەیدانی کارە دوورەکان هەست بکەن لە رێکخراوەکەیان و کارمەندانی تری رێکخراوەکە دابراون, پێویستە بەروونی رۆڵ و بەرپرسیاریەتی کارمەندان دەستنیشان کرابێت لەگەڵ سنووردار بوونی تواناکانیان و بەرپرسیاریەتیەکانیان. پێویستە لە ناردنی کارمەند بۆ وەفد و کاری جیاواز رەچاوی گونجاوی کارمەندان بکرێت بۆ ئەو ئەرکەی پێیان دەسپێردرێت هەروەها هەبوونی پێوەرەکانی راهێنانی بەردەوام , هەبوونی شوێنی پشودان و حەسانەوە بۆ کارمەندان لە شوێنی کار, بوونی شەفافیەت و ئەگەریش کرا هەبوونی دەرفەتی پلەبەرزکردنەوە و دڵنیایی پیشەیی و بەرێوەبردنی ئەمن و ئاسایش بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و جێ متمانە.

جگە لەمەش نابێت لەگرنگی کاریگەری شێوازی بەرێوەبردنی خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کەم بکەینەوە. لەناو رێکخراوەکاندا بەرێوەبەرەکان دەتوانن رۆڵی سەرەکی ببینن لە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی بەتەنگەوەهاتن و گرنگیپێدان بە کارمەندان. بەرێوەبەرەکان دەتوانن ببنە نمونەی زیادبونی تێگەشتن و سەرکردایەتیکردن و خۆیان ببنە باشترین نمونە بۆ کارمەندانی دیکە. ئەوان دەتوانن بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵا کارمەندان و هاوپیشەکانیان و گروپە بە ئامانجگیراوەکان بکەن. هەروەها هەمیشە ئەوەیان لەبیر بێت کە گرنگی تایبەت بە خۆیان بدەن.

هەروەها هاندانی ڕەخنە لە خۆگرتن و بیری ڕەخنەییانە بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە لاوازەکانی خود یان سنوردارییەکانی تواناکان کە زۆر گرنگە. ئەگەر هاتوو بەڕێوەبەر لایەنە لاوازەکانی خۆی نیشاندا و بەئاشکرا باسی لێوەکرد ئەم نیشانەی ئەوە نیە کە کارێکی ناپیشەییانەی کردووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر داوای هاریکاری بکەیت وا دەکات کە توانای دانبەخۆداگرتنت بەهێز دەبێت و توانای هاوسۆزیی و هاوخەمیت هەیە. ئەمەش وادەکات کە کارمەندان لە لەکەدارکردن و

قسەوقسەڵۆك و شکست نەترسن. بۆ بەتواناکردنی بەڕێوەبەرەکان بۆ هاریکاری و پشتیوانیکردنی کارمەندان بەبێ ئەوەی توشی فشاری زیاتریان بکات زۆر گرنگە ڕێکخراوەکان وەها لەخۆیان بروانن کە ئەوان لە فێربووندان و بەلای ئەوانەوە جێبەجێکردن و دەوڵەمەندکردنی توانای گرنگی دان بە خودی کارمەندان یەکێکە لە پێویستیە گرنگەکانی هەر ڕێکخراوێك.

توانای ڕێکخراوێك بۆ دابینکردنی بڕی پێویستی پاراستنی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندەکانی بەندە لەسەر ناوەرۆکە تایبەتەکانی پرۆژەکان و ئەو چوارچێوەی داراییەی کە پرۆژەکانی تیا جێبەجێ دەکرێت. پێویستە هەموو دەستپێشخەرییەکانی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی فەند و دارایی و پێویستیان هەبێت بۆ دابینکردنی پشتگیری گونجاوی ماددی و جێبەجێکردنی ناوبەناوی چالاکیە تایبەتەکانی کەمکردنەوەی فشارە دەروونیەکان. بونیاتنانی تیمی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایش و مەودای کارکردنی گرنگتر پێویستە لە پرۆژەکاندا جێگەیان بکرێتەوە. هەروەها گرنگە بودجەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ ژمارەی پێویستی کارمەندان چونکە هەریەکە لەوان توانا و لێهاتووی جیاواز پێشکەش بە ڕێکخراوەکەیان دەکات کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە جیاوازەکان. پشتگیریکردن و هاریکاریکردنی ئەو کارمەندانەی لە مەیداندا کاردەکەن بەتایبەتی کاتێك کە داوای خەرجی زیاتر دەکەن وە دابینکردنی پێوەرەکانی گەشەپێدانی ئیداری بۆ کارمەندان دەرکەوتوە سودی باشی هەیە وە یارمەتیدەری کارمەندانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگاریەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەشێوەیەکی کاریگەرتر. جگەلەمەش, دەستنیشانکردن و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەکتەر و لایەنانەی کە دەستپێشخەریان کردوە لەبواری MHPSS لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتیدا ئاسانکاری دەکات بۆ گۆڕینەوەی ڕاوبۆچون و سوود وەرگرتن لەئەزموونی یەکتر و باشترکردنی ئەدای کار و زیادبوونی ئاستی کاری پیشەیی و پرۆفیشناڵیزم .



## 9. ئایا ئەو پێوەرانەی کەلە ئارادان بۆ هاندانی دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لە بواری هاریکاری گەشەپێداندا بەندە لەسەر چ جۆرە پرینسیپێك و چ جۆرە خزمەتگوزاریەکی ئاست بەرز دەگرێتەوە؟

ئەم خشتانەی خوارەوە پرینسیپە هاوبەشەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کەلەسەری رێککەوتون بۆ دەستێوەردان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دەخەنە روو، هەروەها ئەو خاڵانەیان دەستنیشان کردوە کە پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین [32] [33] [34]. باشتر وایە بیر لە پرینسیپەکانی تاکەکەس بکەینەوە لەکاتی دارشتنی پێوەرەکانی پلاندانان و ئەم پێوەرانەمان لەبیر بێت و بەهەندیان وەربگرین لە جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی دەسوەردانەکان. پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت ئەم پرینسیپانە پێوەری نەگۆر نین: بەڵکو بەردەوام گۆرانکاریان تیادا دەکرێت و گەشەیان پێدەدرێت ئەویش بەپێی ئەزموون و گفتوگۆکانی ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن و هەندێك جار لەمیانەی کاری پرۆژەکاندا گۆرانکاریان بەسەردا دێت. بەشێکی بەهۆی ئەوەیە کە سەرچاوەکان سنوردارن یان بەپێی پێویست نین. لەهەندێك بارودۆخدا پێکداداان یان دژیەکی لەنێوان پرینسیپەکان دێتە ئاراوە. بۆیە بەهەندوەرگرتن و بیرکردنەوە لەم بەربەستانە لەکاتی دارشتنی چالاکیەکاندا یان دەسوەردانەکاندا ئاسانکاری دەکات بۆ

جێبەجێکردنی کارەکان لە دواتردا. بەپشتبەستن بە زانیاریەکانی ئەکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان کەلەبواری دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن ئەم خشتانەی خوارەوە هەموو ئاڵنگاری و بەربەستەکان وەك لیستێك دەخاتە روو بۆ هەریەکە لەبارودۆخە جیاوازەکان و پێشنیارکردنی رێگاکانی چارەسەر بۆ هەریەکە لەو ئاڵنگاریانە. جگە لەمەش پێناسەی هەریەکە لە پریینسیپەکانی دیاریکردوە.

| ژمارە | پرینسیپ (بنەما) | ڕوونکردنەوە | ئاڵنگاریەکان | باشترین شێوازی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جەخت کردنە سەر خەڵك \ تێروانین | ڕەچاوکردنی ئەم پرینسیپە بۆ ئەوەیە کە چاوەروانی بەتەنگەوەهاتنی خود و شکۆی تاکەکان بەهێزتر بکرێت و بەتواناتر بکرێت لەهەموو هەنگاوەکانی دەسوەردانداا. ئەندامانی ئەو گروپانەی بەئامانج دەکرێت توانای کرداریان هەیە و بریاری سەربەخۆ و کۆنترۆڵی خۆیان هەیە. ئەمەش یارمەتی ئەوان دەدان بۆ بەرگەگرتن و زاڵبوون بەسەر ئەزموونی توندوتیژی و لەدەستدان. ئاسۆی ئایندەش لەبەردەمیان کراوە دەبێت.<br><br>ئەگەر ئەم پرینسیپە ڕەچاو نەکرێت ئەوا پەنابەر و ئاوارە ناوخۆکان نابنە تاکی سەربەخۆ و تواناو سەرچاوەیان لەبەردەست نابێت. ئەوان بەشێوەی دەستەجەمعی بەزەییان پیادا دێتەوە وەك گروپێکی بێتوانا و لاواز. مەترسی ئەوە هەیە ئەزموونی بێدەسەلاتی و لەدەستدانی کۆنترۆڵ دووبارە بێتەوە و ئیتر ئەوان پشت بە خەڵکی تر ببەستن بۆهەمیشە. | دابینکردنی ستاف و کارمەندی ڕاهێنراو و بەئەزموون کە تێروانینێکی هاریکاریانە و بۆچونی کراوەیان هەبێت بۆ ئەو گروپانەی کاریان لەگەڵدا دەکەن – ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم تێروانینەدا ڕاهاتوون – لە واقیعدا زەحمەتە. بەهۆی کەمی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکانەوە ناتوانرێت سەرپەرشتیاری هاریکاریانە و پشتیوانی دابین بکرێت. زۆر بەدەگمەن کاریگەری ڕەفتاری کارمەندان لەسەر گروپی ئامانجدار چاودێری و پیاچونەوەی بۆ دەکرێت. لەزۆربەی کەیسەکاندا بەهۆی کورتی ماوەی پرۆژەکانەوە ناتوانرێت کە گروپی ئامانجدار بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداریان پێ بکرێت و بەرپرسیارێتی بریارەکانیان وەربگرن. | پێویستە دارشتنی پرۆژە و پلانەکان لەسەر بنەمای پێداویستی گروپەکان دیاری بکرێت. وە پێویستە هانی گروپە ئامانجدارەکان بدات راوبۆچونی خۆیان دەربرن دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان. لەرێگەی گواستنەوەی بەرپرسیاریەتیەوە سەربەخۆیی و کۆنترۆڵ بەهێزتردەبێت و متمانەش دەخاتە روو. بۆ نمونە لەجیاتی پێدانی کۆبونی خۆراك و پێداویستیەکان پێویستە خێزانەکان داهاتیان هەبێت لەناو کامپەکاندا. کلیلی سەرەکی متمانەی هەمەلایەنانە بەندە لەسەر متمانە و پاراستنی نهێنی و بریارو شەفافیەتی رێکخراوەکان. |
| 2 | مافەکانی مرۆڤ | ڕەچاوکردنی ئەم پرینسیپە ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ مافی جیهانین و کەس بۆی نیە خەڵکی لێ بێبەش بکات لەسەر بنەمای نەتەوە و پێگەی نیشتەجێبوون (35). ئەمەش دەگونجێت لەگەڵ ''مافی هەموو کەسێکە کە سوودمەند بێت لەبەرزترین ئاستی (....) دروست دەروونی''.<br><br>ڕەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە دەبێتە هۆی جیاکاری لەدژی هەندێك گروپی کۆمەڵایەتی وەك پەنابەران و ئەوانەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی نیشتەجێی شوێنێکن و ئەمەش عەدالەت نیە و تەنها لەرێگەی پێوەری تاکەکەسیەکانەوە چارەسەر دەکرێت. هیچ رێچکەیەکی ناسراوی مافەکانی مرۆڤ نیە. | لەهەندێك حاڵەتدا رێچکەی مافەکانی مرۆڤ رێگری بۆ دروست دەبێت. چونکە ئەم رێچکەیە جاری وەها هەیە وا دەبینرێت کە لە گوتاری رۆژئاواوەوە هاتووە و لەگەڵ چەمکە ناوخۆییەکاندا یەکناگرێتەوە وەك پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیانە و دەستەجەمعی و بەهاکانی خێزان. لەکاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکاندا لەوانەیە قورس بێت هاوسەنگیەك بدۆزیتەوە لەنێوان هەستیاری کەلتوری و نیازی گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ کە پشتگیریە بۆ توانای بریاردانی تاکەکەسیانە. | پێویستە هەموو رێکخراوێکی جێبەجێکار رێبەریکاری ئیتیکی خۆی هەبێت کە گرنگی بە چەمکە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا و هاریکاری هەمەلایەنانە بدات. پێویستە هەمیشە دەرفەتی ئەوە بدرێتە گروپەکان کە راپۆرتی هەر پێشێلکاریەك بکەن لەدژی شکۆمەندیان. پێویستە خۆمان لەو بارودۆخانە بەدوور بگرین کە تیایدا گروپە جیاوازەکان کێبرکێی یەکتر بکەن بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەکان. بەڵکو دەبێت جەخت بکەینە سەر رۆحی هاریکاریکردن و هاوسۆزی بەهێزکردنی خەڵك بۆ داواکردنی مافە رەواکانی خۆیان. |
| 3 | تەبایی لەگەڵ رێچکەکانی تر | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە پرۆژەکان لەسەربنەمای پێداویستیەکان رێکدەخرێن (بەندە لەسەر هەڵسەندگاندنی نێودەوڵەتی لەم کەرتەدا) وە کارکردن بەشێوەی هەماهەنگی و تەواوکردنی کاری یەکتر لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کەلەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکاندا پلانی بۆ دانراوە. کارەکان دەبێت تەواوکەر بن لەگەڵ دەستپێشخەری و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و مەترسی ئەوەی لێنەکرێت دوبارە بن.<br><br>ئەگەر ئەم پرینسیپە ڕەچاو نەکرێت ئەوا پەنابەر و ئاوارە ناوخۆکان نابنە تاکی سەربەخۆ و تواناو سەرچاوەیان لەبەردەست نابێت. ئەوان بەشێوەی دەستەجەمعی بەزەییان پیادا دێتەوە وەك گروپێکی بێتوانا و لاواز. مەترسی ئەوە هەیە ئەزموونی بێدەسەلاتی و لەدەستدانی کۆنترۆڵ دووبارە بێتەوە و ئیتر ئەوان پشت بە خەڵکی تر ببەستن بۆهەمیشە. | بەشێوەیەکی گشتی هەماهەنگیکردن لەسەر ئاستی نیشتمانی و دامەزراوەکانی حکومەت بۆ دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵآیەتی گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە. جگە لە خزمەتگوزاریەکانی تۆری پەیوەندیکردن کەمەبەستی سەرەکی ئاسانکاریە بۆ ئیحالەکردنی راستەوخۆ و رێگریکردن لە دووبارەبونەوە و کێبرکێ کردن لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی تر, کێشەیەکی تر بریتیە لەکەموکوری و نەبونی پێوەری گشتی بۆ دەسوەردانەکانی دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵآیەتی. بەرپرسیارێتی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆرێت و زۆرجار بەرپرسیارێتی لەنێوان وەزارەتەکاندا دابەش دەکرێت (وەك وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە و کاروباری کۆمەڵایەتی) یان لەنێوان دەستەکاندا کە دەبنە رێگریکردن لە هەماهەنگیکردن بۆ دەسوەردان و گەشەپێدانی رونی چەمکەکان لەکەرتی MHPSS. | لە دارشتن و پێوەرەکان و پلانەکاندا پێویستە پێوەرە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان بەهەند وەربگیرێن. هەروەها هەماهەنگی و هاریکاری لەنێوان ئەکتەرەکانی کارە مرۆییەکان و گەشەپێداندا بکرێت. ناوبەناو کەرەسەتەکانی پلاندانانی هەر 4 هەفتەیەك نوێ بکرێتەوە (کێ چی دەکات, لەکوێ و کەی) سودی دەبێت. بونی هەر کەموکوریەك لە هەماهەنگی نێوان کارمەند و بەرێوەبردن و بەخشەرەکان پێویستە دەستنیشان بکرێت. لەرێگەی هاریکاری و هەماهەنگیەوە لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت و هەماهەنگی نێوان ئەکتەرە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکرێت رێگری بکرێت لە دابەشبوونی زیاتر بەمەبەستی بەهێزکردنی پێکهاتە خۆجێی یەکان. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | بهەستیاری کەلتوری و بارودۆخەکان | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە پرۆژەکان لەسەر بنەمای هەستیاری و گونجانی کەلتوری و بارودۆخەکان جێبەجێ دەکرێن و ئەکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانیش بەکاریگەر و بەها لێی دەڕوانن.<br><br>گەر ئەم پرینسیپە رەچاو نەکرێت پرۆژەکان لەسەر بنەمای دەشوەردانی گەردوونی و جیهانی جێبەجێ دەکرێن و کێبرکێ دەکەن لەگەڵ ستراتیژ و پێکهاتەکانی ناوخۆ بۆ خۆگونجان و بەرگەگرتن. رێچکەکانی رۆژئاوا دەگیرێتە بەر بەبێ ئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی ناوخۆیی و کەلتوریدا بیگونجێنن. | خێزان و کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکی دەبینن لە کاری دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلآیەتی. ترسی لەکەدارکردن و تانەدان لە گروپی کۆمەڵایەتی تایبەت و دروستکردنی هەڵە لەیەکتێگەشتن و لەناو کۆمەڵگەدا رێگر دەبێت لەوەی خەڵك داوای هاوکاری بکەن. هەندێك جار بەها و تێروانینی تەقلیدی و نەریتی یەکناگرێتەوە لەگەڵ پێوەرەکانی دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلآیەتی کە مەبەستی ئەوەیە گروپی شکستەبار بەهێز و بەدەسەڵات بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی متمانە. بیروباوەڕی ئاینی و پاشخانی کارمەندان رۆڵی گرنگی دەبێت لە دەست گەشتن بە ئەو گروپانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. هەروەها ئایدۆلۆژیا و بۆچونە لاشعوریەکانی کارمەندان کاریگەری دەبێت لەسەر کاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی ئەوان. گروپەکان خۆیان پێکهاتەی کەلتوری جیاوازیان هەیە بەپێی ئاین و سیاسەت و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و باری ئابوریان. | دەکرێت لەرێگەی دیالۆگی باش و پۆزەتیفەوە رێگری بکرێت لەو کێشانەی کە روودەدەن لەنێوان ئەندامەکانی گروپە جیاوازەکاندا. هەروەها لە رێگەی بەشدارپێکردنی کارمەندی ناوخۆیی لە پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا. دەکرێت لە قۆناغێکی زووتردا وەڵامی نیگەرانیەکانی گروپەکان بدرێتەوە ئەویش لەرێگەی فرەیی ئاینی و کەلتوری و پێوەرەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ کارمەندان (دەربارەی مەترسیەکانی لەکەدارکردن و تانە لێدان). زۆر گرنگە بەهەستیاری و جۆرێك کارلێك و مامەڵە بکەین لەگەڵ گروپە بەئامانجکراوەکان کە بتوانین متمانەی ئەوان بەخۆیان زیاد بکەین و کێشەکان وەها چارەسەر بکەین کاریگەری لەسەر پێکهاتەی خێزان نەبێت. شیکردنەوەی کاریگەریە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی دابونەریت و نۆرمە باوەکان شێوازەکانی بەرگەگرتن و هەڵکردن سودی باشی دەبێت ئەگەر لەگەڵ کۆکراوەی رێچکەکاندا رەچاو بکرێت. ئەو پرۆژانەی کە مەبەستیانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بهێننە ئاراوە پێویستە گرنگی بەخێزان و ئاین و سیاسەت و کەسایەتیە سەرەکیەکانی ناوچەکە بەشداری تیا بکەن بۆ هاندانی ئەم جۆرە گۆڕانکاریە. |

ئایا ئەو پێوەرانەی کەلە ئارادان بۆ هاندانی دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی لە بواری هاریکاری گەشەپێداندا بەندە لەسەر چ جۆرە پرینسیپێك و چ جۆرە خزمەتگوزاریەکی ئاست بەرز دەگرێتەوە؟

| ژماره | پرینسیپ (بنەما) | ڕوونکردنەوە | ئاڵنگاریەکان | باشترین شێوازی کارکردن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 5 | بەشداریکردن , خاوەنداریێتی | بەڕەچاوکردنی ئەم پرینسیپە چالاکیەکان لەسەر بنەمای ناوەرۆکەکان گەشەی پێدەدرێت وە شیکردنەوەی ململانێکان بە بەشداریکردنی ژنان و پیاوانی گروپی بە ئامانجکراو لەگەڵ نوێنەری پەنابەران و ئاوارە ناوخۆکان وکۆمەڵگەی خانەخوێ. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی پەسەندکردن و خاوەنداریێتی و ئیدامە و بەردەوامێتی پرۆژەکان. چالاکیەکان لەگەڵ وە بە بەشداری<br>ئەگەر ئەم پرینسیپە ڕەچاو نەکرێت ئەوا چالاکیەکان تەنها لەسەر توێژینەوە و ئەزموونی جیاوازتر بونیات دەدرێن. بارودۆخی ئەو شوێنەڕەچاو ناکرێت. چالاکیەکان لەگەڵ نوێنەری پەنابەران و ئاوارەان پلانی بۆ دانانرێت و جێبەجێ ناکرێت. | بەشدارییپێکردنی گروپی بەئامانجکراو زۆر دەگمەنە بەهۆی کەمی سەرچاوەی دارایی و ستافەوە. کورتی ماوەی پرۆژەکان و کەمی مەودای گونجان لە جێبەجێکردنی پێوەرەکان (بەتایبەتی لەناو ئەو ڕێکخراوانەی کە پێکهاتەیەکی هەرەمی دیاریکراویان هەیە) لەزۆر بەی حاڵەتەکاندا هیچ شیکردنەوەیەك بۆ پێداویستیەکان نەکراون وە هاوڕابوون نییە لەسەر چۆنیەتی دەسوەردانەکان. بەخشەرەکان ئەو ڕێچکەیەیان پێ باشە کە بەڵگەی هەبێت (بەپێی ناوەرۆکی دیکە) وەك لە ڕێچکەی پشت بەستوو بە کۆمەڵگەکە. بەهۆی تانەدان و لەکەدارکردن سەبارەت بە دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلآیەتی کەم کەس لەناو کۆمەڵگەکەدا بەشداری دەکات. هەروەها لەزۆر کۆمەڵگەدا ناتوانین هاورایی و هاوبۆچونی دیموکراتیانە ببینین و زۆرجار کێشەی بەدوادا دێت. زۆر قورسە کەسای شکستەبار بەشداریان پێ بکرێت بەهۆی سنورداریێتی توانای ئەوان و فاکتەرە جوگرافی و کۆمەلآیەتیەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە هەڵبژاردنەوەی کۆمەڵە خەڵکانێکی سوودمەندبوو و خاوەن ئیمتیازات وە دووبارە دابران و تەنیاکردنی تاکە کەسە شکستەبارەکان. | لەکاتی دارشتن و جێبەجێکردنی دەسوەردانەکاندا پێویستە بیر لە پێویستی گروپەکان بکرێتەوە. ئەمەش ئاساندەبێت بە هەبوونی شیکردنەوە بۆ پێداویستیەکان و میکانیزمەکانی چاودێریکردن وەك بەشێك لە پرۆژەکان و پێویستە بدرێت بە بەخشەرەکان. بژاردەکانی تریش بریتین لە کاری هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و بونیاتنانی تواناکانی کارمەندانی ناوخۆ. بەشدارییپێکردنی گروپەکانی ناو کۆمەڵگە (بۆ نمونە گروپی بەئامانجکراو یان نوێنەرە ناوخۆیەکان) دەبێتە هۆی زیاترکردنی خاوەنداریێتی لە پرۆژەکان. دەکرێت سەرەتا پرۆژەیەك بەکاربێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەگشتی گرنگە دڵنیابین کە بەشداریکردنی چالاکانە نابێتە هۆی دروستبونی فشاری زیاتر و بێزارکردنی تاکەکان. |
| 6 | فرەرەنگیو پێکەوەکارکردن | بەڕەچاوکردنی ئەم پرینسیپە پێوەرەکان لەسەر بنەمای پێکەوەکارکردنە و گرنگی بەپێداویستی تایبەتی خەڵکە شکستەبارەکە دەدات (وەك ژنان و منداڵان و بەساڵاچوان و گەنجان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەسانی دەمارگیر و یان ئەوانەی لەبەردەم مەترسی خۆکوشتندان, بێ سەرپەرشتان و گروپە پەراوێزخراوەکانی تر وەك (هاوەرەگەزخوازی مێ و هاورەگەزخوازی نێر و جووترەگەزخواز و ڕەگەزگۆڕ و جووت ڕەگەز). ئەم پێوەرە گرنگی بە فرەرەنگی گروپەکان<br>بەڕەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە, هیچ جیاوازیەك ناکرێت لەنێوان تاکەکان و گروپەکان (بۆ نمونە هەموو پەنابەران زەبری دەرونیان هەیە) ئەمەش دەبێتە هۆی لەکەدارکردن و تانەدان و سەرچاوەکان لاواز دەکات و ئامانجەکان ناپێکێت. هیچ گوێ بە پێداویستیە تایبەتەکانی گروپە جیاوازەکان نادرێت. | لەواقیعدا دەستگەشتن بە گروپە شکستەبارەکان سنوردارە بەهۆی فاکتەرە جوگرافی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی زیاترکردنی جیاکاریی و دابران. هەروەها گروپە جیاوازە لاوازەکان (بەکۆمەڵگەی خانەخوێشەوە) کێبکرێ دەکەن لەسەر سەرچاوەکان. ئەم دۆخەش زیاتر بەهۆی ئەوەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زیاتر جەختیان لەسەر گروپە ئامانجکراوەکانە. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی لەکەدارکردن و تانەدان و مەترسی زیاتری ململانێ. کارمەندان لەنێوان بەها و بۆچونی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان و مانەوە بەبێ لایەنی گیردەخۆن. هەروەها ڕێکخراوەکان هاورانین لەسەر چۆنیەتی پێکەوەکارکردن. | لەپلاندانانی دەسوەردانەکاندا پێویستە ڕەچاوی پێکەوە کارکردن بکرێت. پێویستە بەشێوەیەکی ستراتیژی بیر لە دەست گەشتن بە خزمەتگوزاریەکان بکرێتەوە. بۆ نمونە هاریکاری نێوان ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و هەبونی هێڵی گەرم بۆ بژاردەکانی ئیحالەکردن و باشترکردنی دەست گەشتن بە شوێنە دوورە دەستەکان. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ و پەنابەران ڕێگری دەکات لە ململانێی تر. پێویستە ئامانجی ڕێکخراوەکان بریتی بێت لە پێکەوەکارکردن و بەشداریکردن وە بەبەردەوامی چاودێری بکرێت. |
| 7 | هەستیاری جێندەری | بەڕەچاوکردنی ئەم پرینسیپە پرۆژەکان وەها دادەڕێژرێت و جێبەجێدەکرێت کە ڕەچاوی پێداویستیەکانی ژنان و پیاوان دەکات. بۆ نمونە, ڕەچاوی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی<br>بەڕەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە, پرۆژەکە پێیوایە کە ژن و پیاو بەشێوەیەکی یەکسان سودمەند دەبن. وە ڕەچاوی ئەوە ناکات کە ژن و پیاو بەتایبەتی ئەوانەی ئەزمونی توندوتیژیان بەسەردا هاتوە پێداویستی تایبەت بەخۆیان هەیە. | کارکردن لەگەڵ گروپەکان پەکی دەکەوێت بەهۆی بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە خۆیان بەچەندین شێوە دەردەخەن بەتایبەتی لەسەر بنەمای جێندەر. بەها نەریتیەکان ڕێگری دەکەن لە بەشداریکردن (ژن نابێت بەبێ هاوەڵی پیاو ماڵ بەجێ بهێڵێت یان پیاو دەبێت لاواز دەرنەکەوێت) دەبێتە هۆی ململانێ ی نوێ بەهۆی بوونی هەرەمی نوێ لەناو سیستەمی (خێزاندا). جێندەری کارمەندان کاریگەری هەیە لەسەر بەشداریکردن. سەرەرای ئەمەش زۆر بەکەمی دەسوەردانەکان گرنگی بە پێداویستیە تایبەتەکانی جێندەر دەدەن. | پێویستە دارشتن و چوارچێوەی دەسوەردانەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی نێر و مێ بێت وە گرنگی بە بەربەستەکانی دەستگەشتن بە خزمەتگوزاریەکان بدات. (بۆ نمونە, دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێری منداڵان) پێویستە کارمەندان ئاگاداری گرنگی و کاریگەری جێندەری خۆیان بن. لەباشترین سیناریۆدا پێویستە خزمەتگوزاری بۆ ژنان و پیاوان دابین بکرێت. پێویستە گرنگی بەنیگەرانی و داخوازیەکانی گروپە بەئامانجکراوەکان بدرێت لە میانەی جێبەجێکردنی پێوەرەکاندا. |

4. ئەگەر لە ئێستادا توێژینەوە هەیە لەسەر شێوازی بەشداریکردن لە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی دەسوەردان پێویستە سوود لەم توێژینەوانانە وەر بگیرێت نەوەك دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی چیتر پەنابەران و ئاوارەکان چەندین جار توێژینەوەیان لەسەر نەکرێت.

| ژمارە | پرینسیپ (بنەما) | ڕوونکردنەوە | ئاڵنگاریەکان | باشترین شێوازی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 8 | هەستیاری زەبری دەروونی | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە پێداویستی و تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسانەی کە ئەزموونی زەبری دەروونیان هەبووە گرنگی پێدەدرێت لە پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندی پرۆژەکاندا. هەوڵدەدرێت ڕێگری بکرێت لە دووبارە ئەزموونکردنەوەی زەبری دەروونی و خۆمان بەدوور دەگرین لە زیادکردنی هەر فشارێکی دەروونی.<br>بەرەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە ئەوا پرۆژەکان گرنگی نادەن بە پێداویستیە تایبەتەکانی ئە کەسانەی توشی زەبری دەروونی هاتوون. ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە کولانەوەی برینەکانیان دووبارە ئەزموونکردنی زەبری دەروونی (ڕیتراومەتایزەیشن). | کارمەندان زۆرجار تێگەشتنێکی تەواویان نییە وە هۆشیاریان نییە دەربارەی کاریگەریە دەروونی و سۆزداریەکانی ئەزموونی زەبری دەروونی و جۆری پێداویستیەکان بۆ ئەو کەسانەی ئەو ئەزموونەیان هەیە. کاتێك گرنگی بەکاردانەوەی ئەو تاکانە نادرێت کە زەبری دەروونیان هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی بەزەیی پیاهاتنەوە بەو جۆرە کەسانە و بێدەسەلاتکردنی ئەوان. نەبونی زانیاری پێویست و تانەلێدان و لەکەدارکردن دەبێتە هۆی فشاری زیاتر لەسەر ئەوان و کارمەندانیش. وە کاریگەری پێچەوانەی دەبێت لە دوورمەودادا. | بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەرێگەی فێربوون گرنگە بۆ ئەو کارمەندانەی کە کار لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکەن و ئاگاداری کاریگەریەکانی کارەکانی خۆیان بن. پێویستە ڕێکخراوەکان ستاندارد و پێوەری تایبەتیان هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی زەبری دەروونیان هەیە. پێویستە بەرێوەبردن و بەخشینیش ئاگاداری ئەم پرینسیپە بێت. پاراستنی نهێنی و ڕێزگرتن لە تواناکانی تاکەکان وە سەرچاوەکان دەبنە هۆی هەستی کۆنترۆڵکردن بۆ هەردوولا. ئەرکی سەرشانی کارمەندان سووکتر دەبێت ئەویش بە بیرکردنەوە و تێرامان لەخود وە سەرپەرشتیاریکردن بە گروپ و ڕێبەری ئیحالەکردن بۆ خزمەتگوزاری تایبەتمەند. |
| 9 | ئازار مەکەیەنە\ هەستیاری ململانێ | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە, پرینسیپی ''ئازار مەکەیەنە'' ڕێزی لێدەگیرێت. لە گرنگی دان و بەتەنگەوە هاتن خۆمان لە دووبارەکردنەوە و کەموکوریەکان دەپارێزین. گرنگی بە دەرئەنجامی نەخوازراو دەدرێت. گرنگی بە سەرچاوەی پێداویستیەکان دەدرێت. هەروەها ئامادەکاری دەکرێت بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی دەرئەنجامی نەخوازراو. (بۆ نمونە بەهێزکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵات، گرنگی دانی زیاتر بە گروپێك وەك لە گروپێکی تر، شکست لە مامەڵە کردنی یەکسانانە لەگەڵا گرووپە نایەکسانەکان، جیاکاریکردن).<br>ڕەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە ئەوا ئیتر پرۆژەکان هیچ ستراتیژێکی دەرچوون کۆتایی هاتنیان نیە وە دڵنیا نابینەوە لە ئەنجامێکی درێژخایەنانە. | ئەگەری هەیە بەشێوەیەکی نێگەتیف زیان بە گروپە ئامانجکراوەکان بگەیەنرێت ئەگەر هات و گرنگی نەدرێت بە پێداویستیەکانی پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێ. یان کاتێك کە دەسوەردانەکان لەسەر بنەمای تاکەکەسەکان دانەڕێژرابێت. هەروەها کاریگەری نێگەتیف بەهۆی مامەڵەکردنی کارمەندانی ڕێکخراوەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەزموونی زەبری دەروونیان هەیە بەتایبەتی کاتێك جیاکاری دەکەن و زیانیان پێدەگەیەنن. یان بەهۆی هەڵە هەڵسەنگاندنی تواناکان. مەترسی دروست دەبێت کاتێك کە لۆدی کارکردنیان زۆرە و پشتگیری ڕێکخراوەییان نەبێت. | پێویستە پرۆگرامەکان وەها بن کە پشتگیری ژێرخانی ناوخۆیی وە ئەندامانی کۆمەڵگەکە بکەن (لەگەڵ پێکهاتەکانی تریشدا). هەروەها گرنگە خۆمان لە ململانێی ناپێویست بپارێزین ئەویش بە گرنگی دانی زۆری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەلایەنێك و فەرامۆشکردنی لایەنێکی تر. لەپرۆژەکانی دیالۆگی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینیەکاندا پێویستە گرنگیەکی زۆر بدرێت بە ئەو ناکۆکیانەی کەلەئارادان لەنێوان رزگاربوانی توندوتیژی و تاوانباران و ئەوانەی کە خەڵکیان چەوساندۆتەوە. پێویستە ڕێبەریەکانی ڕێکخراوەکان لەلایەن کارمەندانەوە ڕەچاو بکرێن و جێبەجێ بکرێن. پێویستە ڕێکخراوەکان بەووردی چاودێری پرۆژەکانی خۆیان بکەن و پێویستە ڕاوبۆچونی خەڵك وەر بگرن لەسەر کارەکانیان و گرنگی بەگلەییی و گازەندەکان بدەن. وە بەشێوەیەکی شەفافانە باس لە مافەکانیان بکەن بەتایبەتی کاتێك کە چالاکیەکانی جێبەجێکردن سنوردارن. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 10 | چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و بەرپرسیارێتی هەڵگرتن و فێربوون (MEAL) | بەرچاوکردنی ئەم پرینسیپە دەسوەردانەکان رێگە بە چاودێریکردنی هەمەلایەنانە دەدەن. (وەرگرتنی بۆچونی گروپەکان و سەرپەرشتیاری بەردەوامی کارمەندانی دروست دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی و هەڵسەندگاندنی ئەنجامەکان) ئەنجامەکانیش بۆ باشترکردن و گونجانی پرۆژەکانە. چاودێریکردن گرنگی بە بواری جێندەر دەدات و گرنگی زیاتر بەگروپە شکستەبارەکان دەدرێت. دەسوەردانەکان وەها دارێژراون کە بگونجێن لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانی پرۆژەکە.<br>بەرچاونەکردنی ئەم پرینسیپە, گرنگی بەوە نادرێت کە دەرئەنجام و کاریگەری نێگەتیف هەیە بۆ سەر پرۆژەکان لە بارودۆخی قەیران و دوای قەیرانەکان ( بۆ نمونە زیادبونی توندوتیژی لەنێوان خێزانەکاندا لەناو کامپەکاندا) گرنگی پێنادرێت. هیچ بیر لەوە ناکرێتەوە کە پرۆژەکان چۆن بەرەو پێش دەرۆن یان چۆن لادان هەیە لە پلانی دەسوەردان لەلایەنی گروپە بە ئامانجکراوەکان. | لە واقیعدا کەموکوری هەیە لە ئاماژەی گونجاو و کەرەستەکانی کاریگەری هەڵسەنگاندن. هەروەها هیچ پێناسەیەکی جیهانی نییە بۆ خۆشگوزەرانی وە چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی. شیکردنەوەی پێشوتر بۆ پێداویستیەکان و هەڵسەندگاندنی پێوەرەکان بۆ مەودای دوورخایەن کەم و دەگمەنن. زۆربەی بەخشەرەکان داوای روپێوێکی چەندێتی دەکەن وێنەیەکی تەواومان ناداتێ دەربارەی کاری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. وە زۆری ئەو کەرەستانەی کە بەکاردێت وا دەکەن بەراوردکاری لەنێوان پێوەرەکاندا ئاسان نەبێت. کاری چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن لەلایەن کارمەندانەوە بە ئەرکێکی زیاد دەبینرێت زۆر بەکەمی کاریگەری هەیە لەسەر کاریگەری جێبەجێکردنەکانی پرۆژەکان ئەویش بەهۆی کەمی توانا و گونجاندنی رێکخراوەکان. | ئەم چەند ساڵانەی دوایی گەشەپێدانی بینیوە لەبواری چوارچێوەی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن (36) (37). بۆ نەخشەکردنی گۆرانکاری پۆزەتیف و دیاریکردنی نێگەتیڤەکان و دەرئەنجامی نەخوازراو لە قۆناغی سەرەتاییدا ناوبەناو پێویستە گروپەکان بەشداری پێبکرێت وە سودوەرگرتن لە بۆچونی ئەوان وەك سەرچاوەیەکی زیاتری چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن. ئاسانکاریکردن بۆ گونجان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا و بەگفتوگۆکردن لەگەڵ بەخشەرەکاندا وە ئاڵوگۆری زانیاریەکان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بەدیل و فۆرماتی باشتری چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن. ئەمە جگە لە مۆدێلی بازنەیی وەك چوارچێوەی گرنگی بە پرۆسەکان بدات لەگەڵ میتۆدی جۆرێتی. بەتایبەتی بۆ پرۆژە تایبەتەکانی پەیوەست بە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو فشارە کاتیە بدرێت کەلەلایەن بەخشەرەکانەوە دەسەپێنرێت. |
| 11 | رێچکەی فرەرەهەندی کۆمەڵایەتی | بەرچاوکردنی ئەم پرینسیپە رێچکەی فرەرەهەندانی کۆمیتەی هەماهەنگی ئاژانسەکان گرنگی پێدەدرێت. ریچکەکە گشتگیرە و رەچاوی پێداویستی دانیشتوانە جیاوازەکان دەکات. وەك دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی هەستیار بۆ زەبری دەروونی و ململانێکان وە کۆمەڵگەش دەستیان پێدەگات. وە بەئامانجکردنی خزمەتگوزاری راوێژکاری بۆ گروپە تایبەتەکان وە دابینکردنی خزمەتگوزاری کلینیکی بۆچارەسەری تایبەت.<br>بەرچاونەکردنی ئەم پرینسیپە پێوەرەکان تاکرەهەندن و تەنها خزمەتگوزاری چارەسەر دەگرنە خۆ بۆ نمونە, یان تەنها گرنگی بەو خزمەتگوزاریانە دەدەن کە کۆمەڵگە دەستی پێدەگات. | بەرچاوکردنی شێوازی گونجاوی هەرەمی کۆمیتەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان وەك دەستنیشانکردنی سنوردارییەکان و دەرفەتەکانی کرداری کەسێك وا پێویست دەکات کە پرۆژەکان شیکردنەوەی وردیان هەبێت بۆ رێچکەی گشتگیری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. تۆری پەیوەندیەکانی ئەکتەرەکان بەسەرکەوتووی (وەك بەشداریپێکردن و ئاڵوگۆرکردنی زانیاریەکان) وە میکانیزمی سیستەمی ئیحالەکردن کە کاربکات و کاریگەر بێت ( بۆ نمونە لەنێوان رەهەندی دووی کۆمەڵگە و دەسوەردانە تایبەتەکانی رەهەندی چوار) پێویست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فرەرەهەندانە. زۆرجار بەهۆی رۆتینات و بیرۆکراسی ئاڵۆزی رێکخراوەکانەوە رێگری لەمە دەکرێت هەروەها بەهۆی دابەشبوونی کەرتەکانەوە ئەم کارە ئاسان نابێت. | پێویستە زۆر بەووردی و لەسەر بنەمای پێداویستی تاکەکانی ناو گروپەکان کاربکرێت. زانیاریەکان بەکاردێن بۆ دەسوەردانی سەرکەوتووانە بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵێکی تایبەت. یان بۆ رێکخستنی ئیحالەکردن ئەویش بەپێ ی رەهەندەکانی ئەو هەرەمەی پێشوتر باسی لێوەکراوە. پێویستە دارشتنی پرۆژەکان لەسەر بنەمای نەخشەی ئەکتەرەکان بێت. پێویستە کارمەندان ئاگاداری ئەو خزمەتگوزاریانە بن کەلەلایەن ئەکتەرەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن و پەیوەندیان بەیەکترەوە هەبێت. ( بۆ نمونە لە رێگەی گروپی هەماهەنگیکردن و هاوبەشەوە). ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن ئەو خزمەتگوزاریانە بەجۆرێك دابین بکەن کە تەواوکاری یەکتر بن. |
| 12 | میکانیزمەکانی ئیحالەکردن | بەرچاوکردنی ئەم پرینسیپە پێکهاتەی ئیحالەکردن و پشتگیریکردن ئامادەیە بۆ حاڵەتە زۆر گرنگەکانی کلینیکی. دەتوانرێت تاکەکان ئیحالە بکرێن بۆ پسپۆرەکانی کلینیکیء خزمەتگوزاریەکانی تری پشتگیری و هاریکاریکردن. لە خزمەتگوزاریە کلینیکیەکاندا گرنگی دەدرێت بە پێداویستیە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکان.<br>بەرچاونەکردنی ئەم پرینسیپە پرۆژەکان میکانیزمی ئیحالەکردنی سەرکەوتویان نیە بەتایبەتی ئەگەر هاتوو لەمیانەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان ئەم پێداویستیە هاتە پێشەوە. وە ناتوانرێت بەپێ ی پێویست بەتەنگ تاك و گروپەکانەوە بێین. | هەماهەنگیکردن لەنێوان ئەکتەرەکانی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی زۆر قورسە بەهۆی سروشتی دابەشبوونی کەرتی MHPSS. هەروەها بەهۆی زۆری ستاف و کورتی ماوەی پرۆژەکانەوە رێچکەیەکی روون نییە بۆ سیستەمی ئیحالەکردن بەسەرکەوتووی. چونکە هەموو سیستەمەکە و خزمەتگوزاریەکان دابەشبوون هەندێك داواکاری ئیحالەکردن رەت دەکرێنەوە. دەکرێت بەهۆی کێبرکێ کردنەوە مەجالی ئەوە نەمێنێت ئەکتەرەکان هەماهەنگی و هاریکاری یەکتر بکەن. دوای ئیحالەکردنی تاکەکان ناتوانین دڵنیابینەوە لە کوالیتی و جۆری خزمەتگوزاریەکان. | هەبونی رێبەری هاوبەش و ئیحالەکردن بۆ بەرێوەبردنی کەیسەکان (وەك رێوشوێنەکانی پاراستنی داتا و زانیاری, فۆرمی ستانداردی ئیحالەکردن و نوسراوەکان) سودی زۆری دەبێت. لەرێگەی لانی کەمی راهێنان بۆ کارمەندان و تۆرەکانی ئیحالەکردن و خاڵی پەیوەندیکردن. گرنگە نەخشی 4 رەهەندی بەکاربهێنرێت لەگەڵ نوێکردنەوەی ناوبەناوی پەیوەندیەکان. دوای ئەوەی کەیسێك ئیحالە دەکرێت دەبێت ئەو رێکخراوەی کە کەیسەکە وەردەگرێت ئامادەبێت بەدواداچوونی تر بکات بۆ دڵنیابوونەوە لە کوالیتی و جۆری خزمەتگوزاریەکان و بەهێزکردنی تۆرەکان و کەمکردنەوەی کێبرکێ کردن. |

| ژمارە | پرینسیپ (بنەما) | ڕوونکردنەوە | ئاڵنگاریەکان | باشترین شێوازی کارکردن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 13 | پێکهاتەی پشتگیریکردن و هاریکاری \ گرنگیدان بە ستاف | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە, پێکهاتەی پشتگیریکردن و هاریکاری بۆ ستافی لەئارادایە و رۆژانە سودی MHPSS لێوەردەگیرێت لەپرۆژەکان و لەسەر ئاستی هەموو رێکخراوەکاندا. لەرێگەی بیرکردنەوەی بەردەوام و چالاکانەوە کاری پیشەیی و پرۆفێشناڵی زیاد دەبێت. لەرێگەی پێوەرەکانی دروستی دەروونی رێگری دەکرێت لە هیلاکبوون و شەکەت بوون و زەبری دەروونی لاوەکی. بەشێوەیەکی میسالی و نمونەیی دەسوەردان بەجۆرێکە کە گرنگی بە تەندروستی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی ستافەکانیش بدات لە دوورمەودادا. ئەمەش بەوە دەکرێت گرنگی بە بیرکردنەوە و تێرامان لە خود بدرێت و راهێنان بەشێوەی تیم و فێربوون لەیەکتری و هاندانی گرنگیدان بەخود و چۆراوجۆری رێکخراوەیی وەك ئەمن و ئاسایشی فەند و دارایی و زمان و پاراستنی پیشە و پێکهاتەکانی چاکبونەوە و بەرێوەبردنی ئەمن .وئاسایش<br>ربەرەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە هیچ پێکهاتەیەکی هاریکاری و پشتیوانی بوونی نابێت وە هیچ گرنگی بە ستاف نادرێت. هیچ رێگەیەك نیە دڵنیابینەوە ئایا گرنگی دراوە بە پاکژی دەرونی و هزری و پاراستنی پیشەکەمان وەك پرۆفێشناڵێك و ستافی بواری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. وە پرۆژەکان هیچ فەندێکیان نیە بۆ دیاریکردنی پێوەرەکانی کەمکردنەوەی فشاری دەروونی .کارمەندان | یەکێك لە ئاڵنگاری و بەربەستە گەورەکان بۆ ستراتیژی دەرچوون و کۆتاییپێهێنان ئەوەیە کە قەیرانەکان بەردەوامن و پێداویستیەکانیش هەر لە زۆربووندان. ئەمەش زۆر راست و پەیوەندیدارە بە دروستی دەرونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی چونکە کاریگەریەکان تەنها لە مەودای درێژخایەندا هەستی پێدەکرێت. لەرادەستکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان بۆ پێکهاتەکانی حکومەت ترسەکە ئەوەیە کە ئەولەویەت و پێشەنگی نەدرێت بە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی یان لەوانەیە گروپێکی تایبەت بێبەش بکرێت لە خزمەتگوزاریەکان. لە رادەستکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان بۆ دانیشتوانە بەئامانجکراوەکە مەترسی ئەوە هەیە کە هەرەمی نوێ ی دەسەڵات دروست بێت. لەهەر دوو حاڵەتەکەدا ناتوانین دڵنیابینەوە لە کوالیتی و جۆری خزمەتگوزاریەکان. | ئەگەر کارمەندانی رێکخراوێك هەستیان کرد ئەرکی زۆریان لەسەر شانە پێویستە توانای ئەوەیان هەبێت دەنگی خۆیان هەڵبرن. پێویستە رێکخراوەکان خۆیان پێکهاتەیەکیان هەبێت بۆ هاریکاری و پشتیوانیکردنی کارمەندەکانیان و لەرووی بەرێوەبردنەوە گرنگی پێبدرێت. دەستگەشتن بە خزمەتگوزاری گرنگیدان بەخود ( کە کارمەند وایدەبینێت جۆرێکە لە ئیمتیازات و حەسانەوە) وە پێویستە رێکخراوەکان بەرپرسیارێتی باشی دروستی دەروونی کارمەندەکانیان بگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەمەش لەناو پلاندا گرنگی پا بدرێت و لە بودجەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە. بۆ نمونە پێوەرەکانی گرنگیدان بە کارمەندان بریتیە لە هەبوونی کەلتورێکی کارکردن کە پێزانین و رێزی بۆ کارمەندانی رێکخراوەکە هەبێت کە ئەمەش یارمەتیدەرە لە بونیاتنانی تواناکان بەیەکسانی. وە خزمەتگوزاری شەفافیانە کە دابینکرابێت بۆ هەموو کارمەندێك بەبێ جیاوازیکردن. (وەك دانیشتن و راوێژکاری دەرونی ـ کۆمەڵایەتی چ لەسەر ئاستی تاك و چ لەسەر ئاستی گروپ) وە پێوەرەکانی کەمکردنەوەی فشاری دەرونی (کۆرسی وەرزش و حەسانەوە و پشودان) کاتژمێری کار بەجۆرێك بێت کارمەند گرنگی بەخۆی بدات وە دڵنیایی لەپاراستنی پیشەکەت بۆ ئەوەی دڵنیابیتەوە لە پلانەکانی ئایندەت. پێویستە بەخشەرەکان سوور بن لەسەر ئەوەی کە پێوەرەکانی گرنگیدان بە کارمەندان لە پلان دایە و جێبەجێدەکرێن. |
| 14 | پیشەیی بوون\ پرۆفێشناڵیزم | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە, ستافی باشتروایە کارمەندی ناوخۆ) MHPSS بێت) کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی دەستێوەردانەکە ئەزموونی جیاوازی هەیە و راهێنانی بینیوە و لەرووی کەلتوریەوە .بەتوانا و لێهاتوە<br>ربەرەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە, دەسوەردانەکە لەلایەن تیمێکی نیودەوڵەتیەوە دەبرێت بەرێوە کە شارەزایی و ئاگایی وەك پێویست نیە (زۆر جار ئەم تیمانە پێك هاتوون لە پسپۆرەکان کە لەکەلتور و هەرێمی دیکەوە هاتوون) یان ستافی ناوخۆ وەك پێویست راهێنانی پێناکرێت بۆ دەسوەردانەکانی تایبەت بە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. | کەمی ستاف گەورەترین بەربەستە. داواکاریەکی زۆر هەیە بۆ ستافی بەئەزموون و راهێنراو بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆدا ئەم کارمەندانە وەك پێویست لەئارادا نین. بەهۆی فشاری کات و سنورداریێتی لایەنی داراییەوە رێگری دەکرێت لە راهێنانی پێویست و بیرکردنەوەی پێویست. کارمەند و ستافە لێهاتو و شارەزاکان زیاتر پێیان باشە لەشوێنێکی سەلامەت و ئەمنیدا کاربکەن وە موچەی بەرزیان هەبێت وەك لە کارکردن لە شوێن و هەرێمە قەیراناویەکان. هەروەها بەهۆی فشاری زۆری کارەوە کاریگەری نەخوازراو دەبێت لە کاری پیشەییانە و گۆرینی جۆری ئیش و نەبوونی دڵنیایی. هەروەها فاکتەری تری فشار هەیە وەك پاراستنی بالآنس و هاوسەنگی نێوان ئەولەویەتەکانی بەخشەرەکان و پێداویستیەکانی گروپەکان. هەروەها فشاری بێلایەنی بوون و بەزەیی و هاوسۆزی بەخەڵکەکەدا. لەزۆربەی حاڵەت و کەیسەکەندا چاودێری کاری پیشەییانە ناکرێت. | شێوازێکی ناوخۆیی چاودێری کردن و هەڵسەنگاندن و بەرپرسیارێتی هەڵگرتن و لێپیچینەوە بۆ کاری رێکخراوەکان کاری پیشەییانە بەرەوپێش دەبات. دەتوانرێت ئاستی فشاری دەرونی کارمەندان کەمبکرێتەوە لەرێگەی رابەرایەتی کردن بۆ ماوەی درێژ خایەن و تێرامان لە خود و هاریکاری کردنی یەکتر. پێکهاتەی پیشەییانە و گونجاندن لەناو رێکخراوەکاندا ئاسانکاری زۆر دەکات بۆ کارکردن. ئەزموون ئەوە دەخاتە روو کە راهێنان گرنگیەکی زۆری هەیە. پێویستە هەموو شیکردنەوەکان بۆ کارکردن لە شوێنە پڕ لەقەیرانەکاندا لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی بێت. پێویستە لەسەر بنەمایەکی شەفاف کارمەند دابمەزرێت و بەروونی باس لە وردەکاریەکانی پیشەکان بکرێت و بەرپرسیارێتیەکان بەجوانی دەستنیشان کرابێت. پێناسەیەکی گشتگیرتری پیشەیی بوون پێویستە (ئەویش لەسەر ئاست و بەپێی ناوەرۆك). |

| ژمارە | پرینسیپ (بنەما) | ڕوونکردنەوە | ئاڵنگاریەکان | باشترین شێوازی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 15 | ستراتیژی دەرچون و درێژخایەن | بەرەچاوکردنی ئەم پرینسیپە, دڵنیادەبینەوە لە بەردەوامی و درێژخایەنی پرۆژەکان ئەویش لەرێگەی رادەستکردنی پرۆژەکان بۆ بکەر و پێکهاتە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی شێنەیی لەناو کۆمەڵگەی بەئامانج کراودا. پێویستە لە دارشتنی پلانەکاندا ستراتیژێك هەبێت بۆ دەرچوون و کۆتاییهێنان بە پشتبەست بە فەند و پشتگیری دارایی دەرەکی لەماوەی دوورمەودادا. ربەرەچاونەکردنی ئەم پرینسیپە ئەوا ئیتر پرۆژەکان هیچ ستراتیژێکی دەرچوون کۆتایی هاتنیان نیە وە دڵنیا نابینەوە لە ئەنجامێکی درێژخایەنانە | یەکێك لە ئاڵنگاری و بەربەستە گەورەکان بۆ ستراتیژی دەرچوون و کۆتاییپێهێنان ئەوەیە کە قەیرانەکان بەردەوامن و پێداویستیەکانیش هەر لە زۆر بووندان. ئەمەش زۆر راست و پەیوەندیدارە بە دروستی دەرونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەڵایەتی چونکە کاریگەریەکان تەنها لە مەودای درێژخایەندا هەستی پێدەکرێت. لەرادەستکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان بۆ پێکهاتەکانی حکومەت ترسەکە ئەوەیە کە ئەولەویەت و پێشەنگی نەدرێت بە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی یان لەوانەیە گروپێکی تایبەت بێبەش بکرێت لە خزمەتگوزاریەکان. لە رادەستکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان بۆ دانیشتوانە بەئامانجکراوەکە مەترسی ئەوە هەیە کە هەرەمی نوێ ی دەسەڵات دروست بێت. لەهەر دوو حاڵەتەکەدا ناتوانین دڵنیا بینەوە لە کوالیتی و جۆری خزمەتگوزاریەکان. | ئەزموونەکان ئەوە نیشان دەدەن کە زۆر گرنگە بایەخ بەبەشداریکردنی کۆمەڵگە بە ئامانجکراوەکان بدرێت هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بۆ دابینکردنی گەشەپێدانی تواناکان. هەروەها لەهەمان ئاستدا پێویستە کاتی تەواو تەرخان بکرێت بۆ تاقیکردنەو و بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە زانیاری نوێ پێش ئەوەی لایەنە جیاوازەکان خۆیان ببن بە راهێنەر. ئەمەش پێویستی بەکات و پشوودرێژی هەیە وەبەلایەنی کەمەوە ماوەی (چوار ساڵ هەبێت) (1) پێویستە بەشێوەیەکی شەفافیانە ئامادەکاری و پلان دابنرێت بۆ ستراتیژیەتی دەرچوون. هەرلەسەرەتاوە پێویستە خاڵە لاوازەکان و بەرپرسیاریەتیەکان دەستنیشان بکرێن. وە پێویستە هەموو هەوڵ و تواناکان یەکبخرێن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان. هەروەها پێویستە بیر بکرێتەوە لەسەرچاوەی دیکەی دارایی و فەند وە بەرێوەبردن لە شوێنی دوورەوە. لەو کەیسانەی یان حاڵەتانەی کە پێویستیەکان درێژخایەن و بەردەوام دەبن پێویستە جەخت بکرێتە سەر بەهێزکردنی ژێرخانی ناوخۆیی و سیستەمەکان. پێویستە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی هەریەکە لە پرۆژەکان بریاری کاتی کشانەوە و جۆری (فۆرمی) کشانەوەکە بدرێت. |



## 10. ئایا گرتنەبەری شێوازی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی چ بەهایەك بە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی دەبەخشێت؟

ژیانی ئەو خەڵکانەی کەلەناوچە پڕ لە شەڕ و ململانێکاندا دەژین ڕەنگرێژکراوە بە ئەزموونی زەبری دەروونی، ترسی بەردەوام، ئەزموونی لەدەستدان و توندوتیژی جۆراوجۆر. ئەمەش کاریگەری و دەرئەنجامی خۆی دەبێت نەك تەنها لەسەر ئاستی کێشە دەروونیەکان کە بەهۆی ئەم ئەزموونە توندوتیژانەوە دروست دەبن بەڵکو لەسەر ئاستی دەستەجەمعیدا و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و فێربوونی ئەو کەسانەی کە بەم ڕووداوانە دەبن کاریگەر دەبن. ئەزموونی چەندین بارەی چەوسانەوە و مردن و وێرانکاری کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی پەیوەندیەکانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی. بۆیە گرفتە دەروونی ـ کۆمەڵآیەتییەکان تەنها پەیوەندیان نیە بە هەلومەرجە تەندروستی، دەروونی، کۆمەلآیەتییەکانەوە، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئاستی هەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بیری لێبکرێتەوە و چارەسەر بکرێت[28].

هەربۆیە, هاریکاری گەشەپێدان پێویستە هەموو ئەم ڕەهەندانە لەبەرچاو بگرێت لە پرۆژەکانی خۆیدا کە لەوانەیە لەسەرەتادا وەها دەربکەوێت کە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە لایەنە دەروونیەکان. ئەو کەسانەی بەم ئەزموونە تاڵانەدا تێدەپەڕن فێربوون کە متمانەیان بەخەلکی تر نەبێت، بیروبۆچونی خۆیان هەر بۆخۆیان دەهێڵنەوە و وەها دەردەکەون کەبەشێوەیەکی ئاسایی ڕەفتار بکەن بەلاّم لەناخی خۆیاندا برینێکی قوڵ هەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەدەستیەوە دەناڵن و ئەوان کاریگەرن بە چەندین ئەزموونی لەدەستدان. زۆرلەو خەڵکانە توشی نەخۆشی جەستەیی دەبن و کەمتر بەرگەی نەهامەتیەکان دەگرن. ئەوان هەست بە ئەمن و ئاسایش ناکەن و نادڵنیا و زوو تورە دەبن, هەندێك کات ویستێکی بەهێزیان هەیە بۆ کشانەوە لە خەڵکانی دیکە. ئەزموونی ئەوان وای لێکردوون ڕەفتاری خۆبەدوورگرتن بکەن و توشی بێهیوایی دەبن، وەلەهەندێك حاڵەتدا زیاتر شەڕانگێز دەبن و ئامادەن بۆ کاری توندوتیژی. ئەو خەڵکانەی ژیان و چیرۆکی ژیانیان قورسە لەرووی هزری و عەقڵیەوە توانای تەرکیزکردنیان کەمتر دەبێتەوە و یادەوەریان لاوازتر دەبێت. زۆر لەو خەڵکانە قورسە بەلایانەوە هانی خۆیان بدەن, یان بە شێوەیەکی پۆزەتیف سوود لە تواناکانی خۆیان وەربگرن یان ئەوان توانای ئەوەیان نیە سەرکێشی بەژیانیانەوە بکەن کاتێك کە پێویستیان بەوەیە بەرپرسیارێتی ژیانی خۆیان لەئەستۆ بگرن. پێویست ناکات هیچ لەم حاڵەتانە وەك نەخۆشیەك تەماشا بکرێت بەڵکو پێویستە وەها لێ ی بروانرێت کە دەرئەنجامی میکانیزمەکانی فێربوونی مانەوەیە لە ژیاندا کەلەچوارچێوەی جەنگ و شەڕدا مانایەکی هەیە بەلاّم لە ئێستا کاریگەریەکی نێگەتیڤی وێرانکاریانەی هەیە لەسەر ڕەفتاری ئەو کەسانەی کاریگەر بوون وە تواناکانی ئەوان بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خۆیان کەمدەبێتەوە.

بۆ ڕێگریکردن لە دەرئەنجامە دەرونیە نەخوازراوەکانی ململانێی سەربازیی و توندوتیژیی پێویستە لە هەموو کەرتەکانی هاریکاری گەشەپێدان و پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا گرنگی و بایەخێکی زۆر بدرێت بە دروستی دەرونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی[3]. بەپێچەوانەی دەسوەردانەکانی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی کە ئامانجە سەرەکیەکەی بریتیە لە باشترکردن و پاراستنی خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی گروپە بەئامانجکراوەکانە, دەسوەردانەکانی هاریکاری گەشەپێدان بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی سەرەکی دیکەی هەیە[18]. بەهەندوەرگرتنی MHPSS و ڕێچکەکەی, بەها و سودەکەی بۆ کۆمەڵگە هەر ئەوە نیە کە لە ئێش و ئازاری تاکەکان کەمبکاتەوە, بەڵکو بەهاو سودەکەی لەسەقامگیرکردنی سیاسیدایە, لە ڕێگریکردن لە توندوتیژیدایە, ئەگەرێکی زیاتری سەرکەوتنی پرۆژەکانی هاریکاری، سەرکەوتنی درێژخایەنانە لە بونیاتنانەوەی کۆمەلاّیەتی و مادیی, وەبەرەچاوکردنی بەردەوامیانەی ڕێچکەی مافەکانی مرۆڤ کە هاریکاری گەشەپێدانی ئەڵمانی تەواو پابەندە پێوەی. ئەو پرۆژانەی کە لایەنە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان و چالاکیەکانی وەدەستهێنانی داهات زیاد دەکەن بایەخێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی هەموو هەوڵە هەمەلایەنەکان کۆبکرێنەوە کە ئامانجیان سووککردنی باری قورسی ژیان و گوزەرانی خەڵکە وەلەهەمان کاتدا گەشەپێدانی ئاسۆیەکی نوێیە. ئەمەش بەدوو شێوە سەرکەوتوو دەبێت: چالاکیەکانی بەدەستهێنانی داهات بەتەنیا کاریگەر نابێت بەڵکو پێویستیان بەوەیە کە شانبەشانی ئەم چالاکیانە گرنگی بدرێت بە ڕەهەندە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکانیش[1].
بۆ بەرجەستەکردنی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلآیەتی لەبەرچاوگرتنی کەرتەکانی تری هاریکاری گەشەپێدان خزمەت دەکات بە بەهێزکردنی تواناکانی ئەو خەڵکانەی کە دەکرێت پرۆژەی گەشەپێدانیان پا بگات، کە ئەمەش وادەکات ئامانجی پرۆژەکان زیاتر بەرجەستە ببن.

ئەم لیستەی خوارەوە بریتیە لە تێروانینێکی گشتی بۆ ئەو مەترسیانەی کە دێنە ڕێی پرۆژەکانی هاریکاری گەشەپێدان ئەگەر هاتوو شکستیان هێنا لە ڕەچاوکردنی دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەلاّیەتی (SSPHM). هەروەها ئەو بژاردانە دەخاتە ڕوو کە پێویستن بۆ دوورکەوتنەوە لەو مەترسیانە ئەویش بە گرتنەبەری ئەو ڕێچکانەی کە پەیوەندیان هەیە بە دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەرونی ـ کۆمەلاّیەتی. لە پاشکۆی ئەم نوسراوەدا دەتوانیت زانیاری وردتر و دەرخستەی ڕوونتر بۆ دەرفەتەکان, و مەترسیەکان و ئەزموونی باشتر بخوێنیتەوە کە پەیوەندیان هەیە بە کەرتی هاریکاری گەشەپێدان.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان |
| --- | --- |
| کاتێك کە ئازارێکی دەروونی ڕەنگدانەوەی دەبێت لە هەڵسوکەوتێکی جەستەییدا یان لە ڕەفتارێکی ناشیاودا و وەها دەرناکەوێت کە سروشتێکی دەروونی ـ کۆمەلآیەتی هەبێت ئیدی ئەو کەسە توشبووانە سوودمەند نابن لەو هاوکاریەی کە پێویستیان پێیەتی. لە ئاکامدا, ئەوان توشی فشاری زیاتر دەبن و تواناکانیان پەکی دەکەوێت و ئەمەش ڕێگر دەبێت لە بەشداری ئەوان لە پرۆژەکاندا. | ڕاهێنان بۆ کارمەندان لە کەرتی تایبەت و پەیوەندیداردا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەوان دەربارەی نیشانەکانی فشاری دەروونی ـ کۆمەڵایەتی و پێداویستیەکانی تری زەبری دەروونی, لەگەڵ دابینکردنی میکانیزمە کاریگەریەکانی ئیحالەکردن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خۆشگوزەرانی دروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی هاوکار دەبێت دەستنیشانکردنی سەرەتایی چارەسەری کلینیکی. |
| شکۆمەندی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکانە پێشێل دەکرێت و کەمتر هەست بە ئاسایش دەکەن ئەویش بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی زەبری دەروونی تایبەتی لە پرۆژەکان و ئەولایەنانەی کە پەیوەندیان بەکەلتورەوە هەیە. | دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و پێداویستی تایبەتی بۆ توشبوانی زەبری دەروونی و تایبەتمەندیە کەلتوریەکانیان لەمیانەی هەڵبژاردنی شوێن و پێکهاتە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان وا دەکات خەڵك ئاسانتر سوود لە خزمەتگوزاری و بەرهەمەکان وەربگرن و زیاتر پەسەندی پرۆژەکان بکەن. |
| دەسوەردان لە نهێنی و تایبەتمەندی خەڵکانی توشبوو وە پەلەکردن لە ئاوێزانکردنی ئەوان لەپرۆسەکانی تێپەڕاندنی قۆناغی جەنگدا دەبێتە هۆی دروست بوونی فشاری زۆر لەسەر ئەم خەڵکانە و تەنانەت زەبری دەروونی و برینەکانیان زیاتر دەکولێنێتەوە. | دروستکردنی متمانە پێویستی بە توانای تێگەشتن لە ئازارەکانی ڕابردوو هەیە, پێویستە هێندە دەرفەت بدەین بەو کەسانە کە خۆیان توانای بڕیاردان و بەرپرسیارێتیان هەبێت. هەروەها بیرۆکەیەکی باشە گەر میکانیزمێکی سکالآکردن بدۆزینەوە بەبێ ئەوەی ناوی ئەو کەسە کە سکالآکە دەکات ئاشکرا بێت. |
| نەبونی شەفافیەت لەو کردارانەی دەگیرێنە بەر و بەهەندوەرنەگرتنی پێداویستی خەڵکی ناوچەکە و ئەو کەسانەی بەئامانج دەگیرێن دەبێتە هۆی دووبارە دروستبوونی هەستی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و لاوازکردن و پشتبەستن بە سیستەمی هەرەمەکی. هەروەها هەستکردن بە ناعەدالەتی دەبێتە هۆی زیاتربوونی گرژیء ململانێ. | شیکردنەوەی دووبارەی پێداویستیەکان, بەشداری پێکردنی هەرچی زوو و بەردەوامی خەڵکانی بەئامانجکراو و کۆمەڵگەی خانەخوێ, وە گونجاندنی پێوەرەکان لەگەڵ پێداویستیە ناوخۆییەکان هەموو دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەو خەڵکانەی کە سوودمەند دەبن لە خزمەتگوزاریەکان. دابینکردنی زانیاری پێویست و بەردەوام متمانە و هەستکردن بەعەدالەت دروست دەکات. |
| سوودمەندبوونی چەند کەسێکی هەڵبژێردراو لەناو کۆمەڵە خەڵکێکدا لە خزمەتگوزاریەکان دەبێتە هۆی پەراوێزخستن و جیاکردنەوەی گروپە شکستەبارەکانی تر و جیاکاری زیاتر لەدژی ئەوان و ئەمەش دەبێتە هۆی کێبرکێی زیاتر لەسەر سەرچاوەکان. | سوودگەیاندن بە گروپە شکستەبارەکان ئەویش بە ڕێوشوێنێکی تایبەت و گونجاو و ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانیان و بارودۆخی ژیانیان وە بەشداری پێکردنی کۆمەڵگەی خانەخوێ وە دوورکەوتنەوە لەو چالاکیانەی کە لەوانەیە ببێتە هۆی دوبارەبوونەوەی ئەو گرژی و ململانێ یانەی کە (لەئارادان) هاوسۆزی و لێکتێگەشتنی زیاتر دەهێنێتە ئاراوە. |
| کەمی پێزانین بۆ ئەو فشارانەی کە ستافی ڕێکخراوێك توشی دەبێت لە میانەی کارەکەیدا وادەکات کارمەندی ڕێکخراوەکان هەست بە پروکان و شەکەت بوون بکەن. ئەمەش کاریگەری نەخوازراوی دەبێت لەسەر خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کارمەندی ڕێکخراوەکان وئەو خەڵکانەی کە سوودمەند دەبن لە خزمەتگوزاریەکان. | ئەو فشارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر کارمەندان لە میانەی کارەکەیان لە پرۆژەکاندا دەستنیشان کراون, ستراتیژی بەتەنگەوەهاتنی کارمەندان گەشەی پێدەدرێت و جێبەجێدەکرێت. جگە لەمەش هاریکاری کارمەندان دەکرێت بۆئەوەی خۆیان باشتر ئاگایان لە خۆیان بێت. |

# وتەی کۆتا

لەساڵی 2018 دا جەنگی سوریا پێی نایە ساڵی هەشتەمیەوە، دیارە ئاسۆیەکی ئاشتی و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش لەئارادا نییە بۆ ئەو وڵاتە لە ئایندەیەکی نزیکدا. لەهەمان کاتدا، ململانێی پێکدادانی چەکداری لەناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامن. لە دەرئەنجامدا،ژمارەیەکی بێشوماری خەڵکی هەڵهاتوون، ئاوارە و دەر بەدەر بوون، یان ڕزگار بووی دەستی توندوتیژین. پەنابەران و ئاوارەکان پێویستیان بە پاراستن هەیە چ لە وڵاتی خۆیان یان لە وڵاتانی تری دراوسێ. لە زۆر شوێندا سەرچاوەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ کۆتایی پێهاتووە و ژێرخانەکەیان زیاد لەوەی بەرگەدەگرێت بەکارهاتون.

بەهەندوەرگرتنی بنەماسەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤ وەك مافی تەندروستی و شکۆمەندی گرنگە یارمەتی و کۆمەکی پەنابەران و ئاوارەکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ بکرێت، نەك تەنها لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانیان بەڵکو لەڕێگەی بەهێزکردنی سیستەمی بەتەنگەوەهاتن بۆ پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلایەتی و دروستی دەروونی.

بەهەمان شێوەی ناوەرۆکی ئەم ڕێبەرە کە سەرەتا نوسرا و دواتر ڕێکخرا، قورسایی و پێداویستیەکانی پەنابەران و کۆمەڵگەکان بە بەردەوامی بەرەو گۆڕانکاری دەچێت. بۆیە، ئەوە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی میدیا و سیاسیەکان و بەخشەرە نێودەوڵەتیەکانە نەك تەنها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ دروستی دەروونی و خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەلایەتی، بەڵکو پێویستە کاربکەن بۆ گفتوگۆکردن و دابینکردنی ئەو پێداویستیانە، پڕکردنەوەی کەموکورتیەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی بەتەنگەوەهاتن و باشترکردنی ئەو سیستەم و دەسوەردانانەی کە لە ئێستا هەیە بۆ دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی بەردەوام (38). بەهەمان ڕۆحیەتی گۆڕانکاری و خۆگونجانە بەردەوامەکان پێویستمان بە گفتوگۆی ناوبەناو و پێداچونەوەی چوارچێوەی ئەم ڕێبەرە هەیە
.
ئەگەر هەر پرسیارێك یان پێشنیارێکت هەیە دەربارەی ئەم ڕێبەرە، تکایە پەیوەندی بکە بە سەرۆکی پرۆژە هەرێمایەتیەکان.

دکتۆر جودیس بەیسلەر
ئیمەیل : judith.baessler@giz.de
ژمارەی تەلەفۆن : +962 (0) 777 171 115

# سەرچاوەکان

**1. World Bank.** Forcibly Displaced. Toward a development approach supporting refugees, the internally displaced, and their hosts. Advanced Edition. Washington, DC: The World Bank Group, 2016. *https://openknowledge.worldbank.org/bitstream/handle/10986/25016/9781464809385.pdf?sequence=2&isAllowed= y* last viewed on 22.03.2017.

**2. Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ).** Sicherheit, Wiederaufbau, Frieden. Psychosoziale Unterstützung im Kontext von Krisen und Konflikten. Bonn/Eschborn: Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit, 2015.

**3. Becker, D, Weyermann, B.** Gender, Konflikttransformation & Der Psychosoziale Ansatz. Bern: Schweizerische Direktion für Entwicklung und Zusammenarbeit (DEZA), 2006. *www.eda.admin.ch/dam/deza/de/documents/themen/gender/91135-arbeitshilfe-gender-konflikttrans-psychosoz-ansatz_DE.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**4. Ghanem, T.** When Forced Migrants Return «Home»: The Psychosocial Difficulties Returnees Encounter in the Reintegration Process. Oxford: Refugee Study Center, 2003.

**5. Dobrić, J, Purić, D, Vukčević, M.** Study of the Mental Health of Asylum Seekers in Serbia. Belgrad: UNHCR Serbien, 2014. *www.unhcr.rs/media/MentalHealthFinal.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**6. IMC, SIGI Jordan.** MHPSS Needs Assessment of Displaced Syrians and Host Communities in Jordan. 2015. *www.data.unhcr.org/syrianrefugees/download.php?id=10165* last viewed on 23.03.2017.

**7. Silove, D.** The ADAPT model: a conceptual framework for mental health and psychosocial programming in post conflict settings. Intervention. 11(3), 2013, S. 237-248.

**8. Bundesarbeitsgemeinschaft für Traumapädagogik.** URL: *http://www.bag-traumapaedagogik.de/* last viewed on 22.03.2017.

**9. European Parliamentary Research Service.** Briefing February 2017. Syrian crisis: Impact on Jordan. 2017. *www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2017/599258/EPRS_BRI(2017)599258_EN.pdf* last viewed on 18.04.2017.

**10. UNHCR.** Country Operations Profile Iraq. 2015.

**11. UNHCR.** Reporting Iraq. [Online] 31. May 2018. *http://reporting.unhcr.org/sites/default/files/UNHCR%20Iraq%20Factsheet%20-%20May%202018.pdf*

**12. UNHCR.** Situation Syrian Regional Refugee Response. Data UNHCR. *http://data2.unhcr.org/en/situations/syria* last viewed on June 2018.

**13. Hassan, G, Kirmayer, LJ, Mekki-Berrada A., Quosh, C, el Chammay, R, Deville-Stoetzel, JB, Youssef, A, Jefee-Bahloul, H, Barkeel-Oteo, A, Coutts, A, Song, S, Ventevogel, P.** Culture, Context and the Mental Health and Psychosocial Wellbeing of Syrians: A Review for Mental Health and Psychosocial Support staff working with Syrians Affected by Armed Conflict. Genf: UNHCR, 2015. *www.unhcr.org/55f6b90f9.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**14. Berti, B.** The Syrian Refugee Crisis: Regional and Human Security Implications. Strategic Assessment, Volume 17, No.4. Tel Aviv: Institute for National Security Studies, 2015.
*www.inss.org.il/uploadImages/systemFiles/adkan17_4ENG_7_Berti.pdf* last viewed on 22.03.2017.
**15. Regional Refugee and Resilience Plan (3RP).** Regional Monthly Update August. Shelter. 2016.
*http://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/RegionalShelter3RPDashboardAugust2016.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**16. Jefee-Bahloul, H, Moustafa, MK, Shebl, FM, Barkil-Oteo, A.** Pilot assessment and survey of syrian refugees' psychological stress and openness to referral for telepsychiatry (PASSPORT Study). Telemed J E Health. 20. Oktober 2014, 10, S. 977-9.

**17. Alpak, G, Altindag, A, Bez, Y, Bulbul, F, Dalkilic, A, Sagaltici, E, Savas, HA, Unal, A.** Post-traumatic stress disorder among Syrian refugees in Turkey: A cross-sectional study. London: Taylor and Francis Group, 2014.

**18. UNHCR.** UNHCR report shows health services for Syrian refugees increasingly overstretched. Briefing Notes. Genf: UNHCR, 2013.
*www.unhcr.org/news/briefing/2013/4/517a58af9/unhcr-report-shows-health-services-syrian-refugees-increasingly-overstretched.html* last viewed on 22.03.2017.

**19. Sirin, S, Rogers-Sirin, L.** The Educational and Mental Health Needs of Syrian Refugee Children. Washington, DC: Migration Policy Institute, 2015.
*www.migrationpolicy.org/research/educational-and-mental-health-needs-syrian-refugee-children* last viewed on 22.03.2017.

**20. WHO.** ICD-10. International Statistical Classification of Diseases and Related Health Problems. 10th Revision. Volume 22. Instruction Manual. Genf: WHO, 2011.
*www.who.int/classifications/icd/ICD10Volume2_en_2010.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**21. American Psychiatric Association.** Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders. DSM-V. Arlington: American Psychiatric Association, 2013.

**22. Keilson, H.** Sequential Traumatization in Children. Jerusalem: Magnes Press, Hebrew University, 1992.

**23. Keilson, H.** Sequentielle Traumatisierung bei Kindern. Untersuchung zum Schicksal jüdischer Kriegswaisen. Gießen: Psychosozial Verlag, 2005.

**24. Brenssell, A.** Trauma als Prozess – Wider die Pathologisierung struktureller Gewalt und ihrer innerpsychischen Folgen. Frankfurt a. M.: Vortrag auf der Fachtagung „Trauma und Politik" 24.th of Januar 2013 /
*www.medico.de/fileadmin/_migrated_/document_media/1/trauma-als-prozess.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**25. Becker, D.** Die Erfindung des Traumas. Verflochtene Geschichten. Gießen: Psychosozial Verlag, 2014.

**26. IASC Reference Group for Mental Health and Psychosocial Support in Emergency Settings.** Mental Health and Psychosocial Support in Humanitarian Emergencies: What Should Humanitarian Health Actors Know? Genf: IASC, 2010.
*www.who.int/mental_health/emergencies/what_humanitarian_health_actors_should_know.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**27. Inter-Agency Network for Education in Emergencies (INEE).** Thematic Issue Brief: Psychosocial Well-Being. New York: INEE, 2010.
*http://toolkit.ineesite.org/toolkit/INEEcms/uploads/1128/INEE_Thematic_Issue_Brief_Psychosocial.pdf*
last viewed on 22.03.2017.

**28. Robinson, M, Williamson, J.** Psychosocial interventions, or integrated programming for well-being? Intervention 2006, Vol 4, No. 1, 4-25. 2006. *www.interventionjournal.com/content/march-2006-volume-4-issue-1*
last viewed on 07.04.2017.

**29. War Trauma Foundation, WHO, World Vision International.** Psychological first aid: Guide for field workers. Genf: WHO, 2011. *http://apps.who.int/iris/bitstream/10665/44615/1/9789241548205_eng.pdf*
last viewed on 22.03.2017.

**30. GIZ.** EMDR in der Entwicklungszusammenarbeit. Internes Arbeitspapier. 2017.

**31. Baron, J, Flory, L.** Versorgungsbericht zur psychosozialen Versorgung von Flüchtlingen und Folteropfern in Deutschland. 2. aktualisierte Auflage. Berlin: Bundesweite Arbeitsgemeinschaft der Psychosozialen Zentren für Flüchtlinge und Folteropfer (BAfF), 2016.

**32. IASC.** IASC Guidelines on Mental Health and Psychosocial Support in Emergency Settings. Genf: IASC, 2007. *www.who.int/mental_health/emergencies/guidelines_iasc_mental_health_psychosocial_june_2007.pdf*
last viewed on 22.03.2017.

**33. Sphere Project.** Sphere Handbook. Humanitarian Charter and Minimum Standards in Humanitarian Response. Genf: The Sphere Project, 2011.

**34. Gagliato, M, Hansen LJ, Schinina, G, Strang, A, Ventevogel, P.** Mental Health and Psychosocial Support for Refugees, Asylum Seekers and Migrants on the Move in Europe. A multi-agency guidance note . s.l.: IOM, MHPSS.net, UNHCR, 2015. *www.euro.who.int/__data/assets/pdf_file/0009/297576/MHPSS-refugees-asylum-seekers-migrants-Europe-Multi-Agency-guidance-note.pdf?ua=1* last viewed on 22.03.2017.

**35. Bundesministerium für wirtschaftliche Zusammenarbeit und Entwicklung (BMZ).** BMZ Konzepte 172. Förderung von Good Governance in der deutschen Entwicklungspolitik. Berlin/ Bonn: Bundesministerium für wirtschaftliche Zusammenarbeit und Entwicklung (BMZ), 2009.
*www.bmz.de/de/mediathek/publikationen/archiv/reihen/strategiepapiere/konzept172.pdf*
last viewed on 23.03.2017.

**36. International Federation of Red Cross and Red Crescent Societies (IFRC).**
Project/programme monitoring and evaluation (M&E) guide.
*www.ifrc.org/Global/Publications/monitoring/IFRC-ME-Guide-8-2011.pdf*: s.n., last viewed 2011.

**37. Inter-Agency Standing Committee (IASC).** IASC Common Monitoring and Evaluation Framework for MHPSS Programmes in Emergency Settings. *https://interagencystandingcommittee.org/mental-health-and-psychosocial-support-emergency-settings/documents-public/iasc-common-monitoring*: s.n., last viewed 2017.

**38. WHO.** Building Back Better. Sustainable mental health care after emergencies. Genf: WHO, 2013.
*http://apps.who.int/iris/bitstream/10665/85377/1/9789241564571_eng.pdf?ua=1*, last viewed on 22.03.2017.

**39. Bajbouj, M.** Psychosoziale Versorgung von Flüchtlingen in Deutschland. Erkenntnisse aus der Not- und Entwicklungshilfe. Der Nervenarzt (in press), 2017.

**40. Becker, D. (Hg.)** 1:0 für Rafah. Chancen und Herausforderungen psychosozialer Arbeit in Palästina. Gießen: Psychosozial Verlag, 2016.

**41. Griese, K, Mehlau, A.** Resilienzstärkung auf Gemeinde-Ebene. Eine Strategie gegen geschlechtsspezifische Gewalt und gegen Konflikte zwischen Gastgemeinden und Geflüchteten. Trauma – Zeitschrift für Psychotraumatologie und ihre Anwendungen, 14 Jg., Heft 3, 2016.

**42. Griese, K, Mehlau, A.** Ein solidarischer, stress- und traumasensibler Ansatz zur multisektoriellen Unterstützung von Gewaltüberlebenden. Trauma – Zeitschrift für Psychotraumatologie und ihre Anwendungen, 14 Jg., Heft 1, 2016.

**43. Kühner, A.** Trauma und kollektives Gedächtnis. Gießen: Psychosozial, 2008.

**44. Medico International.** medico-Report 26: Im Inneren der Globalisierung. Psychosoziale Arbeit in Gewaltkontexten. Frankfurt: Mabuse Verlag, 2005.

**45. Medico International.** medico-Report 20. Schnelle Eingreiftruppe „Seele“. Texte für eine kritische „Trauma-Arbeit“. Frankfurt: medico international Verlag, 2000.

**46. Merk, U.** Respekt, Würde, Ubuntu – gemeindeorientierte systemische Traumaarbeit in Südafrika, in: **Budzinski, M (Hg.).** Traumatherapie und gesellschaftliches Umfeld. Bad Boll: Ev. Akademie Bad Boll, 2010.

**47. Ottomeyer, K.** Die Behandlung der Opfer. Über unseren Umgang mit dem Trauma der Flüchtlinge und Verfolgten. Stuttgart: Klett-Cotta, 2011.

**48. Ottomeyer, K, Peltzer, K.** Überleben am Abgrund. Psychotrauma und Menschenrechte. Klagenfurt: Drava, 2002.

**49. Wenk-Ansohn, M, Weber-Nelson C, Hoppmann F, Ahrndt A.** Behandlung und Rehabilitation von Folterüberlebenden und Kriegstraumatisierten. Politische Traumatisierung. Zeitschrift Psychosozial, 55-7, Gießen: Psychosozial Verlag, 2014.

**50. Zondi, M.** Breaking the Walls of Trauma Counselling – eine kritische Analyse von vorherrschenden Traumakonzepten im Kontext städtischer Lebensrealitäten in Johannesburg, in: **Flick, S, Jung, A, Merk, U, Teuber, N (Hg.)** psychosozial 142: Umkämpfte Psyche – Zur Rekontextualisierung psychischen Leids. 38. Jg., Nr. 142, Heft IV. Gießen: Psychosozial Verlag, 2015.

# سەرچاوەی تری پێشنیار کراو بۆ خوێندنەوە

**51. Ager, A, Ager, W, Boothby, N, Stavrou, V.** Inter-Agency Guide to the Evaluation of Psychosocial Programming in Emergencies. New York: Unicef, 2011.

**52. Barkil-Oteo, A, Hassan, G, Jefee-Bahloul, H, Kirmayer, LJ, Ventevogel, P.** Mental health and psychoso-cial
wellbeing of Syrians affected by armed conflict. Epidemiology and Psychiatric Sciences, 2016 Apr, 25(2): 129-41.
Cambridge: Cambridge University Press, 2016.

**53. Bittenbinder, E (Hg.)** Good Practice in the Care of Victims of Torture. Karlsruhe: Loeper Verlag, 2010.

**54. Bubenzer, F, Tankink, M.** Healing communities, transforming societies. Exploring the interconnect-edness
between psychosocial needs, practice and peacebuilding. 2015.

**55. Gallagher, E, Hamber, B (Hg.)** Psychosocial Perspectives on Peacebuilding. New York: Springer, 2015.

**56. Hamber, B.** Transforming societies after political violence. Truth, Reconcilation and Mental Health. New York: Springer, 2009.

**57. Herman, JL.** Trauma and recovery: the aftermath of violence - from domestic abuse to political terror. New York: Basic Books, 1997.

**58. Human Rights Watch.** Genocide in Iraq. The Anfal Campaign against the Kurds.
New York: Human Rights Watch, 1993.

**59. Mlodoch, K.** The Limits of Trauma Discourse. Women Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq.
Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 2014.

**60. Miller, K., Rasmussen, A.** War Exposure, Daily Stressors, and Mental Health in Conflict and Post-Conflict Settings: Bridging the Divide between Trauma-Focused and Psychosocial Frameworks. Social Science Medicine 2009. Vol 70(1), 7-16.

**61. Pross, C, Schweitzer, S.** The culture of organizations dealing with trauma: Sources of work-related stress and conflict. Traumatology 2010, Vol 16(4), 97-108.

**62. Save the Children.** Invisible Wounds. The impact of six years of war on the mental health of Syria's children. 2017.

**63. UNHCR.** Protecting and supporting the displaced in Syria. UNHCR Syria End of Year Report 2015. Genf: UNHCR, 2015. URL: *http://www.unhcr.org/56cad5a99.pdf* last viewed on 22.03.2017.

**64. UNHCR.** Operational Guidance. Mental Health & Psychosocial Support Programming for Refugee Operations. Genf: UNHCR, 2013.

**65. UNHCR.** Protection Policy Paper. Understanding Community-Based Protection.

**66. UNHCR.** A Community-based Approach in UNHCR Operations. Genf: UNHCR, 2008.

**67. War Trauma Foundation.** Journal of Mental Health and Psychosocial Support in Conflict Affected Areas. Diemen.

# پاشکۆیەك بۆ بەشی 10

# پاشکۆی بەشی 10

## هاندانی دۆزینەوەی هەلی دامەزراندن – گەشەپێدانی تواناکان – دەستپێشخەری هەلی کار

پشتگیری کردن لە هاندانی کەرتی تایبەت و فراوانکردنی ناوچەکانی بەرهەمهێنان, دروستکردن و بەرەوپێشبردنی خوێندنی پیشەیی و چالاکی و هەلی کار, هاندانی دەستپێشخەریەکانی تاك, داهێنان, ویست و خواستی نوێگەری وەبەرهێنان و کێبرکێ کردن.

| سودە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| بەهێزکردن و پێدانی دەسەلاّت و دروستکردنی متمانە لە سیستەم و پەیوەندیەکاندا, هەروەها بەدەستهێنانەوەی متمانە و بروا بەخۆبوون | دەرئەنجامەکانی فشاری دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی وەك كێشەی تەرکیزنەکردن, شەرەنگێزی, ماندووبوونی جەستەیی، کوالّیتی و بەرهەمی کار بەهەدەر دەبات و دەبێتە هۆی زۆرکارکردن | سەرپەرشتیاران و کارمەندان ئاگاداردەکرێنەوە دەربارەی ئەگەری فشاری دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی, وە ژینگەی کارکردن دەگونجێندرێت لەگەلّ پێداویستیە تایبەتەکان. |
| ئاستێکی بەرزتری ژیان و سەربەخۆییبوون لەسایەی زیاتر پشت بەخۆبەستن | دروستکردنی دەرفەتی کارکردن بەبەشداری گروپە تایبەتەکان هەرەمی نوێی دەسەلاّت و ئەگەری ململانێی زیاتر دروست دەکات (لەناو خێزان بۆ نمونە ژنێك پیشەیەك دەدۆزێتەوە بەلاّم پیاوەکەی ناتوانێت ئیشێك بدۆزێتەوە). | گرنگی بە ژینگەی گروپە بەئامانجکراوەکان دەدرێت\ لەمیانەی پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان, هەروەها گرنگی دەدرێت بە پێداویستیەکانی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو گروپانەی بەئامانج دەکرێن. |
| خاوەنداریێتی و بریاردان لەرێگەی دۆزینەوەی هەلی کار. | نەبونی متمانە و هەستی بێدەسەلاّتی دروست دەبێت لە سایەی پشتبەستن بە رێکخراوی جێبەجێکار. | ناوبەناو راوبۆچوون وەردەگیرێت و میکانیزمی سکالاّکردن لە جێدایە, جێبەجێکردنەکان بەپێی بنەمای وەرگرتنی راوبۆچونەکانە. |
| دروستکردنی ئاسۆی نوێ لەرێگەی گەشەپێدانی تواناکان بۆ فێربوونی بەهرە و توانای نوێ وە لەرێگەی وەبەرهێنانەوە. | زیادبوونی دلّەراوکێ و کەمی متمانە بەخود دەبێتە هۆی سنورداری فێربوون و سەرکێشیکردن هەروەها خواستی داهێنان. | کەرەستەکانی فێربوون و کۆرسەکانی راهێنان وەها دادەرێژرێت کە بگونجێندرێت لەگەلّ هەستیاریەکانی زەبری دەروونی و فشارە دەروونیەکان, هۆشیاری مامۆستایان و سوودمەندبوان و بەرزدەکرێتەوە هاندەدرێت. |

## پەروەردە

پەروەردە لەقۆناغی منداڵیەوە دەست پێدەکات تا پەروەردە لە قوتابخانە و راهێنانی پیشەیی و زانکۆ و پەروەردەی گەنجان و چەندین پرۆژەی بەرفراوانی تر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا. پەروەردە دەرفەتێکی گرنگی گەشە پێدانە چ بۆ تاک چ بۆ کۆمەڵگە.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| ناوەندی مەرکەزی دادەمەزرێت کە تیایدا روداوەکانی رابردوو باس دەکرێت. | زیادبوونی فشار و دڵەراوکێ و (دووبارەبونەوەی) ئەزموونی بێدەسەڵاتی و کەمی ئەمن و ئاسایش | هەڵبژاردنی بە ئاگایانەی شوێن و هۆکارەکانی گواستنەوە کە گەرەنتی سەلامەتی و شکۆمەندی و کەرامەت دەکات. |
| سەقامگیری کۆمەڵگە زیاد دەکرێت و گەشە بە متمانە و پەیوەندیەکان دەدرێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەڵبکەن و بەرگەی فشارەکان و ئەزموونەکانی (رابردوو) بگرن. | بەهۆی تێروانینی مامۆستاو بەکەمزانینی و لێسەندنەوەی دەسەڵات و بارودۆخی وانەوتنەوە نەبونی متمانە دروست دەبێت. | گرنگی بەشێوازی وانەگوتنەوە دەدرێت کە هەستیارە بۆ زەبرە دەروونیەکان بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پەروەردە لەسەر هەموو ئاستەکانی دەسورەدانەکاندا. |
| دووبارە بونیاتنانەوەی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیانە, و هاندانی هەماهەنگیکردن و بەهرە کۆمەڵایەتیەکان. | کشانەوە و دابران و گۆشەگیری و کەمی ئەزمونی پەیوەندیە باشەکان بەهۆی کەمی تێکەشتنەوە بۆ فشار و بارودۆخی تاکەکان دەگەرێتەوە. | ئاسانکاری دەکرێت بۆ دەستگەشتن بە خزمەتگوزاریەکان و خەڵکە شکستەبارەکان بەشێوەیەکی چالاکانەتر بەشداریان پێدەکرێت و هۆشیاری بەرزدەکرێتەوە لەرێگەی هەڵمەتەکانی کەمکردنەوەی تانەدان و لەکەدارکردن. |
| دەستنیشانکردنی پێداویستیە دەرونی ـ کۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵان و گەنجان و ئامادەکاریکردن بۆ پشتگیری و هاوکاری پێویست. | کەمی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی رەفتاری نەشیاو وەک شەرانگێزی و کشانەوەی کۆمەڵایەتی و کەمی توانای تەرکیزکردن و زیادبوونی فشاری ئەو کەسانەی کاریگەریان لەسەرە. | پێوەری پشتگیری رێگریکردن وە راهێنان بۆ کارمەندان دەکرێت بۆ ناسینەوەی نیشانەکانی فشاری دەرونی وە ئیحالەکردنی ئەو کەیسانە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان وە دروستکردنی تۆرێکی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەکتەرەکانی تری بواری دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی. |
| زاڵبوون بەسەر دڵەراوکێ و پاسیڤبوون, متمانە بەخۆبوون زیاد دەکرێت. | دووبارەبوونەوەی ئەزموونی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و بێدەسەلاتکردن و بێبەشکردن لەمافەکانی بریاردان بەهۆی شێوازی وانەوتنەوەی تاکرەوییانە و وەبەهەندوەرنەگرتنی پێداویستیە تایبەتەکانەوە دروست دەبێت. | بەهێزکردنی خەڵک لەرێگەی دابینکردنی پشتگیری بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانە, ئاشنابوون بەسەرچاوەکان لەرێگەی وانەوتنەوە وپشت بەستن بە بەهرەکان و پشتگیری کردنی فێربوون. |
| باشترکردنی رەفتاری فێربوون و ئەزموونی پشت بەخۆبەستن, هاندانی خواستی فێربوون و گرنگیدان و بەشداریکردن و متمانە بەخۆبوون. | کەمی ئاسۆی ئایندە و بێزاربوون و نزمبونەوەی ئاستی رێز بۆخۆدانان بەهۆی چەوسانەوە و چەقین لەگەشە پێدانی پەروەردەیی و سەرنەکەوتن لە قوتابخانە. | گەشە پێدانی کەرەستەکانی فێربوون و وانەوتنەوە کە گرنگی دەدەن بەتەرکیزکردن و ئاسانترکردنی فێربوون |

## بەڕێوەبردنی کامپەکان

پێویستە دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و هاوکاری فریاکەوتنی خێرا بۆ پەنابەران و ئاوارەکان لەناوکامپەکاندا بەپێا پێوەر و ستانداردەکان بێت, پارمەتی ئەو خەڵکە لێقەوماوانە بدات ئاگاداری مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بن. کەموکوڕی هەبوو دەبێت پڕبکرێتەوە و خزمەتگوزاری بەتەنگەوە هاتن هەبێت و هەوڵە هەماهەنگیکارەکانی نێوان دانیشتوانی ناو کامپەکان و ڕێکخراوەکان ڕێکبخرێت بەبێ دووبارەکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین ممارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| هەستی کۆنترۆڵکردن و عەدالەت لە بەڕێوەبردنی باشی پێکهاتەکانی ناو کامپەکانەوە دروست دەبێت | دووبارە هەستکردن بە زاڵبوونی ڕۆڵی دەسەلآت و گەرانەوە بۆ پشتبەستن بە پێکهاتە و دەسەلآتی هەرەمی (بۆ نمونە. گومانکردن لە دابەشکردنی سەرچاوەکان بەیەکسانی و عەدالەت) | جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی زانیاریەکان بەشێوەیەکی ستاندارد و گشتگیری, مامەڵەکردنی بەرێزانە لەگەڵ دانیشتوان و پرۆسەکان بەروونی و شەفافیانە دارێژراون (بۆ نمونە تۆمارکردن لەناو کامپەکاندا) |
| گەشەپێدانی متمانە بەخۆبوون و ئەزموون و هەستکردن بە بڕیاردانی سەربەخۆیی لە سایەی پشت بەخۆبەستنەوە دەبێت | نەبونی متمانە بە پێکهاتەی ڕێکخراوەکان و تواناکانی خود | دروستکردنی متمانە بەشێوەیەکی چالاکانە لەرێگەی لەیەکتێگەشتن و گواستنەوەی بەرپرسیارێتی هەمەلایەنانە بۆ دانیشتوانی ناو کامپەکان (بۆ نمونەلەرێگە دروستکردنی کارتی پارە کە پردەکرێتەوە لە جیاتی پسولەی خۆراك) |
| گەشەپێدانی متمانە و کەمکردنەوەی هەستی هەڕەشە و مەترسی و باشترکردنی تواناکان بۆ بەرگەگرتنی ڕووداو و ئەزمونە قورسەکان. | خۆهەڵقورتان لە نهێنی و تایبەتمەندیەکانی خەڵکی تر, زیادبوونی هەڕەشە و مەترسیەکان و توندوتیژی, بەهۆی نەبوونی پلان و ڕێکخستنی خزمەتگوزاریەکان و شوێنی مانەوە لە کامپەکاندا. | پلاندانان بەجۆرێکە گرنگی بەپێداویستی تایبەت و هەستیاریەکانی زەبری دەرونی و هەستیاریە شەرو ململانێ و هەستیاریە (جێندەریەکان) دەدرێت هەروەها لەمیانەی نەخشەدارشتنی ژێرخانی کامپەکاندا گرنگی بە فرەرەنگی نەتەوەیی و ئاینی گروپەبەئامانجکراوەکان دەدرێت (بۆ نمونە گرنگی بەشوێنی شتن دەدرێت). |

## پارە بۆ کارکردن

دەرفەتی کاتیی کارکردن بۆ پەنابەران و ئاوارەکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ بەمەبەستی ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی داهاتی سەقامگیریان هەبێت, کۆتایی هێنان بە نەرێنی بوون، و ژێرخانی ناوخۆیی بەهێزتر بکرێت. ئەمەش بەزۆری ئەرکی سادەکان دەگرێتەوە لە بەشەکانی وەك بەرێوەبردنی پاشەڕۆکان و گەشەپێدان و فراوانکردنی ژێرخانی ئابوری.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
| --- | --- | --- |
| هاندانی پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەڵایەتیانە لەرێگەی چاککردنەوەی ژێرخانی کۆمەڵگەکە | لەوانەیە دامەزراندن و هەلی کار ببێتە هۆی دروست بوونی چاوەروانیەکی ناواقیعانە وە هیوایەك دروست بکات ببێتە هۆی بێ هیوابوون بەهۆی سنوری ماوەی کارکردنەکە. | هەرلەسەرەتاوە ئەو گروپانەی کە دەکرێنە ئامانج ناوبەناو زانیاری پێویست و ستاندارد و گشتگیر و رونکردنەوەیان پێدەدرێت. |
| دروستکردنی هەستی سەربەخۆییبوون و کۆنترۆڵ و متمانە بەخۆبوون لەسایەی گونجاندن لە ناوخێزانەکان و سەربەخۆیی بوونی ئابوری | نەبونی گەرەنتی مانەوە لەسەر کار هەستی لەدەستدانی کۆنترۆڵ زیاد دەکات و مرۆڤ بێدەسەلات دەکات و ئەمەش فشاری دەروونی خراپتر دەکات. | پلان و جێبەجێکردنی پێوەرەکان شەفاف و کراوەن دوای ئەو ماوەیەی کە دامەزراندن تەواو دەبێت چالاکی بەدواداچوون دەکرێت ئەویش لەرێگەی دانانی ناوەندەکانی کارکردن و سەنتەرەکانی کۆمەڵگە و پێوەرەکانی راهێنان جێبەجێ دەکرێن. |
| رۆتینێکی رۆژانەی نەگۆر \ کارکردن لەسەر ئاستی رۆژانە توانای بەرگەگرتنی فشارە دەرونیە بەردەوامەکان بەهێزتر دەکات. | پشتبەستن بە رێکخراوەکانی (جێبەجێکار) یەکناگرێتەوە لەگەڵ پێویستی بۆ سەربەخۆبوون. | بەرپرسیارێتی و کۆنترۆڵکردن لەجێبەجێکردنی کارەکاندا دەگوازرێتەوە بۆ دانیشتوانی بەئامانجکراو ئەمەش دەبێتە هۆی کارلێککردنی بەرێزانە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا. |
| بەهێزکردنی هەستی ئەندام بوون یان بوون بەبەشێك لەوانی تر بەهۆی کارکردن لەگەڵ تیم و کۆمەڵگەدا. | کەمی بەشدارپێکردنی خەڵك و گروپە (شکستەبارەکان) دەبێتە هۆی دابران و گۆشەگیری زیاتر. | گروپە نەپارێزراوەکان بەشداریان پێدەکرێت بەجۆرێکی شیاو ئەویش بە گونجاندنی پرۆژەکان لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەوان. |

## ئاسایشی خۆراك – گەشەپێدانی گوندەکان

مافی خۆراك یەکێکە لەو مافانەی کە نابێت زەوت بکرێت و ئەم  مافە یەکلاکەرەوەیە بۆ هاندانی تەندروستی و گەشەپێدانی گشتی.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵ و پشت بەخۆبەستن لەرێگەی گەشەپێدان بۆ ماوەی درێژخایەن ئەویش لەرێگەی پیشەی کەسەکە خۆیەوە. | تەنها جەخت کردنە سەر وردەکاریە تەکنیکیەکان و بارودۆخەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی پشت بەخەڵکی تر بەستن. | ستراتیژی درێژخایەن بۆ ئاسایشی خۆراك دادەرێژرێت، گرنگی بە پێکهاتە و هەرەمەکانی خێزان دەدرێت. |

## کارکردن بۆ ئاشتی – پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەڵایەتیانە

بەهەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوبەشە ناوخۆییەکان وە بەشدارپێکردنی ئەکتەرەکانی تری پەیوەندیدار کاری درێژخایەن دەکرێت بۆ بونیاتنانی ئاشتی و پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەڵایەتیانە لەرێگەی چالاکییە مەدەنیەکان و بەرێوەبەردنی ناتوندوتیژانەی ململانێکان.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| لەرێگەی پرۆسەی (دوبارە) بونیاتنانی ناسنامەوە ئەزموونی پشت بەخۆبەست و هەستکردن بە بوون بە بەشێك لەوانی تر بەهێز دەکرێت. | کەمی بەشداریپێکردن لەناو پرۆژەکاندا هەستی جیاکاریکردن و گۆشەگیر بوون و گرژی لە نێوان گروپەکان و دانیشتواندا دروست دەکات. | هانی کۆمەڵگەی خانەخوێ و دانیشتوانە بەئامانجکراوەکان دەدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکەن لە پرۆژەکاندا وەك یارمەتیدەری خۆبەخشانە. |
| دروستکردنەوەی متمانە و بیرۆکەی بونیاتنەرانە دەربارەی مرۆڤایەتی و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی | دووبارەبوونەوەی نەبونی متمانە و باوەر بەخەڵکانی دیکە و کشانەوەی ئەندامانی کۆمەڵگەی بە ئامانجگیراو یاخود زیادبوونی ململانێ بەهۆی پەراوێزخستن و بەکەمزانینی هەندێك گروپی تر بەهۆی شکستبارِبوونیانەوە. | هەوڵدەدرێت کە بەشێوەیەکی تەندروست خەفەتخواردن پرۆسە بکرێت و دان بە ئازارەکانی تاکەکاندا بنرێت، لەهەمانکاتدا پێکەوە پلان دابنرێت بۆ هاندانی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان گروپەکاندا. |
| هەوڵی سەرکەوتوانە بۆ تێکەشتن لە ئەزمونەکان بەشێوەی دەستەجەمعی و تێکەشتن لە رابردوو و هاندانی هاوسۆزی بەرامبەر بەیەکتر. | دووبارە دروستبوونی زەبری دەروونی بەهۆی رووبەڕووبونەوەی نەیارەکانی پێشوو وە فشاری زیاتر و زووتر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ رابردوو. | باش بیر لە پرۆسە و کاتی ئاشتبوونەوە دەکرێتەوە، پرۆسەکان بەشێنەیی جێبەجێ دەکرێن و ئەگەری ئەوەش دەمێنێتەوە کە کۆتاییان پێبهێنرێت. |
| | | |

## تەندروستی

شانبەشانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، چەندین دەوڵەت و کارەکتەری تری نادەوڵەتی پابەندن بە دابینکردنی پێداویستیە تەندروستیەکان و بەرەوپێشبردنی گشتگیریانەی خزمەتگوزاری و بەتەنگەوەهاتنی تەندروستی, هەروەها لەگەڵ دابینکردنی پەروەردەی تەندروستی.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| بوژانەوە لەڕێگەی زوو ناسینەوە و دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی و دەروونشیکاری و چارەسەری فیزیکی و ئاستێکی بەرزتری ژیان لەسایەی باش گونجاندنی تاك و دەسورەدانەکان. | هەستی بێزار بوون و بێدەسەڵاتی بەهۆی دەستنیشانکردنی نیشانەکان بەهەڵە و وەرنەگرتنی چارەسەر و ماوەی درێژخایەنی نەخۆشی و بەهۆی نەبوونی پەیوەندیەکی دوولایەنانە لەنێوان دروستی دەروونی و جەستەیی (فیزیکی). | کارمەندانی سەرکی بواری تەندروستی ڕاهێنانیان پێدەکرێت دەربارەی پەیوەندی نێوان (دەروونی و دەروونشیکاری) و نیشانەکانی و مێژوی نەخۆشەکان (ئازارەکانیان) و ئەو هۆکارانەی کە فشاری دەرونیان زیاتر دەکات وە میکانیزمێکی کاریگەریان بۆ دادەنرێت. |
| گەڕانەوەی ئەزموونی کۆنترۆڵ و گەشەپێدانی متمانە لە خەڵك و سیستەمەکانی تردا. | نەبونی متمانە و دووبارە دروستبونی هەستی لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەهۆی (دووبارە) بوونەوەی پشکنینەکان و نەبونی شەفافیەت لە بڕیارەکان و ڕەفتاری کارمەندانی چاودێری تەندروستی. | کارمەندانی چاودێری تەندروستی ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکە لێقەوماوەکەدا و نیگەرانیەکانیان بەجۆرێك ڕەچاوەی زەبری دەروونیان بکرێت (بەتایبەتی لەگەڵ زیندانیان و قوربانیانی دەستی ئەشکەنجەدان) |
| باشترکردنی خۆشگوزەرانی و کەمکردنەوەی تانەلێدان و لەکەدارکردن لەسایەی چالاکیەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕێچکەی هەستیار. | ئیهمالکردن و گرنگیپێنەدان دەبێتە هۆی جیاکاری زیاتر و تانەلێدان و لەکەدارکردنی زیاتر. | چالاکیەکانی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ دروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دابین دەکرێت بۆ کۆمەڵگە و کارمەندان هۆشیار دەکرێنەوە دەربارەی ترسی خەڵکە لێقەوماوەکە کە ناووناتۆرەیان نەخرێتە پاڵ و لەکەداریان نەکەن و تانەیان لێنەدەن. |

## حکومڕانی باش – میدیا – ئاسایش – سەروەری یاسا

ئەمانە هۆکارە ئاساییەکانی بڕیاردانن لەلایەن دەوڵەتەوە، دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و دارشتنی سیستەمی یاسایی و دادوەریی و کارکردنی پێکهاتە ئیداریەکان. پێویستە هانی پرۆسەکانی ریفۆرم و چاکسازی بدرێت لەرێگەی پشتگیری کردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی کاریگەرتر و شەفافتر و یاساییتر و شەرعیتر بن لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّت. مەرجی سەرەکی بریتییە لە بەشداریکردنی هەموو دانیشتوان گرنگی زۆر بە راوبۆچونی خەڵك بدرێت.

| سودە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەلاّیەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| هاندانی پرۆسەی خۆگونجاندن و پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەلاّیەتیانە، دروستکردنی ئاسۆی نویٚ بۆ ئایندە. | ئەزموونی تاکەکەسی و گێرانەوە و گوتاری سەرکردە سیاسیەکان دەبێتە ڕێبەری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی رابردوو. دابەشبوونی گروپەکان بۆ گروپی رزگاربوان و گروپی تاوانباران دەبێتە هۆی جیاکاریکردن و گۆشەگیر بوونی تاکە لێقەوماوەکان. | دابینکردنی پشتگیری بۆ دیالۆگ لەنێوان ئەو گروپانەی ئینتیما و بیروبۆچی جیاوازیان هەیە، و پێمان وابێت ئەوان ئامادەن بچنە دۆخێکی لەوشێوەیە. دەسوەردانی تەواوکاریانەی دروستی دەرونی و پاڵپشتی دەروونی ـ کۆمەلاّیەتی ئاستی هاوسۆزیی و ڕەنگدانەوە زیاد دەکات. |
| کەشەپێدانی متمانە کردن بەیەکتر، هاندانی هاوسۆزی بۆ یەکتر لەرێگەی مامەڵەکردن لە گەڵ دانیشتواندا. | راپۆرتکردنی تاکلایەنانە و نوێنەرایەتیکردنی گروپێك و پرسیارکردنی نابەرپرسیارانە و ناهەستیارانە و وەرگرتنی لێدوانی خەڵکە لێقەوماوەکان دەبێتە هۆی زیادەرەویکردن و پێشێلکردنی تایبەتمەندی و سەربەخۆیی بوونی کەسەکان ،ئەگەری پێکداکان زیاتر دەکات و لە ئاکامدا زەبری دەروونی لێدەکەوێتەوە. | بەشێوەیەکی هەستیارانە و بەرپرسیارانە هەوڵی گشتی و هەوڵی سیاسی دەدرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی و ئازارەکانی رابردوو، لەهەمانکاتدا پاراستنی تاکەکان و راپۆرتکردنی هەستیار و بەرپرسیارانەی تایبەت بە ڕووداوەکانی جەنگ و ململانێ یارمەتیدەری پرۆسەی ئاشتبونەوە دەبێت و بەشێوەیەکی چالاکانە بەرەو پێش چوون دێتەدی. |
| دروستکردنەوەی متمانە لەرێگەی ریفۆرمی گشتی دەوڵەت و هەستیار بە شەرو ململانێ و زەبرەدەرونیەکان لەرێگەی رێگەچارەی ئاشتبوونەوە. | زیادبوونی مەترسیەکانی ئاسایش بەهۆی خراپی ئەدای سیستەمی یاسایی دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی هەرەشەکردن و نائارامی . | ترسی لایەنەکان و هەستی خەڵکەکە کاریگەری لەسەر دەکرێت و بەهەند وەردەگیرێت لە میانەی ریفۆرم و چاکسازیەکان لەناو دامەزراوە یاساییەکان و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ رابردوودا. |

## ژێرخان– پێوەرەکانی بونیاتنان– دووباره بونیاتنانەوە

لەڕێگەی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی بونیاتنانەوە کاردەکرێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخان لەمەودایەکی درێژخایەندا ئەویش بەبەشداریکردنی خەڵك و ئەندازیار و کۆمپانیا بیناسازییە ناوخۆییەکان. ئەگەر پێویستی کرد دەسوەردان لەگەڵ پێوەرەکانی ڕاهێنان تەواو دەکرێت. ئامانجەکەش هاندانی ئابوری ناوخۆییە وەلەهەمان کاتدا کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە و پاراستنی سەرچاوەکانە.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
| --- | --- | --- |
| پێوەرەکانی بیناسازی بەپێی پێداویستیەکانی بەکاربەران دەگونجێت، ئەمەش وادەکات ئەوان بەدەسەلاّت بن و خاوەندارێتی بینا نوێیەکان بکەن. | کەمی خاوەندارێتی دەبێتەهۆی وێرانکردن و خراپ بەکارهێنانی بیناکان لەلایەن بەکاربەرانەوە تەنانەت دەبێتە هۆی پێکدادان (بۆ نمونە ئەگەر هاتوو شوێنی گرنگی کەلتوری و فەرهەنگی و ئاینی هەڵبژێرا بۆ شوێنی بیناسازی) | بەکاربەران و پێداویستیە (فەرهەنگیەکانیان) لە پلان و پێوەرەکاندا گرنگی پا دەدرێت و بەهەند لێیان دەڕوانرێت. |
| ناسنامە و هەستی بوون بەبەشێ: لەوانی تر بەهێزتر دەبێت لەڕێگەی دووباره بونیاتنانەوەی ناوچەشارنشینەکان و بەپێی خواستی دانیشتوانەکەیە. | ئەو پێوەرانەی کە زۆر بەخێرا جێبەجێدەکرێن بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخان دەبێتەهۆی وێرانکردنی شوێنەوارە گرنگە مێژووییەکان و ئەمەش ناسنامەی دانیشتوانەکە دەخاتە مەترسیەوە. | تەنها جەخت ناکرێتە سەر بونیاتنانەوەی ژێرخان بەڵکو جەختیش دەکرێتە سەر پاراستنی ناسنامە و بەهاکانی خەڵك و ناسینەوەی گرنگی بینا و شوێنەکان بۆ خەڵکی (بۆ نمونە دووباره بونیاتنانەوەی پرد و پەیوەندیەکان لەنێوان گەڕەکەشارنشینەکاندا). |
| بەکاربەران و گروپە بەئامانجکراوەکان بەشداریان پێدەکرێت لە کاری بیناسازی و هەست بەباشی دەکەن ئەویش لەڕێگەی هەستیاری زەبری دەروونی و جێبەجێکردنەکان لەجیێی حۆیاندان. | فەرامۆشکردنی پێداویستیەکی تایبەت دەبێتە هۆی لاوازبوونی گروپەکان و دوباره ئازاردرانی کەرامەت و شکۆمەندیان. | لە کاتی بیناسازی و دووباره بونیاتنانەوەدا گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە پێداویستیە تایبەتەکانی بەساڵاچوان و ژنان و منداڵان. |
| لە میانەی دابینکردنی دەرفەتی کارەوە ئاسۆیەکی روونتر و سەربەخۆییەکی زیاتر بۆ ئاینده فەراهەم دەبێت | شکستهێنان لە بەشداریپێکردنی خەڵکی ناوخۆدا دەبێتەهۆی کێبرکێ کردن و ململانێ لەگەڵ کرێکارە بەتواناکانی دەرەوە. | پێوەرەکانی گەشەپێدانی تواناکان ڕێکدەخرێت بۆ دانیشتوانە خۆجێیەکە. |
| دروستکردن و پاراستنی شوێنە دەستەجەمعیەکان خزمەتی هاندانی پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەڵایەتی دەکات لەگەڵ ڕووبەڕووبونەوەی لایەنەکانی پێشوتری ململانێکان | وێرانکردنی ژێرخان و دروستکردنی بیناسازی لەوشوێنانەی کە گرنگی و مەغزای سیمبۆلیانەیان هەیە بۆ دەسەلاّتی پۆزەتیف بەبێ بەشداریپێکردنی گروپەخۆجێییەکان. | دانیشتوانە فرەئاینی و نەتەوەییەکان بەشداریان پێدەکرێت لە پلاندانانی پێوەرەکانی بونیاتنانەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی ئاشتبونەوە و نزیکبونەوەی گروپەکانی دانیشتوان لەیەکتری. |
| بەشداریپێکردنی چالاکانە لە پلاندانانی پێوەرەکانی بونیاتنانەوە و نەخشەڕێژکردنی شوێنەکان کە هێما نێگەتیڤن دەبێتە هۆی بەهێزکردن و بەدەسەلاّتکردن و بەشداریپێکردنی ڕزگاربوانی توندوتیژی و چەوسانەوە. | بەهەند وەرنەگرتنی ڕزگاربوانی توندوتیژی لە پلاندانانی پێوەرەکانی بونیاتنان لەو شوێنانەی دەلالەتی نێگەتیڤن دەبێتەهۆی دووبارەبونەوەی بێدەسەلاّتکردن و نامۆبوون و گۆشەگیرکردنی خەڵکی. | ئەو شوێنانەی پەیوەستن بە پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ نمونە ڕزگاربوان بەشداریان پێدەکرێت لە دووباره نەخشە دارشتن و پلاندانانەوە. شوێنێك تەرخان دەکرێت بۆ یادکردنەوەی قوربانیان وە هاندانی هەوڵەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆ نمونە لەڕێگەی ستایلێکی ئەندازیاریەوە کە جەخت بکاتە سەر ڕوناکی و کرانەوە. |

## ژینگە – فرەچەشنەیی ژیان – وزە – کەشوهەوا و ئاو

ئاو سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانە و رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ئاڵنگاریەکانی گۆرانکاری کەشوهەوا. پاراستنی کاراکردنی سیستەمی ژینگەیی پێویستی بەو چالاکیانە هەیە کە پەیوەندیدارن بە ئاو و فرەچەشنەیی و بونەوەرەکان و وزە و کەشوهەواوە.

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| هاندان و بایەخدان بە پێکەوەژیانی (هاوبەندی) کۆمەڵایەتیانە لەرێگەی دابینکردنی ژێرخان بۆ خەڵك بەگشتی و بەکارهێنانی سەرچاوەکان پێکەوە. | کێبرکێکردن لە پێناو سەرچاوەکاندا ئەگەرەکانی پێکدادان و ململانێ زیاد دەکات لەنێوان گروپەکانی دانیشتوان و کۆمەڵگەکان. | پلاندانان بەجۆرێکە ململانێکان بەهەستیاری وەردەگرێت. وەهەموو چالاکیەکانی جێبەجێکردن و پرۆژەکانی ژینگە بە بەشداریپێکردنی زانیاریەکانە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین لە رووبەروو بونەوە و رێگریکردن |
| زیاترکردنی خۆشگوزەرانی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی ژیان لەرێگەی بەرەوپێشبردنی پاکژی و ستاندارد و پێوەرەکانی خزمەتگوزاریەکان لەناو کامپ و کۆمەڵگەکاندا | بەهەندوەرنەگرتنی ئیشنەکردن وەك دەرئەنجامێکی ئەزموونی زەبری دەرونی وادەکات خەڵك گرنگی نەدات بە گۆرانکاری و لەهەندێك باروودۆخدا دەبێتە هۆی رەفتاری زیانگەیاندن بەخود و رەفتاری وێرانکاری و گوێپێنەدان. | هەموو کارمەندان راهێنانیان پێدەکرێت دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی بونیاتنەرانە لەگەڵ گروپەکاندا. ئەمەش هانی خەڵك دەدات زاڵبن بەسەر تەمبەڵی و پێوەرەکانی گرنگیدان بەخود. |
| بەهێزکردنی ژنان و ئەندامانی تری کۆمەڵگە | بەهەندوەرنەگرتنی بەرپرسیارێتی و زانیاریەکانی ژنان دەربارەی سەرچاوەی ئاو و زۆر بەکارهێنان یان زیادەروەی دەبێتە هۆی بێدەسەلاتکردن و بێهیوایی کردنیان. | لە پێوەرەکانی پلاندانانادا رێوشوێنی تایبەت دەگیرێتە بەر سەبارەت بەهەر گروپێکی جیاوازی کۆمەڵگە. لە جێبەجێکردنی پێوەرەکاندا حسابی تایبەت بۆ پێداویستیەکانی ئەو گروپانە دەکرێت. |

## کێشە پەیوەندیدارەکان – مافەکانی مرۆڤ – جێندەر – بەشداریپێکردنی گروپە شکستە بارەکان

| سودە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | مەترسیە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان | باشترین مومارەسە و ئەدای کارکردن |
|---|---|---|
| پاراستن ئەزموون دەکرێت، فشاری دەروونی و هەرەشە و هەستکردن بە تانەلێدان و ناوزراندن کەمدەکرێتەوە. | بەردەوامی تابۆ و قەدەغەکراوەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری جێندەری و ئەشکەنجەدان و بەزۆر دامەزراندن لە ریزەکانی چەکداری و فراندن و بەبارمتەگرتن و چەوسانەوەی منداڵان دەبێتە هۆی پەراوێزخستن و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و پەلاماردانی ناسنامەی رزگاربوان. | پێویستە لەرێگەی توێژینەوە و داکۆکیکردن و دووبارە ژیانەوە ئاکامەکانی توندوتیژی سێکسی و کاریگەریە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی بخرێتە روو هەروەها تاوانبارانیش سزای خۆیان وەرگرن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. |
| هاندان و گرنگیدان بە رێزلەخۆگرتن و متمانە بەخۆبوون و بەهێزکردن و پێدانی دەسەلات بۆ رزگاربووان. | هەستکردن بە بێدەسەلاتی و هەرەشەکانی مەترسی پەلاماردان لە ئایندەدا. | پێوەرەکانی رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی توندوتیژی لە ئایندەدا جێبەجێ دەکرێت ئەویش بە بەشداربوونی چالاکانەی رزگاربوان. |

چاپکراوە ( بڵاوکراوە ) لەلایەن
Deutsche Gesellschaft für
Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

ئۆفیسی تۆمارکراو
Bonn and Eschborn

Friedrich-Ebert-Allee 36 + 40
53113 Bonn / Germany
T +49 228 44 60 - 0
F +49 228 44 60 - 17 66

Dag-Hammarskjöld-Weg 1-5
65760 Eschborn / Germany
T +49 228 44 60 - 0
F +49 228 44 60 - 17 66

E info@giz.de
I www.giz.de

پرۆگرام
Psychosocial Support for Syrian and Iraqi Refugees and IDP

بەرپرسیار
Dr. Judith Baessler, Amman

سەرنوسەر
Johanna Lechner

دیزاین و گرافیکی زانیاری و هێڵکاری
creative republic // Thomas Maxeiner Kommunikationsdesign,
Frankfurt am Main / Germany
www.creativerepublic.de

وێنەکان
Title: © Gehad Gharaibeh, Amman
Illustration: © creative republic & © shutterstock

لە
Amman/Eschborn, 2018

GIZ is responsible for the content of this publication.

بەنوێنەرایەتی کردنی
German Federal Ministry for Economic Cooperation and Development (BMZ)

بەشی 221
Tackling the root causes of displacement; supporting refugees;
Partnership for Prospects (P4P)
Marianna Knirsch

بەشی 301
Middle East II
Dr. Ulrike Hopp-Nishanka

Printed by
Druckreif, Frankfurt / Germany